حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و  توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# پرۆسەی گەیاندن وچالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان لەزمانی کوردیدا

## نامەیەکە خوێندکار
## شلێر ڕەشید عەبدوڵا

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لەپێداویستییەکانی بەدەست هێنانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

## بەسەرپەرشتی
## پ. د. بەکر عومەر عەلی

(٢٧١٥)ی کوردی    (٢٠١٥)ی زایینی

ئەم نامەیە بەچاودێری من لەزانکۆی سلێمانی ئامادە کراوەو بەشێکە لەپێداویستیەکانی پلەی ماستەر لەزمانی کوردیدا.

ناو: پ. د. بەکر عومەر عەلی

ڕۆژ: ٢٠١٥/٦/١٦

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: ٢٠١٥/٦/١٦

**پێشکەشە بە:**

- **ئەو دوو مرۆڤەی، کە بەهیواکانیان سەوزیان کردم (دایك و باوکم).**
- **بە هاوڕێیی ژیانم (ئیبراهیم).**
- **خوشك و برا ئازیزەکانم.**
- **بەو دڵسۆزانەی، کە خزمەتی زمانی کوردی دەکەن.**

# سوپاسنامە

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم،(پ.د.بەکر عومەر عەلی)، کەبەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ، هیوای تەمەن درێژی بۆ دەخوازم.
- بەڕێز(د.ئاڤێستا کەمال)، کەبەدڵسۆزییەوە هاوکاری کردم و بەسەرنج و تێبینییەکانی ڕێنموییان کردم.
- بەڕێزان (د. کاروان عومەر، د. شیلان عومەر)، بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە ئامادەی وەڵام دانەوەی پرسیارەکانم بوون.
- هاوڕێیانی بەڕێزم ( م.سۆران،م.هاوسەر،م.عوسمان ) ماندوونەناسانە هاوکاریان کردم.
- بەڕێز هاوڕێی خۆشەویستم (عاتیکەخان) ،کەلەوەرگێرانی بەشێك لەسەرچاوەبیانییەکان یارمەتی دەرم بوو.
- کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی، بەشی خواستنی نامەکان، بەتایبەت بەڕێز(ڕوقیاخان) بۆ هاوکارییەکانی.

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماکورتکراوەکان | واتاولێکدانەوەکان |
| --- | --- |
| د | دروستە |
| ★ | نادروستە |
| / | یان |
| ~ | هێز |
| ◯ | وەستان |
| >< | مۆرفێم |
| /  / | فۆنێم |
| ((  ....  )) | دەقی وەرگیراو وەکوخۆی |
| + | وەرگر |
| - | نێرەر |
| ڕا | ڕاستەوخۆ |
| ← | دەبێت بە |

# لیستی زاراوەكان

| | |
|---|---|
| Conversation | ئاخاوتن |
| Intonation | ئاوازە |
| Token | ئاماژە |
| Level | ئاست |
| Situation | بارودۆخ |
| Topic | بابەت |
| Age | تەمەن |
| Model | مۆدێل |
| Message | پەیام |
| Paralanguage | ئەودیوزمانی |
| Social Relation | پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان |
| Offer | پێشكەشكردن |
| Apology | پۆزشهێنانەوە |
| Accenting | جەختكردنەوە |
| Context | دەوروبەر |
| Verbal Context | دەوروبەری زمانی |
| Context of situation | دەوروبەری نازمانی |
| Psychological Context | دەوروبەری دەروونی |
| Physical Context | دەوروبەری فیزیكی |
| Text | دەق – نوسراو |
| Language | زمان |
| Information | زانیاریی |
| Style | شێواز |
| Concept | چەمك |
| Activation | چالاكبونەوە |
| Communication | گەیاندن |

| | |
|---|---|
| **Verbal Communication** | **گەیاندنی زمانی** |
| **Non- verbal Communication** | **گەیاندنی نازمانی** |
| **Parole** | **گوتن** |
| **Universal** | **جیهانبینیی** |
| **Formal** | **فەرمی** |
| **Form** | **فۆرم** |
| **Interruption** | **قسەپێبڕین** |
| **Colloquial** | **قسەی ڕۆژانە** |
| **Feedback** | **فیدباك** |
| **Code** | **کۆد** |
| **Channel** | **کەناڵ** |
| **Culture** | **کلتور** |
| **Social culture** | **کلتورە کۆمەڵایەتییەکان** |
| **The Interaction model** | **مۆدێلی کارلێکردن** |
| **The transaction model** | **مۆدێلی ئاڵوێرکردن** |
| **Sender** | **نێرەر** |
| **Informal** | **نافەرمی** |
| **Non linguistic** | **نازمانی** |
| **Inductive** | **هەڵێنجان** |
| **Social factor** | **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان** |
| **Resever** | **وەرگر** |

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | |
| **١/٠ ناونیشان وبواری نامەکە** | ١ |
| **٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە** | ١ |
| **٣/٠ کەرەستەی بەکارهاتوو لەنامەکەدا** | ١ |
| **٤/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە** | ١ |
| **٥/٠ ناوەرۆك و بەشەکانی نامەکە** | ٢ |
| **بەشی یەکەم:**<br>**بەرایيەکانی پرۆسەی گەیاندن** | |
| **١/١ زمان** | ٣ |
| **١-١/١ زمان وپرۆسەی گەیاندن** | ٥ |
| **٢/١ ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن** | ٨ |
| **١-٢/١ نێرەر** | ٨ |
| **٢-٢/١ وەرگر** | ٩ |
| **١-٢-٣ پەیام** | ١٣ |
| **٤-٢/١ کەناڵ** | ١١ |
| **٥-٢/١ کۆد** | ١٢ |
| **٦-٢/١ ژاوەژاو** | ١٣ |
| **٧-٢/١ فیدباك** | ١٣ |
| **٣/١ مۆدێلەکانی گەیاندن** | ١٥ |
| **١-٣/١ مۆدێلی کردەیی** | ١٥ |
| **٢-٣/١ مۆدێلی کارلێکردن** | ١٦ |
| **٣-٣/١ مۆدێلی ئاڵوێرکردن** | ١٧ |
| **٤-٣/١ مۆدێلی داڕێژەر** | ١٨ |
| **٤/١ شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن** | ١٨ |
| **١-٤/١ شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی ئاستەوە** | ١٨ |
| **٢-٤/١ شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە** | ٢٠ |
| **١-٢-٤/١ گەیاندنی زمانی** | ٢١ |

| | |
|---|---|
| ١/٤-٢-٢ گەیاندنی نازمانی | ٢٢ |
| ١/٤-٣ شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی فەرمیبوونەوە | ٢٧ |
| ١/٤-٤ شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی ئاڕاستەوە | ٢٨ |
| ٥/١ مەبەستەکان لەپرۆسەی گەیاندندا | ٢٨ |
| ١/٥-١ موجامەلەکردن و دەستکەوتنی زانیاری | ٢٨ |
| ١/٥-٢ یارمەتیدان | ٢٩ |
| ١/٥-٣ قایلکردن | ٢٩ |
| ١/٥-٤ کاتبەسەربردن | ٢٩ |
| ٦/١ ئەرکەکانی پرۆسەی گەیاندن | ٣٠ |
| ١/٦-١ ئاڕاستەکاری | ٣٠ |
| ١/٦-٢ فێرکاری | ٣٠ |
| ١/٦-٣ هاوپەیوەستی کۆمەڵایەتی | ٣٠ |
| ٧/١ گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی گەیاندن | ٣١ |
| ١/٧-١ گرفتە زمانییەکان | ٣٢ |
| ١/٧-٢ گرفتە دەروونییەکان | ٣٤ |
| ١/٧-٢-١ گرفتەکانی پەیوەست بەنێرەر | ٣٤ |
| ١/٧-٢-٢ گرفتەکانی پەیوەست بەوەرگر | ٣٤ |
| ١/٧-٣ گرفتی فیزیکی | ٣٥ |
| ١/٧-٤ گرفتی کەناڵەکانی گەیاندن ونادروستی هەڵبژاردنی | ٣٦ |
| ١/٧-٥ گرفتی کلتوری | ٣٦ |
| ١/٧-٦ گرفتی فسیۆلۆژی | ٣٦ |
| بەشی دووەم:<br>کاریگەری دەوروبەر لەچالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی ونازمانییەکاندا | |
| ١/٢ دەوروبەر | ٣٧ |
| ١/١/٢ چەشن و جۆرەکانی دەوروبەر | ٣٩ |
| ١/١/٢-١ دەوروبەری زمانی | ٣٩ |
| ١/١/٢-١-١ دەوروبەری زمانی فۆنۆلۆژی | ٤٠ |
| ١/١/٢-١-٢ دەوروبەری زمانی مۆڕفۆلۆژی | ٤٢ |
| ١/١/٢-١-٣ دەوروبەری زمانی سینتاکسی | ٤٣ |
| ١/١/٢-٢ دەوروبەری نازمانی | ٤٤ |

| | |
|---|---|
| ١-٢-١/٢ دەوروبەری دەروونی | ٤٥ |
| ٢-٢-١/٢ دەوروبەری فیزیکی | ٤٦ |
| ٣-٢-١/٢ دەوروبەری کلتوری | ٤٧ |
| ٤-٢-١/٢ دەوروبەری بار/ بابەت | ٤٨ |
| ٥-٢-١/٢ دەوروبەری کۆمەڵایەتی | ٤٨ |
| ٢/٢ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان | ٥٠ |
| ١-٢/٢ هۆکارەکانی چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان | ٥١ |
| ١-١-٢/٢ پێویستی | ٥١ |
| ٢-١-٢/٢ دەرەکی | ٥٢ |
| ٣-١-٢/٢ زمانی | ٥٢ |
| ٢-٢/٢ کاریگەری دەوروبەری زمانی لەچالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا | ٥٢ |
| ١-٢-٢/٢ ئاستەکانی چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی ونازمانییەکان | ٥٣ |
| ١-١-٢-٢/٢ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی فۆنۆلۆژیدا | ٥٣ |
| ٢-١-٢-٢/٢ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی مۆڕفۆلۆژیدا | ٥٤ |
| ٣-١-٢-٢/٢ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی سینتاکسیدا | ٥٤ |
| ٢-٢-٢/٢ فرەواتایی | ٥٨ |
| ٣/٢ کاریگەری دەوروبەری نازمانی لەچالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا | ٦١ |
| ١-٣/٢ کاریگەری ئاینی | ٦١ |
| ٢-٣/٢ کاریگەری سیاسی | ٦٥ |
| ٣-٣/٢ کاریگەری ئابوری | ٦٦ |
| بەشی سێیەم:<br>چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان لە بۆنەو پیشەکۆمەڵایەتییەکاندا | |
| ١/٣ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان | ٦٩ |
| ١-١/٣ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن | ٧٠ |
| ١-١-١/٣ زۆرگوتن/ زۆربلێیی | ٧١ |
| ٢-١-١/٣ کەمدوویی | ٧٢ |
| ٣-١-١/٣ قسەپێبڕین | ٧٢ |
| ٤-١-١/٣ دەنگبەرزکردنەوە | ٧٣ |

| | |
|---|---|
| ٥-١-١/٣ گوێگرتن | ٧٣ |
| ٢-١/٣ بۆنەو پیشە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکبونەوە | ٧٤ |
| ١-٢-١/٣ خوازبێنی | ٧٤ |
| ٢-٢-١/٣ پیرۆزبایی | ٧٨ |
| ٣-٢-١/٣ میوانی | ٨٢ |
| ٤-٢-١/٣ نارەزایی | ٨٥ |
| ٥-٢-١/٣ گلەییکردن | ٨٦ |
| ٦-٢-١/٣ هەڕەشەکردن | ٨٧ |
| ٧-٢-١/٣ توانجلێدان | ٩٠ |
| ٨-٢-١/٣ سەردان کردنی نەخۆش | ٩٢ |
| ٩-٢-١/٣ پاڕانەوە | ٩٥ |
| ١٠-٢-١/٣ سوێندخواردن | ٩٧ |
| ١١-٢-١/٣ دوعاکردن | ٩٩ |
| ١٢-٢-١/٣ جنێودان | ١٠٢ |
| ١٣-٢-١/٣ پۆزشهێنانەوە | ١٠٤ |
| ١٤-٢-١/٣ ڕەتکردنەوە | ١٠٦ |
| ١٥-٢-١/٣ وەسفکردن | ١٠٧ |
| ١٦-٢-١/٣ زەڕەنگەری | ١٠٩ |
| ١٧-٢-١/٣ قەسابی | ١١١ |
| ١٨-٢-١/٣ فرۆشتنی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان | ١١٢ |
| ١٩-٢-١/٣ بەرگدروو | ١١٤ |
| ٢٠-٢-١/٣ بازرگانی | ١١٦ |
| ئەنجام | ١١٧ |
| سەرچاوەکان | ١١٨ |
| ملخص البحث | ١٢٦ |
| Abstract | ١٢٧ |

# پێشەکی

## ١/٠ ناو نیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی ئەم نامەیە بۆ (پرۆسەی گەیاندن و چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان لەزمانی کوردیدا) تەرخانکراوە، مەبەستی سەرەکی نامەکە ، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیە لە چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان و ئاستەکانی چالاکبونەوەو پاشان ڕەنگدانەوەی ئەم چالاکبونەوەیە لەپەیوەندییە کۆمەڵا تییەکاندا.

## ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بایەخدان بەبابەتی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و پەیوەستکردنی خودی ئەم بابەتە (چالاکبونەوەی فۆڕمەزمانی و نازمانییەکان) هەروەها ، کەمی لێکۆڵینەوە لەسنوری زانستی زمانی کۆمەلایەتی ، بەتایبەت لێکۆڵینەوە لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان و پیشاندانی ئاست و هۆکارەکانی چالاکبونەوە هەروەها دەرخستنی کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان.

## ٣/٠ کەرەستەی بەکارهاتوو لەنامەکەدا:

لەم نامەیەدا " زمانی کوردی – دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست – شێوە زاری سلێمانی " بەکارهێنراوە، بۆ نموونەکانیش سود لەفۆڕمە زمانی و نازمانییەکانی ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراوە.

## ٤/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکەی:

لەم نامەیەدا ڕێبازی " شیکاری پەسنکارانە " پەیڕەو کراوە، بۆ ڕوونکردنەوەو بەرجەستە کردنی چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمانیش، کاری مەیدانی ئەنجام دراوە.

## ٥/٠ ناوەرۆك و بەشەکانی نامەکە:

ئەم نامەیە ، جگە لەپێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، لەسێ بەش پێکهاتووە.

## بەشی یەکەم:

تەرخانکراوە بۆ ( زمان و بەرایییەکانی پرۆسەی گەیاندن )، کەچەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە، لەوانە: زمان و پرۆسەی گەیاندن، ڕەگەزەکانی گەیاندن، تیۆرەکانی گەیاندن، هەروەها شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن، کە گەیاندن ڕووندەکاتەوە لەڕووی ئاست و بەکارهێنانی زمان، فەرمیبوون، ئاڕاستەوە. هەروەها مەبەستەکانی پڕۆستەی گەیاندن و ئەرکەکانی و لەکۆتایی ئەم بەشەدا گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی گەیاندن خراوەتە ڕوو.

## بەشی دووەم:

ناونیشانی ( کاریگەری دەوروبەر لەچالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان )ی پێدراوە، کەئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە: دەوروبەر، چەشن و جۆرەکانی، کەدەوروبەری زمانی و نازمانی کاریگەری دەوروبەری زمانی لەچالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان و هەروەها میتافۆڕو فرەواتایی وەك دوو لایەنی ئاکتیف لەچالاککردنەوەی زمان و کاریگەری دەوروبەری نازمانی لەچالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا پیشاندراوە.

## بەشی سێیەم:

بەناونیشانی (بۆنەو پیشە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان)ە، دوابەشەو کاری پڕاکتیکی و مەیدانی تێدا پەیڕەو کراوە، لەم بەشەدا کار بۆ کۆکردنەوەی ئەو دەربڕینانە کراوە، کەلەبۆنەو پیشە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەهێنرێت، چونکە خودی بۆنەو پیشەکان لەئەنجامی بەریەککەوتنی زۆر لەنێوان تاکەکاندا، هەروەها دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکانی تێدا چالاکترەو مەودای چالاکبونەوەکەی فراوانترە، لە کۆتایی نامەکەدا ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووین بەچەند خاڵێك خراوەتە ڕوو، پاشان لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان و کورتەی نامەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

# بەرابیەکانی پرۆسەی گەیاندن

## ١/١) زمان

زمان ئەو ئامرازە ئالۆزەی مرۆڤە، كەوەك هەموو ئەو ڕەفتارانەی لەژیاندا فێر دەبێت، زمانیش فێر دەبێت، مرۆڤ لەپێناو هەڵكردنی لەژینگە كۆمەڵایەتییەكەیدا، وەك بەشێك لەخۆی پاراستوویەتی، زمان گەورەترینو بەهێزترین خاڵی جیاكەرەوەیە، كەمرۆڤ لەگیانلەبەرانی تر جیادەكاتەوە، بۆیە لەپێناو گەیاندنو گواستنەوەی بیرەكانو دەربڕینی هەستو سۆزو دروستكردنی پەیوەندیو دەستەبەركردنی پێویستییەكانی ژیان، مرۆڤ (زمان)ی وەك هۆكارێكی گەیاندن بەكارهێناوە، ((گرنگترین داهێنانەكانی مرۆڤ بەدرێژایی سەدەكانی ژیان، كەلەئەنجامی پێویستییەكانی تاكو كۆمەڵ لەپرۆسەیەكی ڕێككەوتنی كۆمەڵایەتیدا دروستبووەو گەشەی كردووە، زمانە ))[١]. هەروەها زمان بەرهەمی كۆمەڵایەتییەو، بەرهەمی تاكە كەس نییە، چونكە زمان لەبەركەوتنی كۆمەڵەوە دروست دەبێت ( فەردیناد دیسۆسێر ) دەڵێت: (( زمان بەرهەمی كۆمەڵایەتی هاو زمانانەو كۆمەڵە ئاكارێكی پێویستە، كەكۆمەڵ بۆ یارمەتیدانی تاكەكانی دایهێناوە))[٢]. هەروەها زمان هۆكارێكی گرنگی دروستبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە، ((زمان هۆكاری گەیاندنو دروستبوونی پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكانە ))[٣]. زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی دەروونیە، جیاوازە بەپێی جیاوازی شارستانیو مرۆڤایەتی، ئەگەر بێین چەمكێكی فراوانو گشتی بۆ زمان لەبەر چاو بگرین، دەتوانین بڵێین (( هەر جۆرە نیشانەیەك، كەزیندەوەرێك بتوانێت لەڕێگەیەوە دۆخو واتاكانی نێو هۆشی خۆی پێبگوازێتەوە بۆ نێو هۆشی بونەوەرێكی زیندووی تر، پێی دەوترێت زمان ))[٤]. هەروەها مرۆڤ لەدێر زەمانەوە زمانی وەك كەناڵێك بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونەكانی بەكارهێناوە، بۆیە دەوترێت زمان بریتییە: ((لەسیستەمێك ئاماژەو هێمای دالی ڕێكخراو، هەر ئاماژەو دالێكیش، خاوەنی مانای دیاریكراوی تایبەتی خۆیەتی،شێوازێكە لەشێوازەكانی دەربڕینو گەیاندنو تێگەشتن لەنێوان

---

١ - شاخەوان جەلال فەرج(٢٠١٣: ٣٦)

٢ - یۆئیل یوسف عزیز( ١٩٨٨: ٢٧)

٣ - حسن أنوەری، یوسف عالی عەباس اياد( ١٣٨٩: ١٢)

٤ - سیروان جەبار زەندی (٢٠٠٣ : ٢٣٣).

مرۆڤەکاندا)).[1] هەروەها سەبارەت بەزمان دەوترێت: ((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەشتن))[2]، هەروەها زمان :(( وەسیلەیەکە بۆ دەربڕینی هەستو سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵ ))،[3] سەبارەت بەگرنگترین ئەرکی زمان وا پێناسەدەکرێت، کە(( زمان ڕێکخستنێکی بنەڕەتییە بۆ دروستکردنی گەیاندن ))[4]، کەواتا یەکێك لەگرنگترین ئەرکەکانی زمان ڕێکخستنی هۆکارەکانی گەیاندن ودروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها زمان وەك کەناڵێکی گەیاندن دەبینرێت لەناو مرۆڤەکاندا بەوەی، کە((ڕێکخستنێکی دیاریکراوە لەڕەمز ئامانجی سەرەکی دروستکردنی پەیوەندیو گەیاندنە)).[5] لەپێناسەکانەوە دەردەکەوێت، کەئەرکی ( گەیاندن ) گەورەترین ئەرکی زمانە، مرۆڤ بەردەوام لەهەوڵی دەستەبەرکردنی ئەم ئامرازە بووە، چونکە کاتێ بەدەوروبەری خۆی ئاشنا دەبێت ئەوا دەست دەداتە گەیاندنی هزرو بیرو بۆچوونەکانی خۆی، بەڵام مرۆڤ (( ناتوانێت ئەم ئامرازانە بەدەست بێنێت، مەگەر لەتوانا هەستییەکانی خۆیەوە نەبێت، کە تاکە ئامرازێکن بۆ کارتێکردن لەتاکەکانی تری کۆمەڵگا))[6]، لێرەدا ئەمە بەو مانایە نییە، کەزمان ئەرکی تری نەبێت، بەڵکو زمان کۆمەڵێ ئەرکی گرنگی تری هەیە، کە داواکردن، ڕازیکردن، دەربڕینی هەستو خۆشەویستی بەرامبەر تاکەکان، هەروەها هەندێ کات مرۆڤ زمان بۆ جێخۆشکردن، شوێنگرتن لەناو خەڵکیداو ڕازیکردنیان بەکاردێنیت، چونکە مرۆڤ تەنها لەبازنەی پەیوەندییەکانەوە دەتوانێت، بەردەوامی بەبوونی خۆی بدات، ئەم بەردەوامییەش تەنها لەڕێگەی زمانەوە دەبێت.

---

١- ڕێبین ڕەسول ، وریا عەزیز ( ٢٠٠٤ : ١٧٠ )

٢- محەمەد مەعروف فەتاح ( ١٩٨٤ : ٥ )

٣- عبدالسلام مسدي ( ١٩٨٦ : ١٧)

٤- مجد الهاشمی ( ٢٠٠١ : ١٤ )

٥- سەرچاوەی پێشوو ( ٢٠٠١ : ١٤ )

٦- سەلام ناوخۆش ، نەریمان خۆشناو ( ٢٠١١ : ١٩)

## ١/١-١) زمانو پرۆسەی گەیاندن

کردەی گەیاندن* بەدیارترین ئەرکەکانی زمان دادەنرێت، مەبەستی سەرەکی لەداهێنانو بەکارهێنانی زمان لەیەکگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤەو پەیوەندیکردنە بەخەڵکی هاوزمانەوە، بەواتایەکی تر زمان:(( بۆ گەیاندنو پەیوەندیکردنە لەگەڵ دەوروبەردا))[١]، سەبارەت بەبنچینەی زاراوەی ( communication ) بۆ وشەی ( communis )لاتینی دەگەڕێتەوە کە، بەمانای ( common ) واتا گشتی / هاوبەش / گەیاندن دێت ))،[٢] واتا ( گەیاندن )*وەك پرۆسەیەکی هاوبەش تێگەشتن لەبیرۆکەیەك / هەستێك / کردارێك دێت. پێناسەکانی کردەی گەیاندن بەپێی جۆراو جۆری بوارەکانی بایەخپێدانی توێژەران جۆراو جۆر بووە، بۆیە لێرەدا چەند پێناسەیەکی ئەم کردەیە دەخەینە ڕوو: گەیاندن: (( گواستنەوەی زانیارییە لەنێرەرەوە بۆ وەرگر ))[٣]، هەروەها گەیاندن (( ئەو پرۆسەیەیە، کە نێرەر لەڕێگایەوە چەند ورياکەرەوەيەك دەنێرێت، کەزۆر جار لەهێمای زمانی پێکهاتووە، بەمەبەستی هەموارکردنی ڕەفتاری تاکەکان، کەوەرگری پەیامەکەن ))[٤]، هەروەها ئەم چەمکە لای ( چالزمۆریس ) ((پرۆسەیەکە مامەڵە لەگەڵ هەموو بارودۆخێکدا دەکات، کەبەشداربوونی ژمارەیەك وەرگر لەبابەتێکی دیاریکرودا فەراهەم بکات))[٥].هەروەها بەبۆچوونی (مۆسکۆڤیسی) کردەی(( گەیاندن بریتییە لەو نامە زمانیو نازمانییانەی (وێنە = ئاماژانە )ی لەنێوان تاكو کۆمەڵەکاندا ئاڵوگۆڕ

---

*- زاراوەی ( communication ) بەبۆچونی ( محەمەدی مەحوی چەند واتایەکی لەخۆیدا هەڵگرتووە ، کە ( لەیەکگەیشتن ) سەرەکییانەو ( گواستنەوەی زانیاری و گەیاندن ) لەڕێی هێماو زمانەوە دەبەخشێت .

١- محەمەد مەعروف فەتاح ( ١٩٨٤ : ١٨ )

٢- ابراهيم ابو عرقوب ( ١٩٩٣ : ١٧ )

*- ئێمە وشەی ( گەیاندن ) مان بەرامبەر ( communication ) بەچاك زانی ، ئەگەرچی هەندێ لەنوسەران وشەی ( پەیوەندیکردن ) یان ( پەیوەندی بەستن )یش بەکاردێنن .

٣- http://srckrlibblogstop.com/٢٠٠٨

٤- سعاد جبر سعيد ( ٢٠٠٨ : ٩ )

٥- سعاد جبر سعيد ( ٢٠٠٨ : ٩ )

دەكرێن‌و گەیاندنی زانیاری‌و كارتێكردنە لەوانی تر ))،[1] لەم كردەیەدا دەبێت نێرەر پەیامەكەی لەشێوەی چەند ڕەمزێك یان چەند وشەیەكی دیاریكراودا بخاتە ڕوو ئەم چالاكییەش پێویستی بەهۆكار هەیە، سروشتی هۆكاریش كاریگەری بەسەر ڕەمزە زمانییەكانەوە هەیە. هەروەها گەیاندن پرۆسەیەكی دوولایەنەیە، كەلایەنی دەروونی‌و كۆمەڵایەتی نێرەرو وەرگر مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن. هەر لەم بارەیەشەوە دەوترێت گەیاندن (( پرۆسەیەكی ئاڵۆزە، چالاكییەكی مرۆیی‌و دەروونی كۆمەڵایەتییە، لەڕێگەی بەكارهێنان‌و گۆڕینەوەی ڕەمزەوە. ))،[2]هەردوو ڕەهەندی دەروونی‌و كۆمەڵایەتی كارلەیەكتردەكەن ئەم كارلێكردنانەش لە (( ناردن‌و وەرگرتنی پەیام و دركپێكردن‌و تێگەیشتنی پەیامەكە، بەشدار بوون‌و هاودەنگی پەیامەكەیە))[3]، بەجۆرێك، كە هەندێك جار (( لایەنی كۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دەربڕینی چەندین وشەو ڕستە، كەبەلایەنی دەرونییەوە پەیوەستن ))[4]. هاوكات ( دیكارت واندی ) لەڕووی هونەرییەوە لەپرۆسەكە دەڕوانێت و دەڵێت: (( پرۆسەیەكە سەرچاوەیەكی جۆری دەوێت لەڕێگەیەوە وروژاندن‌و بەدەمەوە هاتنێكی جۆری دروست بكات لەلای وەرگرێكی جۆری ))[5]، واتا پرۆسەیەكی ئامانجدارو ویستراوەو لەڕێگەی چەند ڕەگەزێكی دیاریكراوەوە جێبەجێ دەكرێت.

هەروەها خودی ئەم پرۆسەیە بەریەككەوتنێكە بێگومان كارلێكردنی تێدایە، زانایانی كۆمەڵناسی پرۆسەكە بەڕواڵەتێكی كۆمەڵایەتی گرنگ دادەنێن، كەڕۆڵی هەیە لەپتەوكردنی كۆمەڵگاو دروستكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان. لێرەوە ((شرام))جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە(( كۆمەڵگای مرۆیی لەسەر چەند پەیوەندییەك بیناكراوە، كەگرنگترینیان (گەیاندن )ە ئەوەش تاكەكانی كۆمەڵ بەیەكەوە كۆدەكاتەوەو پێویستییەكە لەپێویستییەكانی

---

١- محەمەد تەها حوسین ( ٢٠١٣ : ١٤ )

٢- Little john , stephn (١٩٧٨ : ٣٧٥ )

٣- ئازاد رەمەزان ( ٢٠٠٩ : ٧٦ )

٤- خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول ( ٢٠٠٨ : ١٢٢ )

٥- مصطفى عبدالعزيز البنداري ( ٢٠١٣ : ٨٩ )

ژیانی كۆمەڵایەتی خۆی وەك هێزێكی نادیار/جادوو/ هێزێكی ڕەها))[١]، پرۆسەی گەیاندن كردارێكە پەیوەستبوون لەنێوان ئەندامانی كۆمەڵگا دروست دەكات، بەبێ گوێدانە قەبارەی كۆمەڵگاو سروشتی پێكهاتنیو ئاڵوگۆڕی زانیاریو بیرەكان، لەم بارەیەوە ( كۆڵن شیری ) وا پێناسەی گەیاندن دەكات، (( پێوەرێكە تیایدا نێرەرێكو وەرگرێك كارلێكدەكەن لەناوەرۆكێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا، گواستنەوەی بیروڕاو زانیاری لەبابەتێكی دیاریكراودا بەئەنجام دەگات))[٢].چەند پێناسەیەكی تری گەیاندن جەخت لەسەر پرۆسەی كارلێكردن لەنێوان ڕەگەزەكانی (گەیاندن) دەكاتەوە لەوانەش ( جۆرج لندبێرگ )، دەڵێت: (( پرۆسەی گەیاندن بریتییە لەكارلێكردن بەهۆی هێماو ئاماژەكانەوە ،كە وەك وریا كەرەوەیەك یان وروژێنەرێك كار دەكات لەسەر ڕەفتارێكی دیاریكراوی وەرگر ))[٣]. هاوكات(نۆبەرت وینەر)چەمكی كارلێكردنی لەگەیاندندا فراوانتر كردووە، بەشێوازێك كارلێكی ئامێرەكانیش بگرێتەوە، ئەو ئەوا دەبینێت، كە (( گەیاندن بەمانا بەرفراوانەكەی هەموو ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتە خۆ، كەبەهۆیەوە دەكرێت ئەقڵێكی مرۆیی كاربكاتە سەر ئەقڵێكی تر یان ئامێرێك كار بكاتە سەرئامێرێكی تر))[٤]. كەواتا گەیاندن پرۆسەیەكە بەهۆیەوەگواستنەوەی زانیاریو بیرۆكەكان واتا ( پەیام ) ڕوودەدات لەنێوان كەسێك، كۆمەڵێك / نێرەر بۆ كەسێك یان كۆمەڵێك / وەرگر لەڕێگایەكی دیاریكراوەوە كەناڵی گەیاندن بەمەبەستی ئامانجێكی دیاریكراو، سەركەوتنی كردەی گەیاندن پەیوەستە بەتێگەشتنی ( وەرگر ) بۆ پەیامەكەی ( نێرەر )، كە چۆن ڕەفتار لەگەڵ پەیامەكەدا دەكات، وەك چۆن نێرەر پێشبینی دەكات، چونكە بەتەنیا (( هاوزمانی نێرەرو وەرگر بەس نییە، بۆ تێگەشتنی پەیام، بەڵكو پێویست بەشارەزاییو هاوبەشیش دەكات، ئەم شارەزاییەش كاتێ دێتە ئاراوە ،كە نێرەرو وەرگر سەربەهەمان ژینگەی كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بن، ئەمەش پێویست بەبوونی چوارچێوەیەكی واتایی هاوبەش دەكات لەنێوان نێرەرو وەرگر))[٥]. بۆ ئەوەی

---

١- مصطفى عبدالعزيز البنداري ( ٢٠١٣ : ٨٩ )

٢- فلاح كاظم المحنه ( ٢٠٠١ : ٢٠ )

٣-جمال مجاهد ، شدوار شبه ، طارق الخليفي ( ٢٠٠٦ : ٢٦ )

٤- سەرچاوەی پێشوو( ٢٠٠٦ : ٢٧ )

٥- ئازاد ڕەمەزان ( ٢٠٠٩ : ٧٦ – ٧٧ )

پرۆسەی گەیاندن جێبەجێ ببێت پێویستی بە چەند ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ کاراکردن و بەردەوام بوونی پرۆسەکە، کەبریتین لە:

### ٢/١ ) ڕەگەزەکانی پرۆسەی گەیاندن:

لەپرۆسەی گەیاندندا چەند ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لەدروستکردنی پەیوەندییەکەدا، کەئەوانیش ( نێرەرو وەرگر )ن ،( ڕۆڵی نێرەر لەواتا هۆشەکییەکانەوە دەست پێدەکات، لەگۆکردن بەدەنگ کۆتایی دێت، بەڵام ڕۆڵی وەرگر لەگوێگرتن لەنێرەرو تێگەشتنی واتا هۆشەکییەکان)[١]، لەپرۆسەی گەیاندندا چەند ڕەگەزیك بەمەبەستی گۆڕینەوەی بیر، زانیارییەکان، کارتێکردن بەشداری دەکەن ،کەئەمانەن:

### ٢/١- ١ ) نێرەر:

نێرەر سەرەکیترین ڕەگەزی پرۆسەی گەیاندنە، کەدەست دەکات بە ناردنی بیرۆکەو زانیاری لەمییانەی ئەو پەیامەی، کەئامادەی کردووە، شارەزایی نێرەر لەبنەما کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، دابوونەریتەکانی کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیام دەبێت لەبەرامبەر وەرگردا، چونکە هەر کاتێ (( وشەو ڕستە بکەوێتە دەستی ( نێرەر ) ئەوا تێکەڵی هەستو سۆزی دەبێت، چونکە ژیانو ڕەوشتی مرۆڤ تۆڕێکی هەستییە بەرامبەر خودی خۆیی‌و کەسانو شتی دەوروبەر)).[٢] ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەئاڕاستەکردنی پەیام کەسێك یان چەند کەسێکە، کە(نێرەرە) نێرەر لەوانەیە کەسێکی ئاسایی، یا مەعنەوی بێت واتا (داموو دەزگاو، وەزارەت... هتد)، هەروەها(( ئەو کەسەیە دەستپێشخەری گەیاندنەکە دەکات، هەڵدەستێت بەئاڕاستەکردنی پەیامەکەی بۆ کەسێك یان چەند کەسێك)[٣]، کەواتا نێرەر ئەرکی ئامادەکردن و ڕێکخستنی پەیامی دەکەوێتە سەرو پاشان هەڵبژاردنی کەناڵێکی گونجاو بۆ گەیاندنی پەیامەکە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر وەرگر دروست بکات. کەواتا (( پرۆسەکە لای ئەوەوە بەبیرۆکەیەك دەست پێدەکات، پاشان بەشێوەی وشە، یاجوڵەو نیشانەی ( زمانی‌و نازمانی )

---

١-ئازاد ڕەمەزان ( ٢٠٠٩ : ٧٥ )

٢- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١١ : ١١٤ )

٣- سەمیرە ئەحمەد ( ٢٠٠٨ : ١٣٥ )

ئاڕاستەی وەرگری دەکات))[1]. لێرەدا نێرەر بەهاوکاری وەرگر لەگەیاندنی پەیامەکەی بەردەوام دەبێت ئەم بەردەوامییەش پێویستی بەرەچاوکردنی سێ هەنگاو هەیە[2]

١. هەنگاوی پەخشکردن: (The screening step)

لەم هەنگاوەدا هەموو ئەو هێمایانەی لەتواناو لەبەردەستدا بن دەیاننناسینەوەو هەموویان لەسە ڕووتەختێك نمایش دەکرێن لەئاوەزدا بۆ ناسینی هەریەك لەزانیارییە هاتوو ڕۆیشتووەکانو دۆزینەوەی ئەزموونو کلیلەکان.

٢. هەنگاوی نەخشەکێشان: ( The Mapping step )

لێرەدا کلیلە دەرکردەکان کاردەکەن بەپێی ئەو مەودا داواکراوەی لەهەنگاوی یەکەمدا بۆیان دیاریکراوەو پێشی دەگوترێت ئامادە بوون بۆ وەڵامدانەوەو چنینی ئەو مەبەستو بابەتەی قسەکەر دەیەوێت قسەیان لەسەر بکات.

٣. هەنگاوی پاسیف: ( The passive step )

ئەم هەنگاوە ڕێگە بەپرۆسەکانی تردەدات، بەشێوەیەکی سانایانەو لەهەلومەرجو بارێکی دیاریکراودا جێگیر ببن، هەروەها یارمەتیان دەدات بۆ هاتنە دەرەوە.

٢/١ -٢ ) وەرگر:

وەرگر ڕەگەزێکی گرنگی پرۆسەی گەیاندنە، (( ئەو کەسەیە کەنێرەر پەیامەکەی ئاڕاستە دەکات، وەرگر هەوڵدەدات واتای کۆدکراو شیبکاتەوەو بیرۆکەکان بەیەکەوە پەیوەند بکات بەلێکدانەوەی واتاو ئاڕاستەی پەیام کاردانەوە لەلای وەرگر دروست دەبێت))،[3] کاتێك وەرگر پەیامەکە وەردەگرێت، ئەگەر (( بەئاسانی لەمەبەستی نێرەر تێنەگەیشت ئەوا ئەرکی مێشك قورستر دەبێت وپێویستی بە تێگەشتنی قوڵ دەبێت، کەزۆر گرانەو لەوانەشە ئەستەم بێت، بۆیە لەم کاتەدا وەرگر پەنا دەباتە بەر ئەم سێ قۆناغە))،[4]

---

١-جۆلی ئەسعەد ( ٢٠١٣ : ٣٦ )

٢- ئاڤێستا کەمال ( ٢٠١٢ : ٢٩ )

٣- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ٣٥ )

٤- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٩ : ٤٠ )

١. لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی لەڕێگەی واتای وشەو لێکدانیان.
٢. بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی، کەتیایدا گوتراوە تابزانێت دەگونجێت یا نا.
٣. ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاری کەسی وکلتوری.

بۆ ئەوەی کاریگەری نێرەر لەسەر وەرگر دروست بێت، جا وەرگر تاك / گروپ بێت پێویستە بەقۆناغەکانی کارتێکردندا تێپەڕ بێت ئەوقۆناغانەش بریتین لە:[1]

١- ڕاکێشان: بریتییە لە بانگهێشتکردن وهاندانی وەرگربۆ وەرگرتنی پەیامەکەی.
٢- گرتن وپەرۆشکردن: بریتییە لەکردەی بەستنەوەی وەرگربە ناوەرۆکی پەیامەوە.
٣- لایەنگیری و ڕازیکردنی عەقڵی: بریتییە لەسەرقاڵکردنی هزرو بیری وەرگر بەلایەنگیری بۆ بیرۆکەو هەستەکان، کەناوەرۆکی پەیام لەخۆدەگرێت.
٤- گۆڕانکاری لەبیرکردنەوەو ڕەفتاردا: (( بریتییە لەگۆڕانکاری لەبیرکردنەوەدا لەئەنجامی لایەنگیریو ڕازیکردن، کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەڕەفتاردا بەپێی ئامانجەکانی پرۆسەی گەیاندنەکە )).[2]

## ٢/١- ٣ ) پەیام:

پەیام ((یەکێکە لەو ڕەگەزانەی نێرەر لەسەرچاوەیەکەوە وەریدەگرێت، بەیارمەتی ئیشارە / بروسکە پاش ئەوەی دەیگۆڕێت بۆ کۆد " زمان " وبەواتایەکەوە گرێدەدرێت لەشێوەی " دوان / دەق " ێك، لەڕێی کەناڵێکی دیاریکراوەوە بۆ وەرگری دەنێرێت))،[3] پەیام هەڵگری واتاو مەبەستێکە، کەدەکرێت (( دەنگی بێت وەکو قسە/ وێنەی بێت وەك نوسین/ جوتەو ئاماژەو ڕەنگ بێت)).[4] بەگشتی چالاکبونی پرۆسەی گەیاندن پەیوەستە ( بەقەبارەی زانیاریەکانی

---

١- Berelson and steiner ( ١٩٦٤ : ٢٥٨)
٢-صالح خليل ابواصبح ( ٢٠٠٤ : ١٥ )
٣-هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب ( ٢٠١٤ : ٦٧ )
٤- صالح خليل ابوا اصبح ( ١٩٩٩ : ١٢ )

پەیام، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیریو کلتوری وەرگر)[١]، چونکە ئەگەر وەرگر شارەزای نەبێت یان لەپەیامەکە تێنەگات، ئەوا هەرچەندە پەیوەندییەکە دروست دەبێت، بەڵام ڕەنگە پرۆسەی گەیاندنەکە سەرکەوتوو نەبێت، بۆیە نێرەر هەوڵدەدات پەیام ڕوونو ئاشکرا بێتو کاردانەوە لەلایەن وەرگر دروست ببێت، هەرچەندە مەرج نییە((هەمیشە لەکاتی گەیاندنی گوتراوەکان ڕاستەوخۆ کاردانەوە لەلایەن گوێگرەوە دروست ببێت، هەروەکو لەکاتی پێشکەشکردنی هەندێ بەرنامەی تەلەفیزۆنیو وتاری مامۆستایانی ئایینی لەڕۆژی هەینی لەمزگەوتەکاندا پێشکەش دەکرێت))،[٢]کەواتا مەرج نییە ڕاستەوخۆ دوای گەیشتنی هەمووپەیامێك کاردانەوە دروست ببێت، بەڵکولەهەندێك کاتدا شێوازی گەیاندنی پەیامەکە ڕێگە بەکاردانەوەی وەرگر نادات.

**٢/١ - ٤) کەناڵ:**

هەموو پەیام ناردنێك پێویستی بەوەیە، کە بگاتە وەرگر ئەمەش لەڕێگەی کەناڵێکەوە دەبێت، کەناڵیش ( ئەو کەرەستە فیزیکییەیە، کەنێرەرو وەرگر بەیەك دەگەیەنێت)[٣]، پەیامی کردەی گەیاندن لەڕێگەی هۆکارێك دەگوازرێتەوە بۆ وەرگر، کەناڵیش بەپێی جۆری گەیاندنەکە جیاواز دەبێت (( کەناڵی کردەی پەیوەندی – لەیەکگەیشتی زمانی ( بەزمان ) شەپۆلی لەرەیە، نێرەری بێتەلو وەرگری بێتەل لەڕێی شەپۆلی بێتەلەوە بەیەکەوە بەستراون ))،[٤] لەڕێگەی ئەم کەناڵەوە زنجیرەی دەنگو شەپۆلی لەرە دەگوازرێتەوە، هەروەها((ئەو کەناڵانەی توانای گواستنەوەی پەیامی هەیە لەنێرەرەوە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك وەك کتێب، ڕۆژنامە، سینەما، ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن))،[٥] هەڵبژاردنی جۆری کەناڵ لەسەر نێرەر وەستاوە، هەروەها

---

١-سعاد جبر سعيد ( ٢٠٠٨ : ٣٠ )

٢- ناز ئەکرەم سەعید ( ٢٠١٣ : ١٦ )

٣- هێرۆ ئەحمەد حمە غەریب ( ٢٠١٤ - ٧٢ )

٤- محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٩ - ٣٥ )

٥- فاروق ناجی محمود ( ٢٠٠٩ : ٤٦ )

سروشتی پەیامو کەسی وەرگریش هۆکارن بۆ دیارکردنی جۆری کەناڵ، بەڵام بەکارهێنانی زیاتر لەیەك کەناڵ ڕادەی سەرکەوتنی پەیام زیاتر دەکات.

**٢/١- ٥) کۆد:**

هەڵگرو گوێزەرەوەی زانیارییەکانی پەیامە (( ئەو کەرەستانە/فۆڕمانەن، کەلەپاڵ یەکتریدا ڕیزدەکرێن بۆ ئەوەی فرێزو ڕستەو دانەی تریان لێبێتە بەرهەم کاتێ بەم کۆمەڵە فۆڕمە دەگوترێت ( کۆد ) کەواتا داربن))[١]،هەروەها ((کۆد چەند توخمو کەرەستەیەکن، دەتوانرێت لەیەکبدرێنو لێیان توخمی نوێو ئاڵۆزتر لەزماندا بەرهەمبهێنرێت))[٢]، هەروەها کەرەستە زمانییەکان لەلێکدانی دەنگو فۆڕمەکانی زمان بەرهەمدەهێنرێت.  پاشان نێرەر ئەم کۆدانە لەشێوەی شریتێکی دەنگی ڕێکدەخاتو لەپەیامێکدا ئاڕاستەی وەرگری دەکات، هەروەها ((بەجفرەکردن لەتیۆری زمانەوانی گفتوگۆکردنو لەیەکگەیشتن ( گەیاندن) کردەو ڕەوتی گۆڕینی تەسەوڕەکانە بۆ هێماکانی زمان یان گۆڕینی دەربڕینەکانی پێڕەوی هێمایە بۆ دەربڕینی/ڕەوشی هاونرخی پێڕەوێکی دیکەو ئینجا دەکرێت بەشەپۆلە دەنگی یاسا بەندو دەنێردرێت بۆ وەرگر))[٣]، هەروەها دەوروبەر گرنگی گەورەی هەیە لەبەردەوام بوونی پرۆسەی گەیاندن، چونکە نێرەر بیرەکانی پەیوەست بەدەوروبەرەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکات بەهەمان شێوە، وەرگریش ناتوانێت بەبێ دەوروبەر لەواتای دەربڕاوەکان بگات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕەنگە بەشێك لەپرۆسەکانی بەرهەمهێنان سەرکەوتوو نەبن، ئەگەر وەرگر پەیوەست بەو دەوروبەرەی تێیدایەتی لێی تێنەگات، چونکە دەربڕینەکان واتا لەدەوروبەرەوە وەردەگرن))[٤]. هەر لەبەر ئەمەیە کۆد بەرەگەزێکی گرنگی پرۆسەی گەیاندن دادەنرێت، کەبەپێی کاتو شوێنو ناوچە جیاوازە، بەڵام گرنگتر ئەوەیە، کە لەنێوان ( نێرەرو وەرگر )

---

١- محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ١٢٧ )

٢- محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٩ : ١٣٩ )

٣- سەرچاوەی پێشوو( ٢٠٠٩ : ١٤٠ )

٤- ئاڤێستا کەمال ( ٢٠١٢ : ٢٨٦ )

کۆدی هاوبەش هەبێت، ئەگەر کۆد هاوبەش نەبێت، ئەوا پرۆسەی لەیەکگەیشتنو بەردەوامێتی قسە بەتەواوی سەرکەوتوو نابێت.

٦-٢/١ ) ژاوەژاو:

بەڕەگەزێکی ناجێگیری پرۆسەی گەیاندن دادەنرێت، چونکە مەرج نییە لەهەموو بارێکی گەیاندندا دروست بێت، ژاوەژاو بەیەکێك لە لەمپەرەکانی بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی گەیاندن دادەنرێت، کەئاستەنگ دەخاتە بەردەم تەواوبوونو بەئەنجام گەشتنی پرۆسەکە.

لەزانستی گەیاندندا دەکرێت ژاوەژاو بەوە پێناسە بکەین:((کەوەرگر ناتوانێت هەمان ماناو مەبەستی نێرەر لەپەیامەکەدا دەست بخات )).[١] زمانەوانەکانیش بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشیانکردووە، کە (ژاوەژاوی تەکنیکی و ژاوەژاوی واتاییە )، بەڵام لەلێکۆڵینەوەکانی دواتردا چەند جۆرێکی تر ژاوەژاویان دەستنیشان کرد، کە ژاوەژاوی دەروونیو ژاوەژاوی جەستەییە ) بۆ نمونە: بەرزیو نزمی دەنگ لەکاتی قسەکردندا دەبێتە ژاوەژاوێکی تەکنیکی، کاتێ گرێ یا ڕستەیەك بەهۆی ئاستی وشەسازی ئاوازەوە زیاتر لەیەك واتا هەڵدەگرن، ئەمەش دەبێتە جۆرێك لەژاوەژاوی واتایی، هەروەها ترسو شەرم لەکاتی قسەکردندا جۆرێك لەژاوەژاوی دەروونی دروست دەکات، هەروەها نەخۆشییەکانی کۆئەندامی ئاخاوتنی مرۆڤ یان نەخۆشی ئەندامی بیستن جۆرێك لەژاوەژاوی جەستەیی دروستدەکات.

٢/١- ٧) فیدباك: Feed back

کاردانەوە لەکردەی گەیاندندا ئاڕاستەیەکی پێچەوانە وەردەگرێت، چونکە لەوەرگرەوە بۆ نێرەر دەچێت((لەدوای وەرگرتنی پەیام یان لەکاتی ناردنی پەیام بەدەستی دەهێنێت، کەنێرەر بەهۆیەوە زانیاری لەبارەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی کردەی گەیاندنەکە وەردەگرێ ))،[٢] هەروەها شێوازو کاتی ڕوودانی کاردانەوە بەندە ( بەخێرای ڕوودانی کاردانەوەی پەیام

---

١-جمال مجاهد ، شدوارد شيبة ، طارق الخليفي ( ٢٠٠٦ : ٤٠ )

٢- هێرۆ ئەحمەد حمە غەریب ( ٢٠١٤ : ٧٣ )

کەبەجیاوازی هەڵوێستی قسەکردنەکە جیاوازی تێدەکەوێت)،[1] بۆ نموونە: لەکاتی قسەکردنی دووکەس ڕووبەرووی یەکتر کاردانەوە ڕاستەوخۆ خێرایە، لەکاتی قسەدا ڕوودەدات، بەڵام کاتێك بانگەوازێك لەکەناڵێکی ڕاگەیاندن بۆ ماڵێکی هەژار دەکرێت ڕەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت، ئینجا ئەنجامی کاردانەوەکە دەردەکەوێت. هەروەها کاتێك مامۆستا بەخوێندکارێك دەڵێت:

١- بۆچی وانەکەت نەنوسیووە ؟

خوێندکارەکە خێرا کاردانەوەی دەبێت پۆزش دەهێنێتەوە بۆ مامۆستاکەی بۆ ئەوەی لێی خۆش ببێت دەڵێت:

٢- بەخوا لەبیرم چوو، بەڵێن دەدەم سبەینێ بینوسم. بەڵام لەڕستەی:

٣- هیوا ئەم شەو وەرە بۆ ماڵمان.

٤- بابەدایکم بڵێم عەسر وەڵامت دەدەمەوە.

لێرەدا کاردانەوە بۆ کاتێکی دیاریکراو دواخراوە ئەویش پەیوەستە بە کلتوری کۆمەڵەوە، چونکە بەپێی کلتوری کوردی منداڵ بەبێ پرسی دایكو باوك ناچێت بۆ هیچ شوێنێك.

لەم هێڵکارییەدا پرۆسەی کاردانەوەی وەرگر ڕوونکراوەتەوە




هێڵکاری (١) پرۆسەی کاردانەوە ڕوندەکاتەوە[2]

١- شنە ئەبو بەکر ( ٢٠٠٨ : ١٧)

٢- جمال مجاهد ، شدوار شيبة ، طارق الخليفي ( ٢٠٠٦ : ٣٥ )

### ٣/١ ) مۆدێلەکانی گەیاندن:

زانستی گەیاندن یەکێکە لەو زانستانەی، کەزۆر بەخێرایی گەشەی سەندووە، ئەمەش وابەستەیە بەو گەشە سەندنە بەرچاوەی، کەدنیای تەکنەلۆژیای گرتۆتەوە، لەبەر ئەم هۆکارەش دەستنیشانکردنی مۆدێلەکانی گەیاندن ئالۆزی تێکەوتووە.

(( بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆر مۆدێلی سەرەکی جیاکراوەتەوە ))[١].

### ٣/١- ١) مۆدێلی کردەیی: The Action model

بیرۆکەی مۆدێلی کردەیی، بەمۆدێلی یەکلایەنە دادەنرێت، چونکە لێرەدا نێرەر پەیام ئاراستەی وەرگر دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەك لەوەرگردا دروست بکات، لەبەر ئەوە ئەم مۆدێلە لەئێستادا زۆر بەکەمی کاری پێدەکرێت، هەروەها (( لەم مۆدێلەدا زیاتر خۆسەپاندنو دەسەڵات دەرخستن دەبینرێت نەك پرسو ڕاگۆڕینەوە، بەڵکو لەمنداڵییەوە تاك فێر دەکرێت گوێگر بێت نەك قسەکەر ))[٢].




هێڵکاری (٢) مۆدێلی کردەیی

بەپێی ئەم مۆدێلە نێرەر پەیام ئاڕاستەی وەرگر دەکاتو چاوەڕێی کاردانەوە ناکات، یان ڕێگەی پێنادات، بەتایبەت لەنێوان ئاستو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا بەکارهێنانی زیاترە، بەتایبەت

---

١- کاوە عەبدولکەریم ( ٢٠٠٧ : ١٦٢ – ١٦٣ )

٢- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ١٤ )

ئەوانەی لەڕووی پلەو پایەوە فەرمان بەدەستو باڵا دەستن بەرامبەر ژێر دەستەکانیان بەکاری دەهێنن بۆ نمونە:

پاشاو بەگەکانی ڕابردوو ئەم شێوازەی گەیاندنیان پەیڕەو کردووە بەجۆرێك، ئەگەر لێپرسینەوەیان لەگەڵ کەسێکدا دەکرد، ئەگەر تاوانباریش نەبوایە، ڕێگەی قسەکردنو کاردانەوە یان ڕوونکردنەوەیان پێنەدەدا، ئەم شێوازە هۆکارە بۆ دروستکردنی جیاوازی چینایەتی لەنێوان مرۆڤەکاندا بۆیە بەکارهێنانی پەسەند نییە.

## ٢-٣/١ ) مۆدێلی کارلێکردن: The Interaction model

بەپێچەوانەی کردە مۆدێل، لەم مۆدێلەدا نێرەر بەئاڕاستەیەك پەیام دەنێرێت، کە( feed back) لەوەرگردا دروست بکات وەڵامی بەئەرێنی یان نەرێنی بداتەوە لەم مۆدێلەدا نێرەر بیرەکانی لەڕێگەی دەنگو فۆڕم، کە کەرەستەی زمانی بەرهەم دەهێنێت پاشان دەیکاتە کۆدو لەڕێگەی کەناڵی گەیاندنەوە ئاڕاستەی وەرگری دەکات، پاشان وەرگر کۆدەکان شیدەکاتەوەو زانیارییەکانی لێکدەداتەوە، بەپێی ئەوزانیارییەی کەپێی گەشتووەو ئەو دەوروبەرەی کە، دەربڕینەکەی تێدا دەربڕاوەو ئەو واتایەی هەڵی گرتووە کاردانەوەی بەرامبەر نێرەر دەبێت .




هێڵکاری ژمارە (٣) مۆدێلی کارکردن

## ٣-٣/١ ) مۆدێلی ئاڵوێرکردن: The transaction model

پرۆسەی گەیاندن لەم مۆدێلەدا دوولایەنەیە، واتە لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو زانیاری لەنێوان نێرەرو وەرگر وەستاوە، چونکە هەردووکیان هاوبەشن لەدیاریکردنو هەڵبژاردنی پەیام، ئەم مۆدێلە ڕێگە بەنێرەرو وەرگر دەدات، لەیەك کاتدا نێرەر وەرگرو وەرگر نێرەر بێت، واتە لەنێوان خۆیاندا کۆدەکان دیاری دەکەنو لەپێناو سەرکەوتنی کردەی گەیاندنو لەیەکگەیشتن ئاڵوێر بەدەوری خۆیان دەکەنو بەهاوبەشی ئەو پەیامە ئاڕاستە دەکەن کەدەیانەوێت، هێڵکاری (٤) مۆدێلی ئاڵوێر کردن ڕوندەکاتەوە




هێڵکاری ژمارە (٤) مۆدێلی ئاڵوێر کردن

لەکاتێکدا نێرەری (١) پەیام دادەڕێژێتو ئاڕاستەی وەرگری دەکات، هەروەها کاردانەوەی نێرەری (٢) وەردەگرێتو شیدەکاتەوە هەروەها نێرەری (٢) ئەو پەیامەی لەلایەن نێرەری (١) وە ئاڕاستەی کراوە وەریدەگرێتو بەپێی ئەو واتایەی، کە هەڵیگرتووە شیدەکاتەوە پاشان نێرەری (٢) بیرەکانی خۆی لەشێوەی پەیامدا دادەڕێژێتو دەینێرێت بۆ نێرەری (١).

## ٣/١- ٤) مۆدێلی داڕێژەر: The constructivist model

ئەم مۆدێلە بەنوێترین مۆدێلی گەیاندن دادەنرێت، هەرچەندە نێرەر پەیام ئاڕاستەی وەرگر دەکات، بەڵام کاردانەوەی وەرگر بەویستی ئەو واتایە نییە، کە پەیام هەڵیگرتووە، بەڵکو

((وەرگر ڕاستییەکی تایبەت لەمێشکی خۆیدا دروست دەکات، لەلێکدانەوەی پەیامەکە واتایەکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت، کەڕەنگە لەگەڵ مەبەستی نێرەر یەکنەگرێتەوە))[1]، هەروەها ئەم مۆدێلە گرنگی بەو بیرە دەدات، کە لەمێشکی وەرگردایە نەك ئاراستەی پەیام، واتە کاردانەوەکانی وەرگر بەهەند وەردەگرێت، چونکە مۆدێلی داڕێژەر جەخت لەسەر لێکدانەوەی وەرگر دەکات. بەڕێوبەری سەرەکی ئەم مۆدێلانە زمانە، ئەم مۆدێلانە دەکرێت لەگەڵ هەموو کۆنتێکستەکانی گەیاندندا جێبەجێ بکرێت ( خودی، دوولایەنە، گشتی، جەماوەری )، بەڵام هەموویان پەیوەستن بەکلتورەوە، لەگەڵ کلتورە ڕۆژئاواییەکاندا دەگونجێن، بەڵام لەکلتورە ڕۆژهەڵاتییەکاندا توشی گرفت دەبن.

**٤/١) شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن:**

گەیاندن بەگۆڕەپانێکی هاوبەش دادەنرێت بۆ زۆرێك لەزانستە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە لەم بارەیەوە هەوڵی زۆر دراوە بۆ پۆلێن کردنو جیاکاری لەنێوان جۆرەکانیدا، چونکە ئەم پۆلێنکردنە بەپێشەکییەکی پێویست دادەنرێت بۆ تێگەشتنی زیاترو پاشان پراکتیزەکردنی بەکاراترین شێوە.

**٤/١- ١) شێوەکانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی ئاستەوە:**

**لەڕووی ئاستەوە شێوەی گەیاندن دەکرێت بەچەند بەشێکەوە:**

**٤/١- ١- ١ ) گەیاندنی خودی:**

ئەو شێوە گەیاندنەیە، کەلەخودی تاکدا ڕوودەدات ناڕوونەو وەرگرتنی پەیام لەلایەن تاکە کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت، زۆربەی کات بێدەنگە، ئەگەر هاتوو دەنگ لەپێکهاتەی ئەم شێوە گەیاندنەدا هەبوو، ئەگەری تێکچوونی باری دەروونی کەسەکە دەکرێت، (( لەم پرۆسەیەدا زمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە، چونکە بەبێ زمان ئاستەمە پرۆسەی بیرکردنەوە بەڕێوە بچێت، چونکە

---

١- کاوە عەبدولکەریم : ( ٢٠٠٧ : ١٦٣ )

مرۆڤ بیر دەکاتەوەو هەوڵدەدات لەدیاردەکانی دەوروبەری مانایەك هەڵێنجیٚو ڕووداو کێشەو گرفتەکان هەڵسەنگێنیٚ ))[1].

### ٤/١-١-٢) گەیاندنی کەسی: Interpersonal

جۆرێکە لەکردەی ڕاستەوخۆ/کردەی ڕووبەڕوو ( Face to face )ڕووبەڕوو لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێت (ئەم کردەیە دەرفەت بۆ نێرەر دەڕەخسێنیٚ، کاریگەری پەیامەکەی ڕاستەوخۆ لەسەر گوێگر بەدیبکات، لەهەمان کاتدا نێرەر ناتوانیٚ ڕاستی تاڕادەیەکی زۆر بشارێتەوە، چونکە ئەگەر ئاخاوتنیش توانا داربێت ڕوخسارو جەستەی یارمەتی دەر نابن)[2]، هەروەها کردەی گەیاندنی کەسی (( بەباشترین جۆری گەیاندن دادەنرێت، چونکە نێرەر بەشێوەیەکی خێراو ڕاستەوخۆ کاریگەری پەیام دەبینێت ))[3]. بۆیە ئەم کردەیە بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشکراوە:

١. گەیاندنی دووانەیی: ئەو جۆرەیە، کەتەنیا لەنێوان دووکەسدا ئەنجام دەدرێت وەك قسەکردنی قوتابیو مامۆستا.
٢. گەیاندنی بەگرووپ: بریتییە لەمامەڵەی گرووپی بچووك لەخەڵك یازیاتر لەدووکەس بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

### /٤- ١- ٣ ) گەیاندنی جەماوەری:

لەڕێگەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەوە ئەنجام دەدرێت ((بەتوانای گەیاندنی پەیام بۆ جەماوەرێکی پانو بەرینو جیاواز لەئاڕاستەو بۆچوونو ئاستدا جیا دەکرێتەوە ))[4]، هەروەها هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری دەگرێتەوە، کەتوانای گەیاندنی پەیامی جەماوەرییان هەیە، وەك کتێب، ڕۆمان، گۆڤار.

---

١- کاوە عەبدولکەریم ( ٢٠٠٧ : ١٥٨ )

٢- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ٢١ )

٣- مجد الهاشمی ( ٢٠٠١ : ٣٧ )

٤- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ٢٠ )

**٤/١- ١- ٤ ) گەیاندنی ناوەندی:**

تاك لەگەڵ كۆمەڵێكی گەورەدا، كەبەشێوەی كۆڕو سیمینار ئێوارە ڕۆشنبیرییەكان بەڕێوە دەچێت، كارلێك لەنێوان ئەندامانی ئەم ئاستەی گەیاندن لەپلەیەكی بەرزدایە، جیاوازی لەگەڵ ئاستەكانی تردا، ژمارەی وەرگرەكانییەتی، ئەم شێوازە كاردانەوەی تیادا لاوازەو ((نێرەر جگە لەكۆدی زمانی ( كۆدی نازمانیو زمانی جەستەو پارازمانیش بەكاردێنێ )).[١]

**٤/١ / ٢) شێوەكانی پرۆسەی گەیاندن لەڕووی بەكارهێنانی زمانەوە:**

لەڕووی بەكارهێنانی زمانەوە بەشێوەیەكی سەرەكی مرۆڤ لەڕێگەی فۆنێم و وشەو ڕستەوە هەست و سۆزو داواكانی گەیاندووەتە دەوروبەر، یان لەڕێگەی دەربڕینی نازمانییەوە بەتایبەت زمانی جەستە توانیوێتی پەیام ئاڕاستەی دەوروبەر بكات، چونكە (( كردەی گەیاندن ئەركێكی بایەلۆژی نییە وەكو ئەركە ژیانییەكانی دیكە مرۆڤ ئەنجامی بدات، بەڵكو لەكۆمەڵگەوە وەریدەگرێتو بەئامرازی زمانی / نازمانی دەریدەبڕێت )).[٢]

پەیوەست بەشێوەكانی گەیاندن بۆچوونی جیاواز هەیە بۆچوونێك لەگەڵ ئەوەدایە، كەزمان سەرەتایترین هۆكاری گەیاندنە، بەڵام بۆچوونێكی تر بەپێچەوانەوە، پێیان وایە بەر لەوەی مرۆڤ فێری زمانببێت لەڕێگەی كۆمەڵێك دەنگو ئاماژەو جوڵەیی جەستەییەوە پەیامەكانی خۆی گەیاندووە.(( زمان وەك سیستەمی ئەندامە ئاڵۆزەكان وایە، دواتر هەنگاو لەدوای هەنگاو گەشەی سەندووە، هەر یەكێك لەو هەنگاوانەش شیكارەكانی گونجێنراوە)).[٣]

هەرچەندە بەپێی ئەو گریمانەو تیورانەی دەربارەی زمان خراونەتە ڕوو بەتایبەتی گریمانەی بزاوتن، كە لەكەموكوڕیش بێبەش نەبووە، بۆیەدەكرێ كردەی گەیاندنی (نازمانی) كۆنتربێت بەڵام تا ئەم ساتەش ( زمان ) لەپێشەوەی هۆكارەكانی تری گەیاندنەو لەگەڵ ئەو بەرەو پێشچوونانەی شارستانیەت بەخۆیەوە بینیوە زمانیش بەرەو پێشچووە، بۆیە  زمان گرنگترین ئامرازی كردەی گەیاندنە ( گرنگترین شتێك لێكۆڵینەوەی زمانەوانی

---

١- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ٢٠ )

٢- عبده الراجعی ، و: عەبدوڵا گەرمیانی ( ٢٠١٣ : ٤٠ )

٣- ناز ئەكرەم سەعید ( ٢٠١٣ : ٢٣ )

خۆی دەچێتە سەری ئەوەیە کەنەك ناتوانین لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەدەنگو پێکهاتەی وشەکان لەزمان بگەین، بەڵکو پێویستە شێوازەکانی تری لەیەکگەیشتنی مرۆڤیش بزانین، کەزمان بەرچاو ڕوون دەکات لەکردەی گەیاندندا)[1]، کەواتا دەتوانین بڵێین: (( جەستە بەهەموو بوونە فیزیکییەکەیەوە دەکرێ ببێت بەزمانو بەردەوام لەکردەی گەیاندندا بێت لەگەڵ تاكو گرووپەکاندا )). [2]

شێوەکانی گەیاندن بەپێی بەکارهێنانی زمان دەکرێت بەم جۆرانەوە:

### ٢-٤/١ - ١ ) گەیاندنی زمانی: Verbal communication

لەڕێگەی بەکارهێنانی دەنگەکانی زمان وەك هێمایەك، ڕێکخستنی فۆڕمەکانی زمان لەشێوەی (وشە، فرێز، ڕستە) مەبەستی گواستنەوەی پەیامی نێرەر بەگەیاندنی ( زمان ) دەناسرێتەوە، دەربڕاوەکانی پەیامیش لەڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی دەنگەکان بەشێوەی نوسین دەردەبڕێن بەمەبەستی گواستنەوەی پەیام. گەیاندنی زمان (( واتایەکی فراوان بەخۆیەوە دەگرێت، چونکە زمانی ئاخاوتن لەکاتی بەکارهێنانیدا بەهۆی پلەی دەنگو چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەبارکردنی پەیامەکە بەواتایەکی تر))،[3] بۆ نمونە ئەگەر دەستەواژەیەکی وەکو ((بەخێربێیت)) بەکاربهێنیت ، دەکرێت بەگۆڕانی ( تۆنی ) دەنگەکە مەبەستی تر بگەیەنین وەك (( گلەیی، گاڵتە پێکردن، سەرسوڕمان ))،[4] هاوکات لەگەڵ ئەم شێوازەی گەیاندنەدا، زمانی جەستەو جوڵەی ئەندامانی لەش ڕوونی پەیام زیاتر دەکەن. شێوازی زمانی بایەخی زیاترە لەژیانی ڕۆژانەداو خاوەن چەند تایبەتمەندییەکەلەوانەش:

١. ئابوریکردن لەکاتو خێرای گەیاندن.

٢. باشترین جۆری گەیاندنی ڕووبەڕووە هەلی بەژداری نێرەرو وەرگر زیاتر دەکات.

---

١- عبده الراجعی ، و: عبدوڵا گەرمیانی ( ٢٠١٣ : ٤١ )

٢- محەمەد تەها حوسین ( ٢٠١٣ : ٣٦ )

٣- شنە ئەبوبەکر ( ٢٠٠٨ : ٢٢ )

٤- علاء هاشم مناف ( ٢٠١١ : ٥٢ )

٣. كاردانەوە زووتر دروست دەبێتو پرسیار دەوروژێنێت.

٤. ئامادەکردنی دەروونی مرۆڤ بۆ چارەسەری کێشەکانی.

### ٢/٤/١ -٢ ) گەیاندنی نازمانی: Non verbal communication

گەیاندنی نازمانی بەهۆکارێك بۆ گەیاندنی ماناو سۆزەکان دادەنرێت، چونکە ئەم شێوازە پشت بەوشەی گوتراو/ نوسراو نابەستێت، بەڵکو(( ئەو نیشانەو ئاماژە زمانییانەن، کەکۆمەڵ پەسندی کردوون بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاریان دەهێنێت)[1]، لەپێناسەی نازمانیدا دەوترێت ((ئادگار و ڕەفتارە جگە لەقسەکردن لەکۆمەڵدا واتای جیاوازیان هەیە جا ئەو ڕەفتارانە بەمەبەست بنێردرێن یان بەمەبەست لێکبدرێنەوە بەئاگاییەوە بنێردرێت یان بەئاگاییەوە وەربگیرێن لەلای وەرگر نادیاری لەکاردانەوەیاندا هەبێت))[2]. گەیاندنی نازمانی دەورێکی گرنگی لەدروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو گەیاندنی زمانیدا بینیوە، بەجۆرێك ( برێد وێستلْ ) دەڵێت ( ٧٥٪ ) ئەو واتایەی لەدەربڕاوەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وەردەگیرێت پشت بەدەربڕینی نازمانی دەبەستێ، تەنها لە (٢٥٪) واتا کە لەخودی وشەکانەوە وەردەگرێ.[3] لەپێناو گۆڕینەوەی زانیارییەکانو دروستکردنی پەیوەندیو گەیاندنو لەیەکگەیشتن مرۆڤ تەنیا پشت بە دەربڕینە زمانییەکان نابەستێت، چونکە گرنگی کردە نازمانییەکانیش لەکردەی زمانی کەمتر نییە هەرئەمەشە، کە( بەتەنیا ناتوانین لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی دەنگو پێکهاتەو وشەکانەوە لەزمان بگەین، بەڵکو پێویستە هاوشانی ئەمانە شێوازەکانی تری گەیاندن بۆ ڕوونکردنەوەی واتا بەکاربێنین)[4]. دەربڕینە نازمانییەکان بریتین لە جوڵە واتادارەکانی جەستە، کەپەیامێکی بێدەنگە لەجیاتی دەربڕینە زمانییەکان بەکاردەهێنرێت، کە(بەزمانی جەستە ) (پەیوەندییە گۆنەکراوەکان ) ناسراوە: بریتییە لە: گەیاندنی زانیارییەك لەلایەن

---

١- محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠٩ : ٥٤ )

٢- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ١٢ )

٣- Ray , Brwhixtell (١٩٧٠ : ٦٢)

٤- عبد ه الراجعی ، و : عەبدوڵا گەرمیانی ( ٢٠١٣ : ٤١ )

مرۆڤەوە لەڕێی هێماو بزواندنی ئەندامانی لەشەوە[1] ئەو هێما نازمانییانە هەڵگری واتان، کەهەندێ جار بەتەنها بەکاردێت وەك لەکاتی ڕازیبوون یان ناڕازیبوون جوڵەی سەر بۆ سەروخوار بەکاردەهێنرێت، هەروەها لەزۆربەی کاتدا دەربڕینە نازمانییەکان شانبەشانی دەربڕینی زمانی بۆ زیاتر جەختکردنەوە بەکاردێن دابونەریت هۆکاری سەرەکییە لەجیاوازی جوڵە جەستەییەکان لەنێو کۆمەڵگا جۆر بەجۆرەکاندا، چونکە جوڵەکانی پەیوەندییان بە کلتوری کۆمەڵایەتیەوە هەیە ( بەوەرگرتنیش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە ).[2] بەپێی کلتورە جیاوازەکان جیاوازی جوڵە جەستەییەکان دیاریدەکرێت، چونکە دەکرێت (لەکاتو کلتورێکدا ) جۆرە ئاماژەیەك مانای ڕوونو ئاسایی هەبێت، بەڵام لەکلتورێکی دیکە هیچ مانایەکی نەبێت یان ڕەنگە تەواو پێچەوانە بێت)،[3] ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەندێکیان بەویستو ئارەزوون، واتە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدان لێیان بەئاگایە( هەست ) لەکردنو نەکردنیاندا بەرپرسیارە، بۆیە مرۆڤ زۆربەی کات دەتوانێت بەخواستی خۆی وشە ڕیز بکاتو واتای تایبەتی دەربڕێت، بەڵام هەندێکی تریان خۆویست نینو ڕاستەوخۆ (لەنەستەوە ) هەڵدەقوڵێ، دەبێت ئەوەش بزانین کە ( نەست ) ڕێگە بەدرۆو فێڵ نادات[4]. دەربڕینە نازمانییەکانیش بەشێکن لەو ڕەفتارانەی، کەلەنەستەوە دەردەچنو هەندێکییان بەپێی کلتورە جیاوازەکان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت بۆ نمونە (زەردەخەنە) چەندین واتای جیاواز دەگەیەنێت، زۆربەی کات بەواتای خۆشیو شادی دێت، بەڵام لەڕاستیدا بابەتێکی کۆمەڵایەتییەو لەژینگەیەك بۆ ژینگەیەکی تر جیاوازە، تەنانەت لەژینگەیەکیشدا بەپێی شوێنو کاتو کەسو ڕەگەز جیاوازی دەبێت بۆ نمونە: لەهەندێك کلتوردا زەردەخەنەی ژنێك بۆ پیاوێکی بێگانە، جێگەی قبوڵ نییە، بەڵام لەکۆمەڵێکی تردا ڕێگە پێدراوەو نیشانەی شارستانییە، هەروەها دەربڕینە نازمانییەکان ( ڕەنگدانەوەی دەروونی تاکنو مەبەستەکانی

---

١- محەمەد ئەمین حسەین ( ٢٠٠٤ : ١٧ )

٢- محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١١ : ٢٦ )

٣- الن پیز ، و : دانا نادر محەمەد ( ٢٠١٣ : ١٤ )

٤- محەمەد ئەمین حسەین ( ٢٠٠٤ : ٩ )

غەمگینی، دڵخۆشی، تورەیی، سەرسامی، ترس، بێزکردنەوە، ڕەتکردنەوە، ڕازیبون...هتد)[1] دەردەبڕین، هەروەها ((بەکارهێنانی جلوبەرگ وەك کەناڵێك بۆ گەیاند کارێکی ڕوونە بۆ خەڵك، بەڵام ڕێگایەکی گەیاندنی کۆمەڵایەتی هەیە، کەزۆر ڕوون نییە ئەویش گەیاندنە بەڕێگای چاو، چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی لەبەیەکگەیشتی چاوەکان دەست پێدەکات لەو کاتەی ڕاستەوخۆ سەیری چاوی خەڵکی تر دەکەین)).[2] بەگشتی ئەم شێوازانە دەچنە ژێر کردەی گەیاندنی نازمانییەوە:

١. پاڕازمانی: ئەو پێکهاتە دەنگیانە دەگرێتەوە، کەلەگەڵ قسەدا دێن، واتە بەدەنگی وشە دەوترێت یاخود ئاوازی وشە وەك ( ئاخ، ئۆف، .. .. هتد ).

٢. زمانی جەستە: کە جوڵەکانی دەستو سەرو شانو ملو چاو دەمو لێو ڕوو دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەتەنیا یان لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکان بەکاری دەهێنێت.

٣. دوورو نزیکی دانیشتن لەکاتی قسەکردن:

مەودای فیزیکی نێوان قسەکەران لەزۆربادا لایەنی دەروونی ڕووندەکاتەوە ئەمەش لەبێئاگایدا ڕوودەدات بەجۆرێك دەتوانین پەیوەندی نێوان ئاخێوەران بەپێی ئەو دوورییە فیزیکیە بزانین، کە ڕەنگە ئەمە لەکردەی زمانیدا، ڕوونەدات [3] هەروەها یەکێك لەڕەگەزە یان لایەنەکانی گەیاندنی زمانی بوونی ماوەو بۆشایی نێوان تاکەکانە، کە بە (Proxemi) ناسراوە، چونکە بوونی ئەم بۆشاییە هۆکاری دروستکردنو گەیاندنی واتایە، بەڵام ئەگەر هاتو ئەم بۆشاییە زیاد لە پێویست بوو ئەوا کردەی گەیاندنەکە توشی شڵەژاوی دەکات، دیاریکردنی بۆشایی نێوان تاکەکان پەیوەستە بەکلتوری کۆمەڵگاکانەوە بۆ نمونە سەبارەت بەماوەی نێوان نێرەرو وەرگر لەکۆمەڵگەی ئەورووپی بەتایبەتیش ئەمەریکا( ڕۆزینفیلد ( Rosenfeld) دەڵێت: تاکەکان لەکاتی

---

١- هێمن عەبدولحەمید شەمس ( ٢٠٠٨ : ٥٢)

٢- زەیتۆ شێخانی ( ٢٠٠٢ : ٣٧ )

٣- شیلان عوسمان ( ٢٠٠٨ : ٧٩)

گفتوگۆكانیاندا پارێزگاری لەبۆشایی نێوانیان دەكەن و پێوەی پابەندن بەجۆرێك، كەدووری نێوان نێرەرو وەرگر نزیكەی چوار بۆ چوار مەترو نیوە )[1].

٤. هۆكاری دروستكراو:

شێوازو ڕەنگی جلو بەرگ چۆنێتی ڕێكخستنی قژو ڕیش بۆ نمونە ئەگەر یەكێك جلی ڕەشی لەبەر بێت ئەوا بەپێی كلتوری كۆمەڵگەی كوردی بەواتای پرسەداریو خەمو خەفەتو دڵتەنگی دێت.

٥. بارودۆخ:

پەیوەندی بەكاتو شوێنەوە هەیە، بۆ نمونە: لەكاتی هاتنی میواندا نواندنی ڕێزێكی زۆرو هەستان لەبەر میوانەكەو خزمەتكردنی بەخواردنی باشو دابینكردنی شوێنی گونجاو بۆی ئاماژەیەكی نازمانییە، كەڕێزی تێدا ئاڕاستە دەكات.

لەزۆربەی كاتدا فۆڕمە زمانیو نازمانییەكان بەیەكەوە بەكار دێت لەبەر ئەم گرنگییانە[2].

١. جەختكردنەوە: Accenting

كاتێك مرۆڤ دەیەوێت جەخت لەسەر گوتراوێكی زمانی بكاتەوە، ئەوا پەنا بۆ دەربڕینە نازمانییەكان دەبات، بەمەرجێك هەمان واتای دەربڕاوە زمانییەكە بدات بەدەستەوە پاڵپشتێكی بەهێزی واتایی بێت بۆ كردە زمانییەكە، بۆ نمونە:

دادوەرێك بڕیاری دادگا دەخوێنێتەوە، بۆ بێدەنگكردنو ئامادەكاری بۆ خوێندنەوەی بڕیاری دادگا لەگەڵ دەربڕینە زمانییەكە، بەچەكوش لەمێزەكەی بەردەمی دەدات.

٢. تەواو كردن: Complemention

نێرەر لەكاتی ئاڕاستە كردنی پەیامێك بۆ وەرگر هەموو پەیامەكە بەدەربڕینی زمانی دەرنابڕێت، بەڵكو بۆ تەواوكردنی واتای دەربڕاوە زمانییەكە بەهێمای نازمانی واتاكەی دەگەیەنێت بۆ نمونە: كاتێك پرسیار لەكەسایەتی كەسێك دەكرێت دەوترێت

---

١- عبدالله الطويرقي ( ١٩٩٧ : ٨٦ )

٢- Mark . knapp (١٩٧٨ : ٨٩ )

٥ - هیوا کەسێکی چۆنە ؟ لەوەڵامدا وەرگر بەتوانجەوە دەڵێت:

٦- ئەها هیوا...؟! لێرەدا دەربڕینەکە تەواو ناکات بەدەست ئاماژەیەك بەلای گوێیدا بۆ دواوە دەکات، ئەم ئاماژەیە واتای ڕستەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە: هیوا کەسایەتییەکی باشی نییە. بەڵام لەبەر ڕێزی هیوا بەزمان دەرینابڕێت.

لەم حاڵەتەدا وەرگر نایەوێت لەبەر شوێن و کات و بارودۆخ باسی کەسایەتی هیوا بکات، بەڵکو بەئاماژەیەك پیشانی دەدات، کە کەسایەتییەکی باشی نییەو با باسی نەکەین.

٣. پێچەوانەیی: Contradicting

هەندێك جار نێرەر دەیەوێت بەهۆی بەکارهێنانی کۆدی نازمانییەوە پەیامی پێچەوانەی کۆدی زمانی بگەیەنێتە وەرگر بۆ نمونە: کاتێك خوێندکارێك پرسیار لەمامۆستاکەی دەکات

٧- بڕۆینەوە وەرماندەگریت ؟

مامۆستاکەش لەوەڵامدا دەڵێ: بەڵێ، وەرتاندەگرم، بەڵام لەهەمان کاتدا بەجوڵەی پەنجەکانی دەست ئاماژە بۆ ڕۆشتنەوە دەکات بەواتای وەرتان ناگرم بڕۆنەوە.

٤. ڕێکخستنەوە: Regulation

دەتوانین بەهۆی پەیامی نازمانی، پەیامە زمانییەکە ڕێکبخەین، کاتێك نێرەر قسەدەکات، بەڵام وەرگر هەوڵی ( بڕین/پچڕان)ی نێرەر دەدات، لێرەدا نێرەر بەهۆی بەکارهێنانی هەندێك ئاماژەی نازمانییەوە، وەکو: ( جوڵەی دەست، چاوەکان )ەوە بەوەرگر دەڵێت هێشتا مەبەستەکەم نەگەیاندووەو تەواو نەبووم.

٥. دووبارەکردنەوە: Repeating

نێرەر دەتوانێت بەبەکارهێنانی ئاماژە نازمانییەکان، پەیامێکی زمانی دووبارە بکاتەوە، بۆ نمونە: مامۆستایەك بەفێرخوازەکانی دەڵێت دانیشن، لەگەڵ بەکارهێنانی هێما زمانییەکە بەدەستیش ئاماژە بۆ خوارەوە دەکات بەواتای دانیشتن.

٦. جێگرتنەوە: Substituting

هەندێك جار پەیامە نازمانییەكان جێگەی پەیامە زمانییەكان دەگرنەوە بۆ نمونە: لەحیاتی هەڕەشەو توڕەبوون چاو لەكەسی بەرامبەر سور دەكرێتەوە بەبێ بەكارهێنانی كۆدی زمانی.

## ٤/١ - ٣) شێوەكانی گەیاندن لەڕووی فەرمیبوونەوە:

پرۆسەی گەیاندن لەڕووی فەرمیبونەوە دەكرێت بەدوو بەشەوە:-

### ٤/١- ٣ - ١) گەیاندنی فەرمی:

ئەو جۆرەی كردەی گەیاندنە، كەلەنێوان ئاستە كارگێڕییەكان ڕوو دەدات، بەپێی ئەو سیستەمە باوەی، كەبۆی دیاریكراوە( لەناو هەموو ڕێكخراوەكاندا تۆڕی پەیوەندیكردنە فەرمییەكان بەهەموو جۆرەكانییەوە بوونی هەیە ئەم تۆڕەش لەكاتی ڕێكخستنی پەیكەری ڕێكخراوەكە بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی پەیوەستكردنی یەكە كارگێڕییەجیاجیاكانی ناو ڕێكخراوەكە دەستنیشاندەكرێت ).[١]

### ٤/١ -٣ -٢ ) گەیاندنی نافەرمی:

كارلێك تیایدا بەشێوەیەكی نافەرمی ئەنجام دەدرێت، یان بریتییە لەئاڵوگۆڕكردنی زانیاریو دیدو بیرو بۆچوونەكان لەدەرەوەی ڕێبازەكانی گەیاندنی فەرمیدا، بۆ نمونە چاوپێكەوتنە نافەرمییەكان.

## ٤/٤/١ ) جۆرەكانی گەیاندن لەڕووی ئاڕاستەوە [٢]

### ٤/١- ٤ - ١) گەیاندنی یەك ئاڕاستەیی:

زانیارییەكان لەناوەندی ناردنەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی وەرگرتن، ئەم جۆرەی گەیاندن كەموكورتی تیادایە، چونكە كاردانەوە لەلای وەرگر دروست ناكات لەسەر تێگەشتنی پەیام.

---

١) http:www. sst٥. Com /  read Article aspk

٢- مصطفى عبدالعزيز البنداري ( ٢٠١٣ : ١٠٢ )

٤/١- ٤-٢ ) گەیاندنی دوو ئاڕاستەیی:

ئەم جۆرە بەکردەیەکی تەواو دادەنرێت، کەبواری گفتوگۆ بە نێرەرو وەرگر دەدات، واتە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕاو زانیارییەکانی تێدا دەکرێت.

## ٥/١ ) مەبەستەکان لەپرۆسەی گەیاندن دا:

پرۆسەی گەیاندن بەشێوەیەکی سەرەکی بۆچەند مەبەستێك کارادەکرێت، کەمرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی چالاکییەکانی لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنێت، کەئەو مەبەستانەش بریتین لە:

١/٥/١ ) موجامەلەکردنو دەستکەوتنی زانیاری:

(( مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی موجامەلەکردن لەگەڵ یەکتردا ئەو زانیاریانەی مەبەستییەتی بەدەستی بهێنێت هەندێ جاریش ئەم کردەیە بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ))،[١] چونکە مرۆڤ لەپێناو نزیکبوونەوە لەبەرامبەر هەوڵی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ دەدات بەتایبەتی لەکاتی هەواڵپرسینو چاکو چۆنیو بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەك پرسە، ئاهەنگ.. . هتد.

١ / ٥ -٢ ) یارمەتیدان:

یەکێك لەمەبەستە سەرەکیەکانی کردەی گەیاندن یارمەتیدانە، چونکە تاك لەکۆمەڵگەدا توشی گرفتو ئازار دەبێت، پێویستی بەهاوکاریو یارمەتیدانی کەسانی تر هەیە بەئومێدی چارەسەری کێشەکانی وەکو گرژی نێوان دوو هاوڕێ یان دوو خێزان.

---

١- ناز ئەکرەم سەعید ( ٢٠١٣ : ٢٥ )

### ١/ ٥-٣ ) ڤایلکردن:

وروژاندنی هەستو سۆز بەشداری دەکات لەڤایلکردنی خەڵکیدا، بەکارهێنانی زمان بەشێوەی زمانی( oraly) یەکێکە لەگرنگترین ئامێرەکانی ڤایلکردن، ئەرستۆ یەکەمین فەیلەسوف بووە، کەباسی لەگرنگی ڤایلکردن کردووە لەپرۆسەی گەیاندندا، کاریگەری ئەم لایەنە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشی گرتووەتەوە، کەتاچەند کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی بۆ چوونو ئاڕاستەی خەڵکی کردووە.

### ٥/١ -٤ ) کاتبەسەر بردن:

لەگەڵ گۆڕانی سروشتی ژیانی مرۆڤ پەیوەندییەکانیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سەرقاڵییەکانی مرۆڤ تاڕادەیەك مەودای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تەسککردووەتەوە، زۆرجار مرۆڤ بەمەبەستی ڕزگاربوون لەو جەنجاڵییەو کەمکردنەوەی سترێسو دڵتەنگی پەنا بۆ ئەم جۆرە کردەیە دەبات، هەندێ جار کردەی گەیاندن بەمەبەستی (( هەڵخەڵەتاندنی کەسی بەرامبەر بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە لەهەندێ پەیوەندی خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ یان نێوان هاوڕێیان بەئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان هەوڵدەدرێت کەسی بەرامبەر هەڵبخەڵەتێنرێت )).[١]

### ٦/١) ئەرکەکانی پرۆسەی گەیاندن:

### ٦/١ – ١) ئەرکی ئاڕاستەکاری:

مەبەست لەئاڕاستەکاری کرداری پێکهێنانی بیرییە لای تاکەکان، کە کۆمەڵگا بەباشو بەدیهێنەری ئامانجەکانی دابنێت(( ئەم چەمکە فراوانە دامەزراوەو دەزگاکان لەچوارچێوەی

---

١- ناز ئەکرەم سەعید ( ٢٠١٣ : ٢١ )

خێزاندا پێی هەڵدەستن، دایكو باوك هەڵدەستێت بەڕۆڵی ئاڕاستەكردنی منداڵ هەتا گەورەدەبێتو دەچێتە قوتابخانە )).[1]

## ٢-٦/١ ) ئەركی فێركاری :

كاردەكات لەپێناو بڵاوكردنەوەی زانیاری ئامانجدەرو گشتگیركردنی، چونكە بڵاوكردنەوەی زانیاری عەقڵو كەسایەتی دەوڵەمەند دەكاتو یارمەتیدەرە بۆ بەرزكردنەوەی كارامەیەكانی مرۆڤ،[2] چونكە لێرەوە تواناكانی مرۆڤ گەشە دەكاتو هەلی سەركەوتنی بەسەر ئاستەنگەكانی ژیاندا زیاتر دەكات.

## ٣-٦/١ ) ئەركی هاوپەیوەستی كۆمەڵایەتی:

بەپێی سەرچاوەكان لەگەڵ ئەركی بەكومەلایەتیبوون ئەوەندە نزیكن، هەندێ جار وەك یەك باسدەكرێن،((چونكە لەناوەرۆكدا ئەركی بەكۆمەڵایەتی بوون بێجگە لەپاراستنی بەهاو دابونەریتو پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو گەلە، ئەركی گواستنەوی كلتورو ڕۆشنبیری ئەو گەلەش لەخۆ دەگرێت )).[3] هەروەها لیزلی مۆیلز كۆمەڵێك ئەركی دیاریكردووە لەوانە (٢):

١. هەواڵ: پێدانی زانیاری وچاودێریكردنی ژینگە.
٢. چاودێری: چاودێریكردنی بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگا.
٣. بەكۆمەڵایەتیبوون: ئامانجەكەی یارمەتیدانە لەیەكخستنی كۆمەڵگەدا.
٤. دەستپێشخەری: سەركردایەتیكردنی گۆڕانی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵگەدا.
٥. پشوودان: ئازادكردنی لەشڵەژانو فشارو كێشەكان.

---

١- احمد محمد موسی ( ٢٠٠٩ : ٨٨ )

٢- شنە ئەبوبەكر ( ٢٠٠٨ : ١٣ )

٣- عادل شاسواری ( ٢٠١٣ : ٥٦ )

Leslie Moller(١٩٧٩:١٩-٢٤)-٢

## ٧/١ ) گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی گەیاندن:

کردەی گەیاندن بەگوێرەی گرنگیو بایەخی لەدروستکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، گرفتو کۆسپی دەکەوێتە رێ، بەڵام نەبۆتە هۆکار بۆ کۆتایهاتنی پرۆسەی گەیاندن، چونکە مرۆڤ بەدرێژایی مێژووتا ئەمرۆش لەناردنو وەرگرتنی پەیامدا چالاکە، هەرچەندە گرفتەکان بەردەوامییان هەبووە، بەڵام مرۆڤ توانیوێتی چارەسەریان بکات، بەگشتی پرۆسەکانی گەیاندن لەپێناو گەیاندنو لەیەکتر گەیشتن رووبەرووی چەندین گرفت دەبێتەوە، کە هەندێکیان بەئاشکرا دەبینرێنو هەندێکیشیان شاراوەنو هەستی پێناکرێت، هەندێك لەگرفتەکانی گەیاندن پەیوەندییان بەژینگەی گەیاندنەوە هەیە، (( ژینگەی گەیاندن بریتییە: لەو دەوروبەرەی، کەکرداری گەیاندنی تێدا جێبەجێ دەکرێت))[١] هەروەها ئەم گرفتانە هۆکاری تێکچوون یان نەگەشتنی پەیامن بەوەرگر، بەجۆرێك زۆر جار نەك تەنیا خراپ گەیشتنی پەیام، بەڵکو دەبێتە هۆی روونەدانی پرۆسەی گەیاندنو لەیەکتر گەیشتن، بەگشتی ئەو گرفتانەی دووچاری پرۆسەکانی گەیاندن دەبنەوە بریتین لە:

### ١-٧/١ ) گرفتە زمانییەکان:

ئەو گرفتانە دەگرێتەوە، کەپەیوەندی بەنێرەرو وەرگرەوە هەیە واتا مەبەست ( لێی گرفتی گواستنەوەی واتایە، کە وشەو رستەکان هەڵیان گرتووە، چونکە وشەکان واتایان جێگیر نییەو هەندێکجاریش واتایان ناروونە)،[٢] ناروونی واتا هەندێ جار پەیوەندی بەنێرەرەوە هەیە، کەزمانێکی روونو ئاشکرا بەرامبەر وەرگر بەکار ناهێنێت، واتا نێرەر بەزمانێك پەیام ئاراستەی وەرگر دەکات، کە بەو زمانە شارەزا نییە یان نایزانێت، لێرەدا گرفت بۆ کردەکە دروست دەبێت، بۆ نمونە: کاتێك نێرەر بەڕەگەز ( کورد) ەو وەرگریش بەڕەگەز ( عەرەب) لەم کاتەدا ئەگەر وەرگر زمانی کوردی نەزانێت ئەوا کاتێك دەربڕینێکی وەکو:

---

٣- فاروق ناجی محمود ( ٢٠٠٧ : ٥٨ )

٢) عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤ :٣٢ )

٨- قسەکردن بەدەنگی بەرز قەدەغەیە.

ئاڕاستە دەکرێت هیچ کاردانەوەیەکی لەلادروست نابێت، چونکە لەواتای پەیام تێنەگەیشتووە، یان زۆر جار گرفتی زمانی بەهۆی ( تەمومژی واتایی) یەوە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە تەمومژی واتایی لەناو هەموو ئەو وشەو ڕستانەدا دروست دەبێت، کەزیاتر لەواتایەکییان هەیە :

١) تەمومژ لەئاستی وشەدا.

ئەگەر هاتوو ( وشەیەك یان مۆرفیمێك بەتەنیا ببیسرێ، یان بخوێندرێتەوە، وەرگر یان خوێنەر بەزیاتر لەمانایەك تێی بگات)[١]، ئەوە تەمومژی دروست دەکات بەتایبەت لەدیاردەکانی هاوبێژیو فرەواتایدا زۆر بەدیدەکرێت.

هاوبێژ ئەو وشانەن، کە لەشێوەدا یەکن، بەڵام واتایان جیاوازە نمونە:

١. شیر ⟵ شمشێر دێت.

٢. شیر ⟵ شیری خواردن دێت.

فرە واتایی: ئەو وشانەن، کە زیاتر لەواتایەکییان هەیە نمونە:

دەم: ( دەمی مرۆڤ، دەمی داس، کات، دەمی خونچە )

٢) تەمومژی ڕێزمانی:

ئەم جۆرەی تەمومژییە کاتێك دروست دەبێت، کە ڕستەیەك یان فرێزێك زیاتر لەواتایەکی هەبێت، ئەمەش بەهۆکاری ڕێزمانی دروست دەبێت: بۆ نمونە:

٩- ئەمانە بکوژن.

لەبەر ئەوەی گیرەکی وشە داڕێژی /ب/ چۆتە سەر کاری تێپەر کردوویەتی بەناوی بکەرو ڕستەیەکی هەواڵی دروست کردووە بەواتای ( ئەوانە خەڵکیان کوشتووە ) دێت.

---

١- وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ : ٢٩٣ )

بەڵام /ب/ ئەگەر نیشانەی کاری داخوازی وەرگرین ئەوا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی فەرماندان بەواتای ( تۆ ئەمانە بکوژە ) دێت هەروەها لەڕستەی:

١٠- خەمی ولأت کوشتمی.

دوو جۆر واتا لای وەرگر دروست دەبێت، کە، وەرگر نازانێت مەبەست لەواتاکەی:

- خەمی ولأت مەبەستی نیشتیمانە.

یان

- خەمی ولأت مەبەستی کەسێکە.

هەروەها لەنمونەیەکی تردا:

١١- برای ئەو پیاوانە کارەکەی تەواوکرد.

واتای ئەم ڕستەیە ناڕوونە، چونکە نازانرێت مەبەست لەڕستەکە ئەوەیە کە:

- برای ئەو پیاوانە کارەکەی تەواوکرد

یان

- ئەو کەسەی کەکارەکانی کرد برای ئەو پیاوانە بوو.

### ٢-٧/١ ) گرفتە دەروونییەکان:

پەیوەست بەباری دەروونی هەریەك لەنێرەرو وەرگر، لەبەر ئەوەی هەر جۆرە لادانێك لەباری دەروونی نێرەرو وەرگر دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری نێگەتیف بۆ سەر پرۆسەکە، هەر لەبەر ئەوە پێویستە کاتی گونجاو دەوروبەری گونجاو بۆ پرۆسەی گەیاندن ڕەچاو بکەین، چونکە گرفتە دەروونییەکان دوولایەنەیەو بەکارلێکی نێرەرو وەرگر لەسەر یەکتر دروست دەبێت. لێرەوە بەگوێرەی نێرەرو وەرگر گرفتەکان بۆ ئەم خاڵانە دابەش دەبێت:

### ٢-٧/١ - ١) گرفتەکانی پەیوەست بەنێرەر:

کەم توانایی لەئامادەکردنی پەیامو ناڕوونی تێیدا: واتا لەناردنی پەیامی نێرەر بۆ وەرگر مەبەست بەباشی دیارینەکراوەو ئامانجی پەیامەکە ڕوون نییە، کەڕەنگە پەیوەندی بەخۆئامادەکردنی نێرەرەوە هەبێت یان شڵەژاوی باری دەروونیو شەرمو ترس هۆکار بن لەدروست بوندا، نمونە: کاتێك داوا لەکەسێك دەکرێت لەبۆنەیەکی تایبەت یان گشتی وتەیەك پێشکەش بکات، بەڵام نێرەر توشی پاڵەپستۆی دەروونی دەبێتو ناتوانێت، مەبەستەکەی بگەیەنێتە وەرگر، ئەمەش دەبێتە گرفت لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی گەیاندنەکە.

### ٢-٧/١-٢) گرفتەکانی پەیوەست بەوەرگر:

ئەرکی پرۆسەی گەیاندن بەقەدەر نێرەر دەکەوێتە سەر وەرگریش بۆیە هەر گرفتێك دووچاری وەرگر بێت کاریگەری خراپی لەسەر بەردەوامی کردەکە دەبێت ئەو گرفتانەی وەرگر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بریتین لە:[1]

- بەهەڵە وەرگرتنی پەیام

لەئەنجامی پەلە کردن لەشیکردنەوەی مەبەستی پەیامو لانەکردنەوە لەگەیشتن بەوێنەیەکی ڕونو ئاشکرای مەبەستەکە لەو کاتەدا وەرگر دەگاتە ئەنجامێکی گریمانە بۆ کراوی دروستکراوی تێگەشتنی هەڵەی خۆی، کەلەئەنجامدا کاریگەری لەسەر دروستبوونی گەیاندنو لەیەکگەیشتن دەبێتو پرۆسەکە توشی شکست دەبێت.

- خراپ گوێگرتنی وەرگر لەپەیام، چونکە کەرت کردنو هەڵگوازینی هەندێك لەدەربڕاوەکانی پەیامو پشتگوێخستنی هەندێکی تر، هۆکاری سەرەکی نەگەشتنی بیرەکانەو وەرگر توشی بژاردەکاری دەکات بەخواستی خۆیو دوور لەدەوروبەری

١- محەمەد تەها حوسێن ( ٢٠١٣ : ٦٠ - ٦١ )

کۆمەڵایەتی شیکردنەوە بۆ مەبەستی نێرەر دەکات، لەم کاتەشدا ڕەنگە نەك هەر پەیام توشی گرفت بێت، بەڵکو لەوانەیە پرۆسەی گەیاندن هەر ڕوونەدات.

- هۆکارێکی تری پەیوەست بەوەرگر، کەکار دەکاتە سەر پەیامەکە بیرکردنەوەی پێشینەی وەرگرە بەرامبەر خودی نێرەر، چونکە بەشێوەیەك لای خۆی ناساندوویەتی‌و چەند تۆمەتێکی خستۆتە پاڵ یان بوونی هەر هۆکارێکی تر، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی خراپ بۆ پەیامەکە بکات، چونکە کاتێك وەرگر بژاردەکارانە بەدەربڕینەکانی نێرەردا دەچێتەوەو تەنها ئەو دەکاتە وەردەگرێ، کەلەگەڵ بیروبۆچوون و تێڕوانینە پێشوەختەکەی خۆی دەگونجێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵچوونی لایەنی سۆزی‌و ڕاڕابوونی نێرەرو ودروستکردنی گرفت بۆ پرۆسەی گەیاندن‌و تێگەیشتن لای وەرگر.

### ٧/١ -٣ ) گرفتی فیزیکی:

ئەو ژینگەیەی کەکردەی گەیاندنی تێدا ئەنجامدەدرێت، یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی گەیاندن، بوونی ناتەواوی، لە ژینگەی کردەکەدا کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر پرۆسەی تێگەیشتن دەبێت بۆ نمونە: بوونی دووریەکی زۆر لەنێوان نێرەرو وەرگرداو دەنگە دەنگ، ڕووناکی نەگونجاو، پلەی گەرمی نەشیاو، نەبوونی پاك‌و خاوێنی، کەهەندێکجار کار دەکەنە سەر سەرنەکەوتنی پرۆسەی گەیاندن، یان باش نەگەیاندنی پەیام.

### ٧/١- ٤) گرفتی کەناڵەکانی گەیاندن‌و نادروستی هەڵبژاردنی:

کەناڵی گەیاندن ئەو هۆکارەی کەبەکار دێت بۆ گەیاندنی ڕەمزە بەواتا ڕوون کراوەکان. ئەم کەناڵانە زۆر جار توشی گرفت دەبن جا چ کەناڵی ( دەنگ، نوسراو، بینراو، ) بن گرنگە نێرەر لەهەڵبژاردنی کەناڵی گەیاندن دا ئاگادار بێت چونکە هەڵبژاردنی کەناڵ وابەستەیە بەتوانای نێرەر، هەروەها بەکارهێنانی زیاتر لەیەك کەناڵ هەلی سەرکەوتنی پرۆسەکە زیاتر دەکات‌و وەرگر زیاتر مەبەستی پەیام ڕووندەکاتەوە بۆ نمونە: ئەگەر نێرەر جگە لەکەناڵی دەنگی

جوڵەیش بەکاربهێنێت  بۆ زیاتر گەیاندنی بیرەکەی. هەروەها گۆڕینی کەناڵی گەیاندن پێویستە،چونکە کاردەکاتە سەرچالاکبوونی کردەی گەیاندنو ڕاکێشانی وەرگربەئاڕاستەی نێرەر.

**٧/١- ٥) گرفتی کلتوری:**

مەرجە پرۆسەی گەیاندن پابەندی بنەما کلتوریو کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نێرەرو وەرگر بێت، چونکە پرۆسەی گەیاندن سەرکەوتوو نابێ ئەگەر پەیوەست بەدەوروبەرەوە نەبێ، چونکە ئەگەر بنەما کلتوریو کۆمەڵایەتییەکانی نێرەرو وەرگرچوونیەك نەبێت یان زانیاری لەپێشینەیان بەرامبەر یەك نەبێت ئەوە دەبێتە هۆی کەموکورتی لەگەیشتنی مەبەستو ناوەڕۆکی پەیامو پچڕانی کردەکە، چونکە نێرەر ئامادە نییە لەگەڵ کەسێکدا پەیوەندی دروست بکات، کەلەیەکگەیشتن لەنێوانیاندا نەهاتبێتەدی،چونکەکاردانەوەی تێدا دروست نابێت هەرکردەیەکی گەیاندنیش کاردانەوەی تێدا نەبوو، ئەوا ڕەنگە پرۆسەکە توشی شکست ببێت.

**٧/١- ٦) گرفتی فیسیۆلۆژی:**

ئەم گرفتە پەیوەستە بەپێکهاتەی فیسیۆلۆژی نێرەرو وەرگر وەك نەخۆشیەکانی بیستنو بینینو خراپی ئەندامەکانی ئاخاوتن وەیان بوونی ئازارو نەخۆشی، نەخۆشییەکانی ئەندامانی ئاخاوتن وەك لاڵیو زمانگیران.. ... هتد.

# بەشی دووەم

# کاریگەری دەوروبەر لە چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا

## ١/٢) دەوروبەر

دەوروبەر یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی، کە کاریگەری هەیە لەسەر زمانی ئاخاوتن (فێرس firth) و (مالینۆفسکی) وەکو دوو زمانەوان گرنگییان بە دەوروبەر داوە، هەروەها کۆمەڵێك زمانەوانی تری وەکو (هالیدەی سینکلر) و هەروەها (mclutosh)، (Mitchell)، لە دوای ئەوان کاریان لەسەر دەوروبەر کردووە و تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ دەوروبەر هەیە)[١].

کۆی بیروڕای ئەم زمانەوانانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە واتای وشەو زاراوە دەربڕاوەکانی، کەڕۆژانە بەکاردەهێنرێت لە دەوروبەرەوە وەردەگرن. مالینۆفسکی دەڵێت:

(واتای هەموو دەربڕینێك لە باری دەوروبەرەکەیدا دیاریدەکرێت، هەر بۆیە واتای لەگەڵ دەوروبەردا بە یەکسان داناوە)[٢]، بەڵام هەر دەربڕینێك لە دەرەوەی دەوروبەر هەڵگری واتای فەرهەنگی دەربڕاوەکەیە. هەروەها (لیرای) پێیوایە، کە (دەوروبەر بەشێکە لە پلانی گەیاندنی واتای (نێرەر) لێرەدا هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان چی دەڵێن؟ چۆن دەیڵێین؟ چونکە زمان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەوروبەر دروست دەبێت هەرچییەکی تێدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە)[٣]، گەیاندنی واتا لە کاتی ئاخاوتندا، بەتەنیا بەند نییە لەسەر واتای بنەڕەتی دەربڕاوەکە، بەڵکو وابەستەیە بە بوونی زانیاری هاوبەش و ئاستی ڕۆشنبیری و کلتوری نێرەرو وەرگر، لێرەدا گرنگی دەوروبەر لە ئاخاوتندا لە بچوکترین یەکەی ئاخاوتنەوە دەردەکەوێت، واتە واتا لەواتای وشەکانەوە دەست پێدەکات.(مارش) دەڵێت: (بەدوورکەوتنەوە لە دەوروبەر وشەکان واتای خۆیان لەدەست دەدەن)[٤]، هەروەها(ساجیدە عەبدوڵا) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زمان دەبێتە زمان بەهۆی بەکارهێنانی لەباری دەوروبەردا هەرچی تێیدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوە))[٥]، کەواتە لەم تێڕوانینانەوە ئەوە هەڵدێنجین، کە هەموو دەربڕینێك سەرەڕای واتای فەرهەنگی واتایەکی تر لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت، هەروەها بەشێك لە وشەکان کێشەی لێڵی واتاییان هەیە بۆیە لەم بارەیەوە دەگوترێت (وشە لە دەرەوەی چوار چێوە بێواتایە)[٦].

---

١- احمد مختار (١٩٨٢: ٦٨)

٢- ڕەحیم قادر سورخی(٢٠٠٥: ٥٦)

٣- ئاوات ئەحمەد محەمەد (٢٥:٢٠٠٩)

٤- سالم شاکر ( ١٩٩٢: ٣١)

٥- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠٠٣: ١٢)

٦- کلۆد جێرمان، ریمۆن لۆبلان (٢٠٠٦: ٢٩)

لێرەدا دەردەکەوێت، کە لێڵی واتایی وشەکان ڕوونابێتەوە، بۆیە زمانەوانان وەسفی واتای فەرهەنگی وشە دەکەن، کە (زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرێت بەڵام واتای دەوروبەری وشە یەك واتایە و زیاتر لە واتایەك هەڵناگرێت)[1]، تاکو لە چوارچێوەی دەربڕینێکدا بەکارنەهێنرێت، واتە وشەی (کورسی) واتایەکی فەرهەنگی هەیە لە زماندا، بەڵام لە بەکارهێناندا هەڵگری واتای جیاوازە بۆ نمونە:

١- دوو کورسی هێنا.

واتای ئەم ڕستەیە لێڵە، واتایەکی فەرهەنگی هەیە، کە لە واتای خودی وشەکانەوە وەرگیراوە (ئەو دوو کورسی هێناوە)، هەروەها بە واتایەکی تردێت، کە لایەنێکی سیاسی لە هەڵبژاردندا بەپێی ژمارەی دەنگپێدەرانی دوو پاڵێوراوی دەرچووە، بۆ ڕەواندنەوەی لێڵی واتای ئەم ڕستەیە دەوروبەر دیاری دەکات، چونکە ئەگەر ئەم ڕستەیە لە دوکانێکی کورسی فرۆشتندا بەکاربهێنرێت، بێگومان خەیاڵمان بۆ لای کورسی دانیشتن دەچێت، بەڵام ئەگەر لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگوترێت، ئەوا تێدەگەین، کە مەبەستی دەرچوونی دوو پاڵێوراوی لایەنێکی سیاسییە. هەروەها دەوروبەر(هۆکاری سەرەکی ڕوون و ئاشکرای دەربڕینە کورتەکانە، کاتێك مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت)[2].

هەروەها (جۆن لاینز) جەخت لەسەر گرنگی واتای دەوروبەر دەکات و دەڵێت: ((بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێ. کەواتە بەتەواوی ناتوانین بەتەنیا لە واتای وشەیەك بگەڕێین لە کاتێکدا، کە دابڕێت لەو وشانەی، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە ،چونکە وشەکانی تر واتای تاکە وشەکە ڕووندەکەنەوە)[3]. لێرەدا دەگەینە ئەوەی کاتێك وشەیەك لەناو سیاقێکدا بەکاربهێنرێت یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لەواتای ئەم وشەیە و ڕەواندنەوەی لێڵی واتاکەی. کەواتە دەوروبەر ((کرۆکی واتای مەبەست لە هەر ڕۆنانێکی دەقی، یان قسەیی پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوەی دەوروبەر تەنها تیشك ناخاتە سەر وشە و ڕستەکان، بەڵکو تیشك دەخاتە سەر سەرجەم نوسراو گوتراوەکە، لە چێوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان، دەربڕاوەکاندایە، لە هەردەوروبەرێك لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا هەیە)[4].

---

١- علی زوین (١٩٨٦: ١٨٥)

٢- akmajian and other ( ١٩٩٧: ٢٧٦ )

٣- جۆن لاینز (١٩٨٧: ٨٣)

٤-شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣: ٢٣٧)

بەڵام دەگونجێت لە هەندێك بەكارهێناندا واتای فەرهەنگی وشەكان و واتای دەوروبەر تەواوكەری یەكتربن، یان هاوتابن، ئەوە پەیامێكی پتەو پڕ واتا بە دەستەوە دەدات، بەڵام (ئەگەر ڕێكەوتن و هاوسەنگی لە نێوانیاندا نەبێت، ئەوا دەبێتە هۆی واتا شاردنەوە و پەنهانكردنی، واتە ناتوانرێت واتا لە دەوروبەرەكەی جیابكەینەوە، چونكە پێویستە وابەستەیی لە نێوان واتاو دەوروبەردا هەبێت)[1].

هەروەها (لیچ) بەمشێوەیە پێناسەی دەوروبەر دەكات: دەوروبەر ((بریتیە لە زانیارییەكی پێشینە، كە مەزندە دەكرێت هاوبەشبێت لەنێوان نێرەر و وەرگر، كە یارمەتی وەرگر دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەكانی نێرەر لە هەر گوتنێكی دیاریكراودا))[2] بەپێی بۆچوونەكەی (لیچ) دەوروبەر زانیارییەكانی نێوان نێرەر و وەرگر دەگرێتەوە كە دەبنە هۆكاری یارمەتیدانی وەرگر لە بەرانبەر ئەو مەبەستانەی، كە نێرەر هەیەتی بۆ گەیاندنی پەیامەكەی، لە ئەنجامی ئەم پێناسەیەدا دەركەوت دەوروبەر گەورەترین كاریگەری لەسەر دەربڕاوەكانی زمان هەیە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت چەشن و جۆرەكانی دەوروبەر دیاری بكرێت و بخرێتە ڕوو:

### ٢/١-١) چەشن و جۆرەكانی دەوروبەر:

وەكو لە پێشەوە باسمان كرد دەوروبەر گرنگیەكی گەورەی لە دەرخستنی واتای دەربڕاوە زمانییەكاندا هەیە، بۆیە بە پێویستمان زانی بەپێی ئەو گرنگییەی ،كە دەوروبەرهەیەتی و پشتبەستن بە بۆچوونی زمانەوانان دەكرێت دوو جۆر / چەشن لە دەوروبەر دیاری بكرێت:

٢/١-١-١) دەوروبەری زمانی:

٢/١-١-٢) دەوروبەری نازمانی:

### ٢/١-١-١) دەوروبەری زمانی

دەوروبەری زمانی ناوەوەی زمان دەگرێتەوە، كەپەیوەستە بە (ڕۆڵی بەدوایەكداهاتنی وشەكان و ڕیزكردنیان، چونكە ئەم دەوروبەرە بە یاسا و ڕێسا تایبەتییەكانی زمان و وشە و ڕیزبەندییە جۆربەجۆرەكانیەوە بەستراوە)[3].

لە دەوروبەری زمانییدا پاش و پێش هاتنی (فۆنێم و وشە و ڕستەكان كاریگەریان لەسەر دروستبوونی واتای جیاواز هەیە، چونكە بە گۆڕانی ئەو ڕیزبەندییە گۆڕان لە واتادا دروست

---

١- شاخەوان جەلال (٢٠١٣:٢٣٨)

٢- Leech , G ( ١٩٨٣ , ١٣ )

٣- نور الهدى لوشن (١٩٩٥: ٩٨)

دەبێت هەروەها ((بەبێ پشتبەستن بە دەوروبەر ناتوانین لە واتای ڕستە و دەستەواژە و وشەکان بگەین، دەوروبەریش گۆڕانکاری واتایی بەسەرگشت وشەکانی ناو ڕستەدا دێنێت))[1] لەم بۆچوونانەوە دەتوانرێت دەوروبەری زمانی بەسەر سێ چەشنی سەرەکیدا دابەشبکرێت:

١- دەوروبەری زمانی فۆنۆلۆژی

٢- دەوروبەری زمانی مۆرفۆلۆژی

٣- دەوروبەری زمانی سینتاکسی

### ٢/١-١-١-١) دەوروبەری زمانی فۆنۆلۆژی:

ئەم دەوروبەرە لێکۆڵینەوە لە فۆنێم دەکات، بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا ڕوودەدات، دەکرێت زۆر جار دوو جۆر دەنگی جیاواز و دوور لەیەك بۆ یەك فۆنێم دەرببڕدرێت، قسە کردن و ئاخاوتن لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێت، ئەم دەربڕینانەش دەکەونە ژێر کاریگەری فۆنێمەکان، کە دەتوانن کاریگەری لەسەر فۆڕمە زمانییەکان دروست بکەن، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر فۆنێم دەستنیشان کراوە:

١- فۆنێمە کەرتییەکان

٢- فۆنێمە ناکەرتییەکان

١- **فۆنێمە کەرتییەکان:** ((بەو فۆنێمە بنەڕەتییانەی زمان دەوترێت، کە دەتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە))[2]، واتە دەتوانرێت فۆنێم بە فۆنێم جیابکرێتەوە و کاریان لەسەر بکرێت، هەروەها لەدەربڕاوەکاندا دەکەونە تەنیشت یەکەوە و بەپێی شێوە و شوێن و چۆنێتی گۆکردنیان بەکارهێنانی جۆراوجۆریان دەبێت. بۆ نمونە:

أ / سارد ، ب / دەستگیران ، پ /ساڵ

ئەگەر سەیری نمونەکانی (أ و ب و پ) بکەین هەریەکە لە فۆنێمەکان لە چێوەی دروستەیەکی فۆنۆلۆژیدا هاتوون، پاش و پێشی فۆنێمەکە وجێکەوتەکانیان کاریگەری لەسەر دروستکردنی دەوروبەرە زمانییەکە هەیە، کە فۆنێمەکە هەیەتی.

فۆنێمی / س/ هەر جارە و بەشێوازێك دەربڕاوە، کە لە نمونەی (أ) بە /س/ و لە (ب) دابە /ز/ لە (پ) دا بە /ص/ هاتووە.

---

١- ئاوات ئەحمەد (٢٠٠٩: ٢٦)

٢- سۆران عەبدولڕەحمان (٢٠١٤: ٤٩)

٢- فۆنێمە ناکەرتییەکان:-

((ئەو دەنگانەی، کە لە ڕەوتی ئاخاوتنی قسەی نەپچڕاودا دێنە ئاراوە، واتە، کاتێك زنجیرە دەنگەکان دەکەونە تەك یەك و لە چوارچێوەی ئاخاوتندا ئەرکێکی دیاریکراو ڕادەپەڕێنێن، وەك هێز، ئاواز، وەستان))[١].

أ. هێز

فۆنمێنێکی ناکەرتییە ((زیادە وزەیەکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات))[٢] بۆ نمونە: مر~دن مردن~

ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم واتە (مر) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا دەبێتە کار، بەڵام ئەگەر هێز بکەوێتە سەر بڕگەی دووەم واتە (دن) ئەوا دەبێتە ناو لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا.

ب. ئاوازە:

((گۆڕینی پلەی (نەغمە) ی ڕستەیەك بەبێ دەستکاری کردنی وشە و بڕگە و فۆنیم فۆرمێکی ئەو ڕستەیە پێیی دەگوترێت ئاوازە و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو ڕستەیە ))[٣].

ئاوازە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە چالاککردنی فۆڕمە زمانییەکان، پێزی واتایی و ڕەواندنەوەی لێڵی و ئابوریکردنی دەکەوێتە ئەستۆ:

نمونە:

٢- ڤاریا نانەکەی خوارد؟

٣- ڤاریا نانەکەی خوارد.

ئاوازە لە ڕستەی دووەمدا لە بەرزەوە بۆ نزمە، ئەمەش دەیکات بە ڕستەیەکی پرسیاری، بەڵام لە ڕستەی سێیەمدا ئاوازە لە نزمەوە بۆ بەرزە و دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕستەیەکی هەواڵی.

ج .وەستان:

یەکێکە لە سیمای فۆنێمە ناکەرتییەکان بریتییە لە (هەڵوێستەیەکی دەنگی، کە لەکاتی ئاخاوتندا دەنگ بەرەو نزمبوونەوە و لاوازبوونی، یان بێدەنگبوون دەچێت، دەگونجێت ئەم

---

١- عەبدولوەهاب خالید (٢٠٠٩:١١)

٢- وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤: ١٣)

٣- غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٩٣)

وەستانە لەنێوان دوو دەنگ بێت، یان لە نێوان وشەیەك و وشەیەکی تر، یان گرێیەك و گرێیەکی تر، یان ڕستەیەك و ڕستەیەکی تر بێت)[1] .

وەستان هەڵگری واتای تایبەتی خۆیەتی، کەلێڵی واتایی فۆڕمە زمانییەکان دەڕەوێنێتەوە بەپێی (وەستانی تەواو  یان وەستانی ناتەواو)، کە لەنێوان بەشە ئاخاوتنەکەدا دەگۆڕێت وە هێماکانی خاڵبەندی یارمەتی نوسینەکان دەدەن، بۆ نمونە:

٤- هیوا ئارون ، ڤاریای هێنا.

٥- هیوا، ئارون و ڤاریای هێنا.

٦- هیوا، ئارون ڤاریای هێنا.

لەنمونەکانەوە کاریگەری وەستان لەسەر دروستبوونی واتا دەردەکەوێت، بەجۆرێك لەڕستەی(٤)دا وەستان لەدوای دەستەواژەی (هیوا ئارون)ە، کەواتاکەی کردووە بە (هیوای کوڕی ئارون، ڤاریای هێنا بۆ ئێرە، بەڵام لەڕستەی (٥)دا وەستان لە کۆتای وشەی (هیوا)دا واتای ڕستەکەی کردووە بە (هیوا ئارون و ڤاریای هێنا بۆ ئێرە)، هەروەها وەستان لەڕستەی (٦)دا لەدوای (هیوا)یە و هیوا بانگکراوە و هەروەها وەستان لەدوای (ئارون) واتاکەی گۆڕیوە بۆ(هیوا دەزانێ ئارون ڤاریای هێناوە بەواتای خواستوویەتی).

هەروەها دەکرێت لە کۆتایی ڕستەشدا وەستانی کۆتایی هەبێت، واتە هەریەك لەڕستەکانی (هەواڵی، پرسیاری، سەرسوڕمان، داخوازی) لە یەکتر جیابکرێتەوە.

### ١/٢- ١-١-٢) دەوروبەری زمانی مۆرفۆلۆژی:

ئەو دەوروبەرەیە، کە گرنگی بەدابەشبوونی مۆڕفێمەکان دەدات لە چوارچێوەی ڕستەدا، هەروەها گونجان و نەگونجانی ئەم مۆرفێمانە بەپێی شوێنەکانی دابەشبوونیان دیاریدەکرێت، مۆرفێمە بەندو سەربەخۆکان لە دەوروبەرێکی زمانی دیاریکراودا و لە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدەن بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆیان.

١- **مۆرفێمی سەربەخۆ:**

ئەو مۆرفێمەیە، کە بەسەربەخۆیی دێت و واتای هەیە.

٢- **مۆرفێمی بەند:**

أ- مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ.

ب- مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ (سینتاکسی)

---

١- سۆران عەبدولڕەحمان (٢٠١٤: ٥٩)

**أ. مۆرفێمی بەندی وشە داڕێژ:**

پرۆسەیەکە لە ڕێگەی گۆڕینی بەشە ئاخاوتن، یان گۆڕینی واتاوە وشەی نوێ دروست دەبێت، [1] نمونە (مەند، گەر، هەڵ، وە، بەند، نا، نە، چی، ە وان، دەرزیلە).

**ب. مۆرفێمی وشەگۆڕ سینتاکسی:.**

بۆ گەیاندنی چەمك و واتای ڕێزمانی وشەکان، هاوبەشی ڕۆنانی دەستەی فرێز و ڕستەدەکەن[2] وەکو: (ەکە، لە... دا، ب، وە، ە، ان، ێك).

**١/٢-١-١-٣) دەوروبەری زمانی سینتاکسی:**

ئاخاوتن بە پێی یاسا و دەستوری سینتاکسی دەردەبڕێت، بەڵام هەندێجار بەدەر لە دەستور و یاسا ڕێزمانییەکان ئەم دەوروبەرە لێکۆڵینەوە لەو ڕستەیە دەکات، کە وشەیەکی تێدا هاتووە، ئەم دروستەیە وەك یەکێتییەکی ڕستەیی هاوسەنگ تەماشا دەکرێت، لەبەر ئەوەی وشەو فرێزەکان بەپێی ڕیزبەندی دەخرێنە پاڵ یەك، هەروەها کۆمەڵێك پەیوەندی فۆڕمی و ناوەکی بەیەکییانەوە دەبەستێتەوە، بەم پێیە هەر گۆڕانکاریەك لەو دروستە ڕستەییەی (پەیوەندی نێوان دەربڕاوەکان و شوێن و ئەرکیان) بکرێت ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانیان لە واتادا[3]، لێرەدا مەبەست پێی پەیوەندی دوورونزیکی وشەکە لەگەڵ وشەکان لەسەر هێڵێك ڕیز دەکرێن یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دروست دەکات ( لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لەناو چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی، کە کام وشە لەگەڵ کام وشەدا دەگونجێت)[4] بۆ نمونە:

٧- منداڵەکە نانەکەی خوارد.

لێرەدا پەیوەند (منداڵەکە، نان، خوارد) پەیوەندییەکی ئاسۆییە و لە ڕووی سینتاکس و واتاوە دروستە.

---

١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢١)

٢- سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣: ٢٣)

٣- شاخەوان جەلال (٢٠١٣: ٢٤٦)

٤- ساجیدە عبدوڵا (٢٠١٣: ٤٠)

هەروەها پەیوەندی ستونی: بریتییە لە پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەك بەوشەیەکی تر لە هەمان ژینگەدا لەسەر باری ستونی بێئەوەی کار لە ڕستەکە بکات لە ڕووی واتاوە[1]، بۆ نمونە:

٨- کچەکە کتێبەکەی برد .

٩- کوڕەکە کڕی.

١٠- پیاوەکە فرۆشت.

### ٢-١-١/٢) دەوروبەری نازمانی[2]:

لەبەر ئەوەی ناتوانرێت لە هەموو بارەکاندا بۆ ڕوونکردنەوەی واتا پشت بە دەوروبەری زمانی ببەسترێت، لەبەر ئەوەی دەوروبەری نازمانی، ئەگەر ڕۆڵی لە دەوروبەری زمانی زیاتر نەبێت، ئەوا کەمتر نییە، لەکاتی گۆکردنی دەربڕینەکاندا، هەروەك چۆن دەوروبەری زمانی دەوری خۆی هەیە لە ڕوونکردنەوەی لێڵی زمان و گەیاندنی واتا، بەهەمان شێوە ڕۆڵی دەوروبەری نازمانیش کەمتر نییە، بەڵکو لە ڕێگای دەوروبەری نازمانییەوە هەندێك واتا و مەبەست دەردەبڕێت، کە ناتوانرێت لە ڕێگای دەوروبەری زمانییەوە دەربڕێت، کە واتا (دەوروبەری نازمانی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و بەشێکە لە دەوروبەرە گشتیەکە، کە وشەکەی تێدا گۆدەکرێت، هەروەها دەوروبەرە نازمانییەکان هەندێکیان زۆر لە یەکەوە نزیکن)[3]، کە واتا دەوروبەری نازمانی هەموو کاریگەرییەکانی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە.

دەوروبەری نازمانی بەسەرچەند چەشن و جۆری جیاوازدا دابەشکراوە، کە زمانەوانان هاوڕانین لە دابەشکردنی جۆر و چەشنەکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گرنگترین چەشنەکانی دەوروبەری نازمانی بریتین لە:

---

١- تالیب حوسەین عەلی (١٩٩٨: ٣٣)

٢- لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە بە پێی جۆرو چۆنیەتی لێکۆڵینەوەکانیان دەوروبەری نازمانییان بەسەر بەش و جۆری جیاوازدا دابەشکردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە (ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح) لە (٢٠٠٩:٣٠) دا لە ژێر ناونیشانی دەوروبەری زمانییدا چەشن و جۆرەکانی دەوروبەری نازمانییان پۆلێن کردووە، وەکو دەوروبەری (کەلتوری، بارودۆخی هەڵوێست، دەوروبەری دەروونی، دەوروبەری کۆمەڵایەتی، دەوروبەری مەبەست) لێرەدا لێکۆڵەر پۆلێنکردنی دەوروبەری (زمانی و نازمانی) تێکەڵکردووە، چونکە ئەم دەوروبەرانە دەچنە خانەی دەوروبەری نازمانییەوە.

٣- ئارام عەبدولواحید (٢٠١٣: ٢١٧-٢١٨)

### ١/٢ -١-٢ - ١) دەوروبەری دەروونی:[1]

دەوروبەری دەروونی لە کاریگەرترین دەوروبەرە نازمانییەکانە، کە کاردەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ بۆ ئامادەکردنی دەربڕینەکان، بەگشتی دەربڕینەکان بارگاوین بە هەڵچوونە دەروونییەکان، مەگەر قسەکەر بیەوێت بۆ مەبەستێکی تایبەت چاوبەستی لە گوێگر بکات ((دەوروبەری دەروونی هەموو ئەو هەڵچوون و داچوونە دەروونیانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا گوتن و ڕستەکانی دەردەبڕێت و لەبەرامبەریشدا گوێگر چۆن داتاکان شیدەکاتەوە و مەبەستەکانیش چۆن جیادەکاتەوە بە پێیی ئەو بارە دەروونییەی، کە خۆی و قسەکەری تێدایە))[2]، کەواتە ئاستی بەهێزی و کاریگەری هەڵچوونەکانی نێرەر ڕەنگدانەوەی لەسەر کاردانەوەی وەرگردەبێت، چونکە لایەنی دەروونی مرۆڤ هاندەری دەربڕینی هێما زمانییەکانیەتی کەواتە ئەم جۆرە دەوروبەرە ((پابەندە بە پلەی ڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێت و بوونی بۆ دانانرێت، ئەگەر بێت و لایەنێکی دەروونی لە پشتی ئەو هێما زمانییەوە نەبێت))[3]. بۆ نمونە ئەگەر دەربڕینی وشەی (کوێر) لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا ئاساییە و ڕەنگە بە توێژێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ببەسترێتەوە، کە ڕێکخراوێکیان هەیە، بەڵام گوتنی هەمان وشە لە دەوروبەرێکی دەروونی تایبەتدا وەرگر توشی جۆرێك لە هەڵچوون و گرژبوون دەکات، ڕەنگە وەڵامیش بداتەوە، چونکە وا هەست دەکات کە کارێکی نەشیاوی بەرامبەر کراوە.بۆ نمونە:

١١- کوێر بیت.

هەروەها زۆر جار وەرگر زانیاریی لەسەر بارێپێش دەربڕینەکە هەیە ،کە لەلایەن نێرەرەوە ئاڕاستە دەکرێت بۆیە وەڵامێکی بەرامبەری ئاڕاستە دەکات بۆ نمونە:

١٢- أ - پێم وتیت دەمت داخە .

ب. دەزانم کوێت دێشێ، خوا ڕەحم بکات.

---

١ -لێکۆڵەرەوانی لەسەر ئەم چەشنە دەوروبەرە هاوڕانین بۆیە (شاخەوان جەلال ( ٢٠١٣: ٢٤٩) دەوروبەری سۆزی بەکارهێناوە، (ئارام عەبدولواحید) (٢٠١٣: ١٨) دەوروبەری سۆزەکی بەکارهێناوە، (سازان ڕەزا: ٢٠٠٥: ٦٧) دەوروبەری سۆزداری بەکارهێناوە،(ئاڤێستا کەمال) ٢٠٠٩: ١٧) دەوروبەری دەروونی بەکارهێناوە، بەڵام دەوروبەری دەروونی گشتییە و هەموو ئەم زاراوانە لەخۆدەگرێت بۆیە بە باشتر زانرا.

٢-ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ١٧)

٣-سازان ڕەزا (٢٠٠٥: ٦٦)

لێرەوە لە ڕستەی (١٢-ب) دەربڕینەکانی ڕستەی (١٢- أ)بە دەوروبەرێکی دەروونییەوە دەبەستێتەوە، کە نێرەر ڕستەکەی تێدا دەربڕیووە، هەروەها وەرگر شارەزایە بە زانیارییەکانی دەوروبەری نێرەر واتا ئەو بارە دەروونییە و ئەو کێشە و گرفتانەی ،کە دووچاری بووە. کەواتە هەموو ئەو هەڵچوونانەی ،کە بەسەر مرۆڤدا دێت لە (دڵخۆشی، توڕەیی، ترس، شەرم، شلەژان، هتد)، ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان دەبێت لەسەر دەربڕینەکانی، هەندێك جار نەخۆشیە دەرونییەکانیش دەبنە ڕێگر لەبەردەم گەیاندنی بیرەکانی مرۆڤ.

**٢/١-١-٢-٢) دەوروبەری فیزیکی:**

گەیاندنی پەیامی مرۆڤ پێویستی بەبەرجەستەبوون هەیە، لەهەر ناوەندێك دەربڕینێك بگوترێت دەوروبەری فیزیکی بەشداری تێدا دەکات، ((ئەم جۆرەی دەوروبەر ئاماژە بە پەیوەندییە کاتی و شوێنییەکان دەکات کە ئاخاوتنی تێدا ئەنجام دەدات))[١] بەو پێیەی کاتێك کردەی ئاخاوتن لە نێوان نێرەرو وەرگر دەستپێدەکات و بەردەوامی دەبێت لە کات و شوێنێکی دیاریکراودایەو ئەو ڕووداوەی، کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە و شیاوی شوێن و کاتی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاو نەگونجاویان لە ڕووی نەریتە تایبەتی و گشتیەکانەوە دەخاتەڕوو[٢]. هەروەها دەوروبەری فیزیکی جەخت لە شوێنی گفتوگۆکە دەکاتەوە و بەرەو کوێ دەچێت و هەروەها دەرکەوتنی ئەو کەرەستانە، کە لەو دەوروبەرەدا بوونیان هەیە یان بەشداری دەکەن، هەروەها ڕادەی گونجان و نەگونجانیان، کاریگەری هەیە لە گەیاندنی واتای پەیامەکە بۆ نمونە:-

١٣- تکایە مۆبایلەکەت دابخە.

١٤- دەنگت نزم بکەرەوە.

١٥- بانگی ئێوارەی فەرمووە؟

١٦- مەچۆرە دەرەوە.

ئەگەر سەرنجێکی ئەم ڕستانە بدرێت لە دەوروبەری فیزیکدا هەردوو ڕەگەزی کات و شوێنمان بۆ ڕووندەکەنەوە بە شێوەیەك، کە لە ڕستەی (١٣) دا ئاگادارکردنەوەی کەسەکەیە ئێرە مزگەوتە و شوێنی نوێژکردنەزەنگی مۆبایل خەڵکی هەراسان دەکات، لە ڕستەی (١٤)دا لە دەوروبەرە فیزیکییەکەیدا ئاگادارکردنەوەیە، کە ئێرە شوێنێکی گشتییەو نەخۆشخانەیە

---

١- شاخەوان جەلال (٢٠١٣: ٢٥٢)

٢- ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩: ١٣)

بۆتنییە بە دەنگی بەرز قسەبکەیت، هەروەها لە ڕستەی (١٥) دا لە دەوروبەرە فیزیکیەکەی خۆیدا ئاماژە کردنەبەکات، کە ئێوارەیەو کات درەنگە، هەروەها لە ڕستەی (١٦) دا بەپێی دەوروبەرە فیزیکییەکەی خۆی ئاماژەیە بۆ کاتی تاقیکردنەوەکان کاتێك خوێندکارێك زوو تەواو دەبێت، لەلایەن مامۆستای چاودێر ئاگادار دەکرێتەوە ،کە ئێستا بۆتنییە بچیتە دەرەوە، چونکە هێشتا کەمێك لە کاتی تاقیکردنەوەکە تێپەڕبووە.

٣-٢-١-١/٢) دەوروبەری کلتوری:

کلتوری هەرکۆمەڵگەیەك کاریگەری هەیە لەسەر بەخشینی واتا بە یەکە زمانییەکان، جیاوازە لە کلتوری کۆمەڵگایەکی تر لە کۆمەڵگای بەریتانیدا وشەی (rich)، (wealthy) بۆ چینێکی بەرزلە ڕووی ئابورییەوە بەکاردەهێنرێت[١]. هەروەها ئەم جۆرە دەوروبەرە ((ڕۆڵێکی سەربەخۆی لە دەوروبەری بارودۆخ هەیە، کە مەبەست لێی بارودۆخە لە ڕوانگەی دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە))[٢]، هەروەها ئاستی خوێندەواری و جۆری ئایین و شێوەی ژیان و کاروپیشەو لایەنی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییان هەیە لەسەر دەوروبەری کلتوری، لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە زمانییەکان پێویستە پێگەی کلتوری و کۆمەڵایەتی دەربڕاوەکانی دیاری بکرێت ،هەروەها (ساپیر) پێیوایە، کە (وشەکانی زمانێك بە ئاشکرا، ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی گەلێك دەنوێنن و وشەکان ڕەشنوسێکی ئاڵۆزن لە بیرۆکە و حەز و ئەو پیشانەی، کە سەرنجی ڕاکێشاون، بۆیە لە کلتورە جۆراوجۆرەکاندا پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییە پیشەییەکانیش بەتەواوی لە زمانەکەیاندا ڕەنگدەداتە)[٣]. بۆ نمونە: وشەی (سترێس) لە زمانی کوردیدا چینی (ڕۆشنبیر) یان(باڵا) بەرامبەر بە وشەی (ترس/ فشار)، کە لە زمانی قسەکردنی (چینی ناوەند)ە بەکاردێت. ((هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵێك یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەرییەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی))[٤]. پەیوەست بەمەوە ئەگەر لە وشەی (ڕەگ) بڕوانین دەبینین بەپێی ئەو دەوروبەرە کلتوری و کۆمەڵایەتییەی، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت مەبەستی بەکارهێنانی دەگۆڕێت: بۆ نمونە: لەلای زمانەوانێك (ڕەگ) بەواتای (ڕەگی کار) دێت، هەروەها لای پزیشکێکی دان بە

---

١- أحمد مختار عمر (١٩٨٢: ٧)

٢- شاخەوان جەلال (٢٠١٣: ٢٥٢)

٣- پۆل هێنلەر، و: ڕەحیم سورخی (٢٠٠٦: ١١٤-١١٥)

٤- ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩: ١٤)

واتای (ڕەگی دان) دێت، لای مامۆستایەکی بیرکاری بەواتای (ڕەگی ژمارە) دێت، لای کەسانێك، کە پیشەیان کشتوکاڵ کردن بێت بەواتای(ڕەگی ڕووەك) دێت، وە لای (ئەنسرۆپۆلۆجییەك) بەواتای ڕەگ و ریشە یان بنەچە دێت، هەروەها بەپێی پلەو پایەی کۆمەڵایەتیش واتای وشە لە دەوروبەردا دەگۆڕێت بۆ نمونە:

(وشەی ((خاتون / خانم)) بۆ ئافرەتێك بەکاردەهێنرێت کە سەربەچینێکی دەست ڕۆیشتوو یان پلەو پایەی لەناو کۆمەڵدا هەبێت).[1] کەواتا، دەوروبەری کلتوری هۆکارێکی گرنگی گۆڕانی واتای وشەیە بەپێی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان وکات وشوێنی قسەکردن.

## ١/٢-١-٢-٤) دەوروبەری بار/ بابەت:

قسەکردن لە بابەتێك بۆ بابەتێکی تر جیاوازی هەیە، خودی بابەتە قسەلەسەرکراوەکە ڕوونیدەکاتەوە، کە دەربڕاوەکان بە چ واتایەك بەکاردەهێنرێن واتا ((هەڵوێستی یارمەتی زمانی لەگەڵ کاریگەری لە واتای ئەو بابەتانەی ،کە ئاڕاستەکراون واتایەکی تایبەتی بە بابەتی زمان دەدەن))[2] پێویستە وشە بەپێی بارودۆخی قسەکردن بەکاربهێنرێت، چونکە ((بارودۆخ گەورەترین کاریگەری لەسەر واتای ڕستە دروست دەکات، لەبەر ئەوە هەر شوێنێك دەربڕینی خۆی دەوێت))[3] بۆ نمونە: ئەگەر کەسێك لەکاتی سەردانکردنی بۆ لای منداڵێکی تازە لەدایکبوو بڵێت:

١٧- خوا لێی خۆشبێت.

١٨- خوا تەمەن درێژی بکات

دەربڕاوی (١٧) لەبارێکدا دەوترێت کە ئەو کەسە تەمەنی زۆربێت و مردبێت، بەڵام دەربڕاوی (١٨) لەبارێکدا دەوترێت، کە منداڵێك لە دایك بوبێت یان وەکو دوعایەك بۆ کەسێك ،کە لە ژیاندا بێت دەکرێت.

## ١/٢-١-٢-٥) دەوروبەری کۆمەڵایەتی:

سروشتی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگایەك بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی خاوەنی کۆمەڵێك دابونەرێت و یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتییە، کە جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی تاك و قسە کردن و ئاخاوتنی ڕۆژانە هەیە، بۆیە دەوروبەری کۆمەڵایەتی

---

١- عەبدوڵا عەزیز (١٩٩٠: ٤٥)

٢- ئاوات ئەحمەد (٢٠٠٨: ٣١)

٣- نایف خرما (١٩٧٨: ١٢٣)

هەموو ئەو پەیوەندی و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانە لەخۆدەگرێ، کە قسەکەر و گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا [1].
زمان وەك کایەیەکی زیندوو لە هەموو لێوارێکی ژیاندا ڕۆڵ دەبینێت و بەکاردەهێنرێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ((زمان تاك بە کۆمەڵەکەیەوە دەبەستێتەوە و دەیکات بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیو هەستکردن بە ئارامی و لایەنگری کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت))[2]، کەواتا بەپێی جۆری قسەکە هەڵوێستی فەرمی و نافەرمی ئاستی ڕۆشنبیری و کەسایەتی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر دەستنیشان دەکرێت ((دەوروبەری کۆمەڵایەتی بە چەندین یاسای کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە، کە لە نێوان نێرەرو وەرگردا هەیە لە کردەی گوتن و گەیاندن، وابەستە بەبارە کۆمەڵایەتییەکەی، کە تێیدایە))[3]، ئەم دەوروبەرە ڕێگە بە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی یان بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی نێوان نێرەرو وەرگردەدات و وە ڕێگرە لە بەردەم هەندێکی تر، بەتایبەتی ئەو دەربڕاوانەی لە ڕووی بەهای کۆمەڵایەتییەوە لاوازن و دەبنە هۆی دروست بوونی بێڕێزی.
بۆ نمونە:.

١٩- مامۆستا پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

٢٠- دایکە بە ئەرك نەبێت پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە.

٢١- باوکە جوان دانیشە،

٢٢- ڕۆڵە جوان دانیشە.

هەر یەکێك لەم ڕستانەی سەرەوە پابەندە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە ،کە ئاستی هەریەکە لە نێرە و وەرگر پیشان دەدات لە ڕووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی (١٩-٢١) دەبینین لە ڕووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی تەمەن (وەرگر لە نێرەر) گەورەترە، بۆیە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا ڕێگە بەم جۆرە پەیوەندییە نادەن و ناپەسندە، هەر چەندە لە ڕووی سینتاکسی و ڕیزبوونی کەرەستەکانی دروستە، بەڵام لە ڕستەی (٢٠)دا هەرچەندە تەمەنی وەرگر لە نێرەر زیاترە لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتییەوە گەورەترە، بەڵام، چونکە شێوازێك لە ڕێزو نەرمی تێدایە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستە، هەروەها

---

١- ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩: ١٤)

٢- جمعە سید یوسف (١٩٩٠: ٩٩)

٣- سەرچاوەی پێشوو (١٩٩٠: ٩٩)

لەڕستەی (٢٢)دا ڕەچاوی ئاستی تەمەن کراوە و نێرەر لە وەرگر گەورەترە لە ڕووی تەمەنەوە بەڕستەیەکی دروست دادەنرێت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانیش پەسندی دەکەن.

## ٢/٢/ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان

بەگشتی هەر دەربڕاوێك لە زماندا بۆ گەیاندنی بیرێك یان شتێك، لە دەوروبەردا بەکاربێت، چالاکە،بەڵام ڕێژەی ئەم چالاکییە لە نێوان فۆڕمەکاندا جیاوازە، چونکە فۆڕمەکانی زمان لە چالاکییاندا چوونیەك نین بەڵکو بەپێی بارودۆخ و ژینگەی بەکارهێنان جیاوازن.

لەبەر ئەوەی ((هەموو زمانێك خاوەنی پێڕەوە ،کە تەرزی ڕێکخستنی لێماو لێکسیمەکانی تێدا تۆمارکراوە و قسەپێکەرانی هەوڵدەدەن لەکاتی ئاخاوتندا دەستیان پێدا بگات و چالاکیان بکانەوە))[١]، هەروەها ((کۆزانیارییەکان دەربارەی زمان – لێماو لێکسیم)) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نین بەڵکو ڕێکخراون بۆ ئەوەی بە ئاسانی و خێرایی دەستمان پێیان بگات و لە پەیوەندیکردندا چالاکییان بکەینەوە، دەتوانین پێکهاتەی هزر وەك میتافۆرێك بە دوگمە بجوڵێنین، کە لەکاتی بەکارهێنان و پەیوەندیکردندا چالاکدەکرێنەوە، واتە هێما کۆدکراوەکان هەر چییەك بن بەهۆی ئەو دوگمەییە وە چالاکدەکرێن و لە ئێمەدا وەڵامدانەوەیەك بۆ هێماکە دروست دەبێت، پەیوەست بەمەشەوە هەردوو پێکهاتەی (کۆزانیاری) و (چالاککردنەوە) پێکەوە کاردەکەن و بەبەکارهێنانی زمانییەوە دەبەسترێتەوە))[٢]. کەواتە هێماکان لە ئاوەزی مرۆڤدا بوونیان هەیە، بەڵام لەکاتی پێویستی و بەکارهێناندا چالاکدەبنەوە، هەروەها هەموو ئەو هێمایانەی لە ئاوەزی مرۆڤدا هەڵگیراوە لەکاتی دەستپێدا گەشتن و بەکارهێنانیان بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی گەیاندن چالاکدەکرێنەوە بە چالاککردنەوەی هێمایەك چەندین هێمای تر بەدوایخۆیدا چالاکدەکاتەوە، کە پەیوەستە بە دەوروبەری هێما و دونیا بینی نێرەر و وەرگر، چونکە زمان زنجیرەیەکی یەك لەدواییەکی (فۆنیم و مۆرفێم ڕستە) یە، کە تەنها بەکارهێنان و چالاککردنی فۆنێمێك یان مۆرفێمێك بەدەیان فۆڕمی تری هاوشێوەیان چالاك دەبێتەوە، هەروەها کلتوری کۆمەڵایەتی دەورێکی بنەڕەتی هەیە لە چالاککردنی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا، چونکە زۆربەی ((چالاکبونەوەکان لە ژێر کاریگەری گەیاندنی کلتوریدان، زمان لە ڕێگەی کەس و کلتورەوە دەگەیەنرێت، کە بە پرۆسەی گەیاندنی کلتوری ناسراوە ))[٣] ، لەبەر

---

١- شاخەوان جەلال، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣: ٨٥)

٢- سەرچاوەی پێشوو(٢٠١٣ : ٨٦ )

٣- شاخەوان جەلال، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣:٨٨)

ئەوەی شێوازی بەکارهێنان و پێدانی واتا بە فۆڕمەکانی زمان وابەستەیە بە کلتور و ڕۆشنبیری زمانەکە، بۆ نمونە: دەوروبەری کلتوری زمانی کوردی فۆڕمی (نۆبەرە)ی وەك واتایەك بۆ (مندالّی یەکەم) لە خێزاندا بەکارهێناوە، کاتێك ئەم فۆڕمە چالاکدەبێتەوە بەجۆرێك جوتیارێك بۆ سەرەتای پێگەشتنی بەروبووم بەکاریدەهێنێت. هەروەها ناتوانرێت واتای دەربڕاوێك لە واتای تەنیا وشەکانەوە هەڵبگوازرێت، بەڵکو بەشێك لە واتاکەی لە چوار چێوەی ئەو کلتورەوە وەردەگیرێت، کە دەربڕاوەکەی تێدا دەربڕاوە، کە ئەمەش پەیوەندی بە دنیا بینی قسەکەرانەوە هەیە، مەبەست لە دنیا بینی قسەکەران ئەوەیە (( هەر تاکێکی کۆمەڵ لە بیرکردنەوەی تاکەکەسی خۆی و ئەزموونی ژیانییەوە بە جۆرێك جیهان دەبینێت، کە دەگمەنە دوو کەس ئەگەر سەربەیەك کلتوریشبن بیرکردنەوەیان وەکیەك بێت ))[١].

## ١-٢/٢) هۆکارەکانی چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان:[٢]

ڕێژەو ئاستی چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان پەیوەستە بەکۆمەڵێك هۆکار، کەسەرەکیترینیان بریتین لە:

### ١- پێویستی:

هەندێك لەو ئاخاوتنانەی، جێبەجێیان دەکەین ئەنجامی پێویستییە ناچارییەکانەو ئەم بارەش وادەکات جۆری چالاککردنەوە کۆزانیاری و فۆڕمە زمانییەکان بەشێوەی (فەرمان، پرسیارکردن نەرێکردن، پاڕانەوە، دووپاتکردنەوە، پۆزش هێنانەوە) بێت. بۆ نمونە:

٢٣- مندالّەکەم گەیاندە قوتابخانە.

هەر یەکێك لەم فۆڕمانە، کە دروستەی ڕستەیەکی هەوالّییان پێکهێناوە لەگەڵ خۆیاندا ئەو فۆڕمانەی ،کە پەیوەندیدارو  دراوسێیەتیان هەیە و سەربەهەمان کێڵگەن چالاکدەکاتەوە بەم پێیە فۆڕمی > مندالّ < لەگەڵ خۆیدا هزر بۆ فۆڕمەکانی (بچوك، شیرەخۆرە، کوڕ، کچ، بێشکە، گریان، ... هتد) دەبات و چالاکیان دەکاتەوە هەریەکێك لەم فۆڕمانەش وەکو لینکێك درێژ دەبێتەوە تا بەرەو لاوازی بڕۆن، بەرەو کۆتایی دەچێت، هەروەها کاتێك دەربڕاوێکی وەکو:-

٢٤- پاسەکە هات؟

---

١- شاخەوان جەلال (٢٠١٣: ١٠٧)

٢- لە نوسینی ئەم بابەتدا سود لە (شاخەوان جەلال و ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٣: ٨٩ ) وەرگیراوە.

ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت فۆڕمەکانی پەیوەست بە وشەی (پاس) چالاکدەبێتەوە، وەك (فەرمانبەر، کاتژمێر، درەنگکەوتن، بارانبارین، تاقیکردنەوە، سزادان، شوفێرێکی کەمتەرخەم، ..... هتد)

٢- هۆکاری دەرەکی:-

ئەم هۆکارانە لەکاتی ئاخاوتندا بە شێوازێکی هەواڵی دروست دەبێت پێویستییەکی ناچاری ناگەیەنێت وەك لەکاتێکدا چالاککدەبنەوە،کە حوکمێك (ئیدیۆم، پەندی پێشینان) بەکاربهێنرێت بۆ نمونە:

٢٥- بە جلقێك و فلقێکە[١].

بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە نێرەرو وەرگر بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەی لە پێناو زیاتر گەیاندن و تێگەیشتن پەنا بۆ دەربڕینی ئیدیۆمی یان پەندی پێشینان دەبەن مەبەست لە چالاکردنەوەی ئەم فۆڕمە واتاکەیەتی، کە چالاکیدەکاتەوە، چونکە فۆڕمەکانی (بچووکی، بێ نرخی، هیچی، هەرزان، کەم ...هتد) لەلای وەرگر چالاکدەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە،کە بەهۆی دەوروبەری دەرەوەی زمان ناتوانین هەندێك دەربڕاو ڕاستەوخۆ دەربڕین، بەڵکو لەشێوەی ئیدیەم یان پەندی پێشینان دەربڕینەکە ئاڕاستە دەکرێت.

٢٦- دارکرمی لەخۆی نەبێت، هەزار ساڵ دەژی.

فۆڕمەکانی (دوژمن، دۆست، مانەوە، مردن، ناپاکی ..هتد) چالاکدەکاتەوە.

٣- هۆکاری زمانی:

((ئەم هۆکارە تەنها لە خودی زمانەوە دێت، کە چالاکبونەوەی تۆڕی و بەردەوامبوونی چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان واتە فۆڕمێکی زمانی زنجیرەیەك فۆڕمی زمانی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت))[٢]. لەم ڕوانگەیەوە کاتێك چەمکێك کۆد دەکەین بۆ نمونە ((مەقەڵی)) لەگەڵێدا هەندێك لە فۆڕمە پەیوەندیدار و هاوڕێکانی وەك (خەڵوز)، (گۆشت)، (تەماتە) ، (شیش) ...هتد چالاکدەبێتەوە بەتایبەت لە وەرزی بەهار و لەبۆنەی سەیرانکردندا.

٢-٢/٢) کاریگەری دەوروبەری زمانی لە چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا:

زمان لە بەکارهێناندا دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەر، چونکە واتای زمان لە دەوروبەرەوە وەردەگیرێت بەگشتی کاریگەری دەوروبەری زمانی لە چالاکبونی فۆڕمە زمانییەکاندا گرنگی و

---

١ - جەلال مەحمود عەلی (١٩٨٢: ٦٦)

٢- شاخەوان جەلال، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣: ٨٩)

تایبەتی خۆی هەیە، چونکە شێوازی بەدوایەکدا هاتنی فۆنێم و وشە و دەستەواژە و ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێت، لێرەدا کەرەستە زمانییەکان بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە بەردەوام کەرەستەی تری واتای بەدوای خۆیاندا دێنن و ڕەوتە زمانییەکەو بەکارهێنانە واتاییەکان زیاتر چالاکدەکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئاستەکانی چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان بزانین و ڕوونییان بکەینەوە.

**٢/٢-٢-١) ئاستەکانی چالاککردنەوەی فۆڕمەزمانی و نازمانییەکان**

بەکارهێنانی وشە لە ناو سیستەمی ڕستەدا، کە لەگەڵ وشەی تردا دەبێتە هاوسێ و دەکەوێتە دەوروبەرەوە واتایەکی تایبەتی بەدەست دەهێنێت، کە جیاوازە لە واتا فەرهەنگیەکەی، چونکە واتای فەرهەنگی بڵاوە و جێگیرە و ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، بەڵام ئەو واتایەی ،کە دەوروبەری زمانی دەگەیەنێت دیاریکراوە و سنورێکی ئاشکرا و تایبەتمەندییەکی دیاری هەیە گشتگیر نییە و مەرج نییە ڕێکەوتنی کۆمەڵی لەسەر بێت[١]. دەوروبەری زمانی ، (دەوروبەری دەنگی، وشەسازی، ڕستە سازی) دەگرێتەوە:.

**٢/٢-٢-١-١) چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی فۆنۆلۆژیدا:**

چالاکبونەوەی فۆڕمەزمانییەکان بەهۆی دەوروبەری دەنگییەوە (لەکاتی درکاندنی دەنگەکاندا هەر بڕگەیەك بڕگەکەی تەنیشتی خۆی چالاکدەکاتەوە و پرۆسەی تویێژاڵکردنیش یاریدەی ڕوونکردنەوەی ئەم چالاککردنەوەیە دەدات بەوەی نیشانی دەدات، کە هەر وشەیەك بە چ چەشنێك بڕگەکانی دابەشبووە، چۆن هەر بڕگە و توێژاڵێك دەچنە پاڵ یەك لە پێڕەوێکی خستە تەکیەکدا بۆ ئەوەی یەکە ئاڵۆزە زمانییەکان پێکبێنێت[٢]. بۆ نمونە: فۆنێمەکانی /ا ، س/ بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدا دەردەکەون فۆڕمی جیاواز دادەڕێژن، چونکە بەدرکاندنی یەك فۆنێم کۆمەڵێك فۆنێمی تر، کە دراوسێ یان هەمان کێشیان هەیە چالاکدەبنەوە بۆ نمونە:

٢٧- داس

- باس
- پاس
- خاس

---

١- بەکر عومەر ، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣: ٣٧)

٢- ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ٢٨٤)

فۆنێمەکانی /د، ب، پ، خ/ دەوروبەرە دەنگییەکەیەو هۆکاری چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکانە، چونکە فۆڕمی نوێی بەواتای نوێ چالاکردووەتەوە.

۲/۲-۲-۱-۲) چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا:

(پاوەر) وشەسازی بۆ دوو لقی سەرەکی پۆلدەکات، کە (گەردانکردن، وشە ڕۆنان)ە وشە سازی گەردانکردن باس لە فۆڕمەکانی وشەیەك دەکات و وشە ڕۆنانیش باسی دروستبوونی وشەی نوێ دەکات، هەردوو لقەکەی وشەسازی پەیوەست بە دەوروبەرەوە، ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، کەواتا دەوروبەری مۆرفۆلۆژی مۆرفێمەبەند وسەربەستەکانن لە دەوری وشەیەکی فەرهەنگیدا، کە لە ئەنجامدا وشەکە واتایەکی ڕێزمانی یان فەرهەنگی نوێ بەرهەم دەهێنێت)[١].

بۆ نموونە: وشەی (گوڵ) بەپێی ئەو مۆڕفێمە بەندانەی، کە وەریدەگرێت واتە دەوروبەرە سینتاکسییەکەی واتای جیاوازی ڕێزمانی دەگەیەنێت ،کە فۆڕمە جیاوازەکانی وشەکە دەخەنە ڕوو، کە وشەکە بەفۆڕمێکی نوێ بۆ واتایەکی نوێ چالاکدەکاتەوە:-

-۲۸

أ- گوڵ

ب- گوڵێك

پ- گوڵەکان

ت- گوڵەکە

لێرەدا مۆڕفێمە بەندەکانی (ێك، ەکە، ەکە، ان)، وەك دەوروبەرێکی زمانی واتای وشەی (گوڵ) (یان چالاککردووەتەوە بەجۆرێك لە (۲۸ أ) دا بەواتای گوڵ بە شێوەیەکی گشتی هاتووە لە (۲۸ ب) دا یەك گوڵ بە نەناسراوی و لە (۲۸ پ) دا کۆمەڵێك گوڵ بە ناسراوی و لە (۲۸ ت) دا یەك گوڵ بەناسراوی هاتووە، هەروەها کاتێك بە گشتی باسی فۆرمی گوڵ دەکرێت هەموو ئەو ڕووەکانەی پۆلی وشەی گوڵن چالاك دەبێتەوە، چونکە ئێمە، کەباسی گوڵ دەکەین فۆڕمێکی گشتییەو بەدوایدا کۆمەڵێکی زۆری گوڵ خۆی نمایش دەکات. وەکو (بەیبوون، دەمەشێر، شەوبۆ، یاسەمین ...هتد).

۲/۲-۲-۱-۳) چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان لەئاستی سینتاکسدا:

فراوانترین دەوروبەری ڕێزمان یان زمانە بەگشتی، چونکە دانەی زمانی زۆری تێدەکەوێت و دەوروبەرە دەنگی و وشەسازییەکان لەخۆدەگرێت و دیاردە زمانییەکان بەگشتی لەم

---

١- بەکر عومەرعەلی، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣: ٤١)

دەوروبەرەدا ڕوودەدەن، لەلایەکی ترەوە جۆرەکانی تری دەوروبەری نازمانی وەك (دەوروبەری بار، ڕۆشنبیری، سۆزداری) لەم دەوروبەرەدا بەرجەستە و تێکەڵ دەبن[1]. بەگشتی دەوروبەری سینتاکسی بۆ دەوروبەری فرێزی و دەوروبەری ڕستەیی دابەشکراوە.

أ- دەوروبەری فرێزی:

(فرێز بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی گۆکردنێکی سینتاکسی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێتەوە)[2]. فرێزی ناوی یان لە تەنیا ناوێك یان بە یاریدەی دەرخەرێك پێکدێت، دەرخەر لە فرێزی ناویدا زیاتر ڕوونکردنەوە لەسەر دەرخراو دەدات، هەروەها دەرخەر دەوروبەرو هۆکاری چالاکبونەوەی فۆڕمەکەیە. بۆ نمونە:

٢٩-کوڕی زیرەك

(زیرەك)، کە دەرخەری ناوی (کوڕە) وەك دەوروبەرێکی زمانی فۆڕمی (کوڕی) چالاککردووەتەوە، چونکە بەهۆی دەرخەرەکەوە زانیاری لەلای وەرگر بەوێنەی کوڕەکە زیاد دەکات لە سیفەت و شێوازیدا، هەروەها دەرخەری (زیرەك) ڕێگەی بۆ چالاکبونەوەی فۆڕمی تری زمانی خۆشکردووە، کە ڕاستەوخۆ لە ئاوەزی وەرگردا ئامادە دەبن بۆ بەکارهێنان بۆ نمونە:

٣٠- مۆبایلی زیرەك.

٣١- شاشەی زیرەك.

٣٢- پێوەری زیرەك.

٣٣- سەرکردەی زیرەك.

کەواتە هاوەڵناوی (زیرەك) وەك دەرخەرێك فۆڕمەکانی (مۆبایل، پێوەر، شاشە، سەرکردە)ی چالاککردووەتەوە، بێگومان هەریەك لەم فۆڕمانەش لە فێڵدەکەی خۆیدا فۆڕمە پەیوەستەکان چالاکدەکاتەوە، هەروەها هەندێك لە ئاوەڵناوەکان بەهۆی دەوروبەری فرێزییەوە چەند فۆڕمێکی زمانی چالاکدەکەنەوە، بۆ نمونە ئاوەڵناوی (ڕەق)[3]، کە بەواتایی ڕەقی شتێك دێت،

---

١- بەکر عومەر عەلی ، ئازاد ئەحمەد(٢٠١٣ : ٤٢ )

٢- عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠: ١٣)

٣- بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣: ٤٣)

بەڵام لەم نموونانەدا لەواتا فەرهەنگیەکەی خۆی لایداوە لەگەڵ فۆڕمی زمانی تردا هاتووە و چالاکیکردوونەتەوە:

٣٤- قسەی ڕەق.

٣٥- دڵی ڕەق.

٣٦- بەردی ڕەق.

٣٧- نانی ڕەق.

ئاوەڵناوی (ڕەق) بەپێی گۆڕینی جێکەوتەکەی هەر جارە و لەفریزێکدا فۆڕم و واتایەکی نوێی چالاککردووەتەوە وەك لە (٣٤) دا بە فۆڕمی ناخۆش، لە (٣٥) دا فۆڕمی بێ بەزەیی و بێ ڕەحمی لە (٣٦) دا فۆڕمی ڕەقی و لە (٣٧) دا فۆڕمی ڕەقی چالاککردوەتەوە.

**ب- دەوروبەری ڕستە:**

مەبەست لە دەوروبەری ڕستە سنوری ڕستەیە بە گشتی ((ئەو پەیوەندییە ئاسۆیەیە، کە لە نێوان دانە زمانەییەکاندا دروست دەبێت، کاتێك لەسەر هێڵێکی ڕاست بەدواییەکدا دێن و لە ئەنجامدا بیر دەگەیەنرێت))[1]. بەگشتی دەوروبەری ڕستەیی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرێتەوە بەپێی ئەرك و جێکەوتەیان کاریگەری لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان دروست دەکات بۆ نمونە:

١- کردارە بنەڕەتییەکان لە دروستەی کردارە لێکدراوەکاندا واتاکانیان بە دەوروبەرەوە پەیوەست دەبێت، ئەم دەوروبەرەش هۆکارە بۆ چالاکبونەوەی هاوشێوەکانی نمونە: کرداری (خوارد) یەکێکە لە کردارە چالاکەکان، بەڵام پەیوەست بە دەوروبەری ڕستەیی کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی چالاکدەکاتەوە وەکو:

٣٨- نانی خوارد.

٣٩- سوێندی خوارد.

٤٠- خەفەتی خوارد.

٤١- بەرتیلی خوارد.

٤٢- کچەکەی خوارد.

٤٣- پارەکەی خوارد.

٤٤- دنیای خوارد.

---

١- بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣: ٤٤ )

کرداری خوارد تەنیا لە ڕستەی (٣٨)دا بەواتای فەرهەنگی بەکارهاتووە، لە ڕستەکانی تردا بە واتایەکی میتافۆڕی بەکارهاتووە و فۆڕمەکانی (نان، سوێند، خەفەت، کچ، پارە، دنیا) لەگەڵ خۆیدا چالاکردووەتەوە.

٢- مۆرفێمە بەندو ڕێزمانییە وشە داڕێژەکان:

وەك دەوروبەری زمانی هۆکاری چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکانن و ئەم مۆرفێمانەش لەکاتی پێدانی دۆخی ڕێزمانی یان ئەرکی بە فۆڕمەکانی زمان خۆشیان لە بەکارهێناندا چالاکدەبنەوە بۆ نمونە: مۆرفێمی ناسراوی (ەکە)کە دەچێتە سەر (ناوی گشتی و ناسراوی دەکات، بەتایبەت ئەو ناوانەی بەڕواڵەت تاکن، دەشێت پۆلێك، ڕەگەزێك، کۆمەڵێك لەخۆ بگرن، بەڵام بەوەرگرتنی (ەکە) تاکێتیان دیاردەکرێت لە یەکێك لەناو پۆلە ڕەگەزێکدا دیاریدەکرێت و دەبێتە هۆی چالاککردنی ناوە گشتییەکە و جەختکردنەوە و ناساندنی[1]. بۆ نمونە:

٤٥ - کوڕەکە هات.

٤٦ - کوڕەکە نامەیەکی نوسی.

٤٧ - کوڕەکە منداڵەکەی برد.

٤٨- کوڕەکە چیرۆکەکەی خوێندەوە.

لێرەدا مۆرفێمی بەندی ناسراوی (ەکە) فۆڕمی کوڕی چالاککردووەتە، هەروەها بەهۆی ئەم مۆرفێمەوە جارێکی تر فۆڕمی (کوڕ) بەکارهێنانی لە زماندا چالاکبووەتەوە.

٣- هەروەها مۆرفێمی (ەوە)وە فۆڕمەکانی جێناوی نیشانەوەو جێناوی سەربەخۆو پاشگری (ەوە) چالاکدەکاتەوە، بەپێیی ئەو دەوروبەرەی، کەتیایدا بەکاردێت. وەك لەم هێڵکارییەدا دیارە:




هێڵکاری ژمارە (٢) چالاکبونەوە بەهۆی مۆڕفێمی (ەوە)

---

١- ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٩)

هەروەها جێناوەکانی زمانی کوردی کۆمەڵێکی چالاکن بەتایبەت، ئەم چالاکبونەوەیە لەکاتی دەربڕینی بیروبۆچوونی مرۆڤ بەرامبەر شتێك یان ڕووداوێك یان لە جێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ناو چالاکدەبنەوە، بۆ نمونە:-

٤٩ - من پێم باشە نەچیت.

٥٠ - ئەوان بۆ سەرکەوتن هەوڵدەدەن.

٥١ - ئێوەی کۆڵنەدەر جێگەی شانازین.

٥٢ - تۆکەسێکی بەڕێزیت.

٥٣ - حەز بە هاوڕێیەتی تۆ دەکەم.

کەواتە فۆڕمە زمانی و زمانییەکان لە ئاوەزی مرۆڤدا بە شێوەی ئامادەکراوی هەڵگیراون لە کاتی پێویستی بەکارهێناندا چالاکدەبنەوە و لەگەڵ خۆیاندا هەموو ئەو فۆڕمە هاوشێوە و هاوکێشانەی پەیوەستن پێوەی جارێکی تر چالاکدەکاتەوە.

٢-٢-٢/٢) فرەواتایی:-

فرەواتا ((ناوێکە (دال) چەندین ناولێنراو (مدلول)، کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە گرێدەدات))[١]، هەر چەندە زمانەوانان لە بارەی فرەواتاوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، کە هەندێکیان وەك هاوبێژ و هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە سەیری دەکەن. کەواتا فرەواتا بریتیە لە: وشەیەك کە چەندواتایەکی هەیە، هەموو واتاکانیش پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ئەمەش بە ڕێگای (خواستن، لێکچوونی شێوە و ئەرك، گۆڕانی واتا هاتونەتەکایەوە )[٢]، کەواتا بوونی فرەواتایی پەیوەندی پتەوی بە چالاکی وشەوە هەیە، فرەواتایش هۆکارێکی چالاکی چالاکبونی دەربڕینەکانی مرۆڤە بە (زمانی و نازمانییەوە). بوونی فرەواتایی هۆکاری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە بۆیە دەوترێت:

((فرەواتایی کورتی نییە لە زماندا، بەڵکو تایبەتییەتی گرنگییەتی، ئەگەر فرەواتایی نەبێت، دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێت))[٣]، هەروەها ((وشە جیاجیاکانی زمان واتای جیاوازییان هەیە، هەندێك جار هەمان وشە بۆ خۆی چەند واتایەکی جیاوازی هەیە))[٤].

---

١- کلۆد جێرمان، ڕیمون لۆبلان، و: یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٦ : ٢٧)

٢- ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی (٢٠١٣: ٥٤)

٣- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٤: ١٧٠)

٤- جۆن لاینز (١٩٨٧: ٤٨).

ماناکانی فرەواتایی (زۆر لەیەك نزیکن بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سیما واتاییەکاندا، لەچەمکی واتای سەرەکیدا، هەردووکیان دوو کۆمەڵە سیمای لەیەك نزیك وەردەگرن)[١]، بۆ نمونە:

٥٤- هەڵچوون = هەڵ = بەرزبوونەوەی شتێکە، کە بابەتی شلەمەنی بێت.

٥٥- شیرەکە هەڵچوو.

٥٦- هەڵ = بەرزبونەوەی ڕووەك بەشێوەیەکی گشتی بەرەو ئاسمان.

٥٧- ئەو دارە هەڵچوو.

هەروەها وشە فرەواتاییەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە:.

بۆ نمونە:.

٥٨- گرتنەوە
بۆ دەست
بۆ دەرمان
بەلوعە
کەوتنە خوارەوەی شتێك

٥٩- بەردان
بۆ ئاو
بۆ خوێن
بۆ ژن
بۆ پیاو

(واتا جۆراوجۆرەکانی فرەواتایی لە فەرهەنگدا دەکەونە چوارچێوەی هەمان دەروازەوە).[٢] بۆ نمونە: فۆنێمی (ب)دەتوانێت:

ب
بکە: کاری داخوازی دروست کرد.
بخۆر: چۆتە سەر ڕەگی چاوگ سیفەتی بکەری دروست کردووە.

---

١- محەمەد مەعروف فتاح، سەباح رەشید (٢٠٠٦: ٦٦)

٢- سەرچاوەی پێشوو (٢٠٠٦ : ٦٦)

هەروەها ((دیارترین پەیوەندی لە نێوان واتاکانی فرەواتاییدا پەیوەندی خواستنە))[1]، هەروەها فرەواتای لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەبینرێت هەر ئەوەشە بۆتە هۆی چالاککردنەوەی فۆڕمەکانی زمان بۆ نمونە:[2]

١-لەئاستی ڕستەدا:. ← بەواتای هەڵکردنی ئاگر.

٦٠ - دیسان ئاگرینایەوە ← بەواتای دروستکردنی شەڕو ئاژاوە.

٢- لەئاستی وشەدا:.

٦١ - توند ← بەواتای کەم ئاوی بۆ (هەویر)
← توندکردنی شتێك
← بیبەر
← ڕەفتار

٣- لە ئاستی مۆرفێمی بەنددا:-

٦٢- تیَ[3] ← تێکردن
← تێخست
← تێچوون
← تێنان

فرەواتا وەك لایەنێکی دەوروبەری زمانی کاریگەری لەسەر چالاکردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان هەیە، بەتایبەتی ئەم کاریگەرییە لە دەوروبەرداچالاکترە، بۆنمونە: کاتێك وشەی (سوك) بەپێیی ئەودەوروبەرەی تێییدابەکاردێت فۆڕمەکانی (کەم، بەدڕەوشت، کێشی کەمە، قورس نییە، زۆرنییە) چالاکدەکاتەوە.

---

١- اف. ار.بالمر (١٩٨٥: ١١٩)

٢- سەباح ڕەشید (٢٠٠٠: ٢٧ -٢٩)

٣- هەندێك جار بەهۆی مۆرفێمە بەندەکانەوە فرەواتایی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو وشانەی، کە واتای تابۆییان هەیە، هەر چەندە ئەمانە کارن و کردەیەك جێبەجێ دەکەن، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەری جیاوازدا واتایەکی (تابۆ)ییان دەبێت.

**٣/٢) کاریگەری دەوروبەری نازمانی لەچالاکردنەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکاندا:**

بەشێوازێکی گشتی دەوروبەری نازمانی کاریگەری بەرچاوی هەیە، لە چالاککردنەوەی فۆڕمە(زمانی و نازمانییەکان) دا، کەپەیوەندی بەباری کۆمەلایەتی و دەروونی و مێژووییەوە هەیە، لەپرۆسەی پەیوەندی و گەیاندندا، دەربڕاوە زمانییەکان سەرەڕای چالاکبونی خۆیان دەکەونە ژێر کاریگەری دەوروبەری نازمانی و جارێکیتر گۆڕانکاری و چالاکی لەشێوەی بەکارهێنانی فۆڕمەکەو کات و شوێنی بەکارهێناندا دەکەن، چونکە دەربڕاوەکان واتا لەدەوروبەرەوە وەردەگرن،دەوروبەری دەربڕاوەکان لەشێوەی دروستەیەکی زمانی پەیوەست بەدەوروبەرە نازمانییەکە ڕێکدەخات، پاشان ئاڕاستەی وەرگری دەکات، هەروەها دەوروبەری نازمانی بەکارهێنانی دەربڕاوێك بەچەندین واتای جیاجیاو بەپێی بەکارهێنانی جۆری دەوروبەرەکە پیشاندەدات، کەئەمەش چالاکبونەوەی فۆڕمەکان دەهێنێتە ئاراوە، بۆ نمونە لەدەوروبەرێکی کۆمەلایەتییدا کاتێك باس لەبۆنەیەکی وەکو (جەژن) دەکرێت، لەڕوانگەی ئەو دەوروبەرەی، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە کۆمەڵێك واتای جیاوازو بەکارهێنانی جیاواز چالاکدەکاتەوە و سەر دەکێشێت بۆ لێکۆڵینەوە لەدەوروبەری (وشەکە) وەکو جەژن کاتێك (دێتەوە)، کەپێشتر مانگی ڕەمەزان یان مانگی قوربان، کەمانگی حەجکردنە هەبووە، هەروەها جگە لەجەژنی (ڕەمەزان و قوربان) دەمانبات بۆ بیرکردنەوە لەجەژنێکی تر، کە ئەویش جەژنی (نەورۆزە) و بۆنەیەکی نەتەوایەتییە و چالاکدەبێتەوە، کەواتا لێرەوە کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە و ڕستەی تر چالاکدەبێتەوە، کە لەگەڵ بۆنەی جەژندا پەیوەندییەکی پتەویان هەیە لەوانەش پرۆسەی سەردانکردن و داوای گەردن ئازادیکردن، چێشت لێنان، بازاڕیکردن، گرانبوونی کەلوپەل ... هتد)، لەبەر ئەوە ((گەڕانەوە بۆ سەرجەمی ئاخاوتن و ئەو هەلومەرجانەی، کەدەوری ئاخاوتنێکی دیارکراو دەدات، ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بەبەکارهێنانی کۆمەلایەتی زمانەوە))[١]،

**٣/٢ – ١) کاریگەری ئایینی:**

ئایین وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەتی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر چالاککردن و بەکارهێنانی وشە و زاراوە تایبەتییەکان، چونکە خودی ئایین کاتێك بووە ئایینی فەرمی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵێك وشەو زاراوەی نوێی هێنایە ناو زمانەکەمان، کەبووە هۆی دەوڵەمەندکردنی (فەرهەنگ) ی زمان . هەروەها ئایین کۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی

---

١- شاخەوان جەلال ( ٢٠١٣: ٢٤٧ ).

هەیە کە کاریگەریان لەسەر دەربڕاوە زمانی و نازمانییەکان هەیە، بەجۆرێك تاك وابەستەی ئەو ڕێسایانەیەو پەیڕەویان دەکات، چونکە ((ئەو وشەیەی چەمك و بیرەکەی بچێتە چوارچێوەی دین و بیرو باوەڕەوە ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر عەقڵ و هۆش و بیروباوەڕو هەست و نەست لەبەر پیرۆزییان خەڵکی بەگڕوتین و شەوقەوە بەرەو ڕویان دەچن))[1]، هەروەها کۆمەڵگەی کوردی، کەزۆربەی تاکەکانی موسوڵمانن،کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر وشەو دەستەواژەکانی زمانەکە بەڕوونی دیارە، بەتایبەتی هەندێ دەستەواژەو وشە، کە جۆرێك لەگەورەیی و پیرۆزییان هەیە بەردەوام چالاکن و لەبوارەکەی خۆیاندا وشەی تریش چالاك دەکەن وەکو: (خوا، پێغەمبەر، مەلائیکە، قورئان، کەعبە، شێخ، مەلا، سەید، ... هتد)، هەروەها ئایین بەجۆرێك تێکەڵ بەدابونەریت و کلتوربووە، کەزۆرجار بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوریی و زۆر جار سیاسیەکانیش پەنا دەبرێتە بەر کەسایەتییە ئایینیەکان بۆ چارەسەری کێشەکان. ئایین: یەکێکە لەو نەریتە ڕەسەنانەی کۆمەڵگای کوردی، کەبەهۆیەوە فۆڕمە زمانی و نازمانییەکانی ئەم زمانەی، چالاککردووەتەوە، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەست بەدەوروبەرەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. بۆ نمونە: لەبۆنەیەکی ئایینی وەك (ڕەمەزاندا) کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاکدەبێتەوە.

٦٣ - ڕەمەزان مانگی ئارامی دڵەکان.

٦٤ - لەمانگی ڕەمەزاندا موسڵمانان بەڕۆژو دەبن.

٦٥ - ڕۆڵە دەبێت ڕۆژوەکانت بگریت.

ئەگەر لەدەوروبەرێکی فیزیکییەوە، سەیری ئەم نمونەیە بکرێت، باس لەکۆمەڵگایەکی موسوڵمانە لەکاتی ئێستادا و شوێنەکەی خێزانێکی موسوڵمانە و کاتەکەشی مانگی ڕەمەزانە لەم مانگەدا خەڵکی موسوڵمان بەشێوەیەکی گشتی بەڕۆژو دەبن.

ئەگەر لەدەوروبەرێکی کلتورییەوە بڕوانرێت، کۆمەڵگەی کوردی زۆرینەی موسڵمانە گرتنی ڕۆژو لەڕەمەزاندا بۆتە کلتور، هەرچەندە ئەمە لەکۆمەڵگایەکی ناموسڵماندا شێوازێکی جیاوازی هەیە بەپێی کلتوری خۆیان، وەبەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئاستی پەیوەندی نێوان (نێرەرو وەرگر) پەیوەندییەکی پتەوی خێزانی نێوان (دایك و کوڕ) یان (باوك و کوڕ)ە.

نێرەر لەڕووی تەمەنەوە لەوەرگر گەورەترە ئەوەش بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە شێوازێکی گونجاوە، لەڕووی دەروونییەوە ڕستەکە هەڵچوونێکی دەروونی هەیە لەلایەنی

---

١- فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٥٣ ).

(نێرەر)وە، کە بەشێوەی فەرماندان و ئاگادارکردنەوە و کەمێك هەڕەشەو نەرمی نواند (وەرگر) ئاڕاستە دەکات بۆ بەجێهێنانی کارێك، هەروەها لەڕێگەی چەمکی (ڕەمەزان) ەوە کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی و نازمانی پەیوەست بەڕەمەزانەوە چالاك دەبنەوە وەك:

(پارشێو، بەربانگ، نوێژ، تەراویح، مزگەوت، مەلا، قورئان، زیکر، خورما، شیرینی، ناوساجی، وتاری ئایینی، پارە، جەژن، ڕۆژو گرتن، شەربەت، گەرما، دەستنوێژگرتن).

هەروەها جگە لە فۆڕمی زمانی لەگەڵ وشەی (ڕەمەزاندا) چەندین فۆڕمی نازمانی چالاکدەبێتەوە پەیوەست بەدەوروبەرەوە:

- باڵاپۆشی ئافرەتان
- هەڵواسینی پەردە لەچێشتخانەو خواردنگەکان.

بەبینی ئەم پەردەیە ڕاستەوخۆ لەئاوەزی مرۆڤدا پەیامێك دەوروژێنرێت، کە ئەمرۆ مانگی ڕەمەزانە و خەڵکی بەڕۆژوە، دروست نییە لەبەر ڕێز بەبەرچاوی خەڵکەوە خواردن بخورێت.

- ئاپۆڕای خەڵکی و قەرەباڵخی:
- ئەمە یەکێکە لەدیمەنەکانی ئێواران، کەخەڵکی بەپێی حەزو خواستەکانیان پێداویستییەکانیان لەبازاڕ دەکڕن، کەئەمەش ئاماژەیە بۆ بەڕۆژوبوونی خەڵکی.
- مزگەوت: بەشێوازێکی گشتی مزگەوتەکان لەڕەمەزاندا بەڕێژەیەکی زۆر بەرچاو پڕن لەنوێژخوێنان، کەبۆ خوا پەرستی ڕووی تێدەکەن.
- سیمای دەموچاو و ڕووی خەڵکی ئاماژەیە بۆ هیلاکی و بێتاقەتی .

هەروەها لەبۆنەیەکی تری ئایینی وەك (حەج) کردن بۆ خۆی چالاکبونەوەیەکی فۆڕمی زمانی و نازمانی بەدوای خۆیدا دێنێت.

٦٦ - ئەمساڵ باوکم دەچێت بۆ حەج.

ئەگەر سەرنج بدرێتە وشەی (حەج) لەم ڕستەیەدا بەپێی ئەو دەوروبەرە نازمانییەی، کە ڕستەکەی تێدا گۆکراوە، دەردەکەوێت، کە:

**پەیوەست بەکاتەوە:** لەدەوروبەری فیزیکی دا کات و شوێنەکان بەپێی پێوەرە ئایینییەکان ڕێکخراوە، چونکە کاتی (حەجکردن) دیاریکراوە، هەروەها شوێنەکەشی دیارکراوە بۆیە بەدەر

لەو شوێن و کاتە ناتوانرێت ڕێوڕەسمەکە ئەنجامبدرێت و جێگەی قبوڵکردن نیە. پەیوەست بەبابەتەوە لێرەدا دیاریکراوە کەبەجێهێنانی دوو ڕووکنی گرنگی ئایینی ئیسلامە.

**پەیوەست بەشوێن:** ئەنجامدانی فەریزەی حەج تەنها لە (مەککەی پیرۆز)ە، کە خودی مەراسیمەکە لەناو حەرەمی کەعبەدا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام تایبەت بە (ڕەمەزان) شوێن هەموو جێگەیەکی سەر ڕووی زەوییە.

**ڕووداو:** هەر یەکێك لەم بۆنە ئایینیانە ڕووداوێکە و کردەیەکی ڕاپەڕاندنە جا چ بەباری ئەرێنی یان نەرێنی بێت، دەبێت ڕووداوەکە یەکلایی ببێتەوە . هەروەها مەبەستی نێرەر بۆ وەرگر مەرجە بەپێی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن لەڕووداوەکە بڕوانرێت، کەئایا ئەو پەیامە پەیوەست بەکام پێوەرە؟ ئایا بەشێوازێکی درێژبڕی، یان کورتبڕی ئاڕاستەکراوە، هەر چەندە لێرەدا پەیام بەشێوەیەکی کورتبڕی ئاڕاستە کراوە، بەڵام توانیویەتی ناوەڕۆکی پەیام بۆ وەرگر ئاشنا بکات.

هەروەها کۆمەڵێك وشەو دەربڕین پەیوەست بەم چەمکە چالاکدەبێتەوە ئەوانیش فۆڕمی زمانی و فۆڕمی نازمانین.

کاتێك باسی وشەی حەج دەکرێت ئەوەی چالاکدەبێتەوە بەبێ ویستی نێرەرە، بەڵکو سروستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بەپێی هەر بۆنەیەك وشەکانی دراوسێی یان پەیوەند پێوەی چالاکدەبنەوە:

بۆ نمونە:

(کۆمپانیای حەج و عومرە، ئاوی زەمزەم، ئیحرام بەستن، قورئان، مەککە، فڕۆکە، خورمای عەجووە، سەفا، پارە، دیاری، سەردانکردن، حاجی، ئوتێل، پاس، بەردەڕەشەکە، ڕەوزەی پێغەمبەر، مەدینە).هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی، کەپەیوەست بە (حەج)وە چالاکدەبنەوە بریتییە لە:بەستنی ئیحرام و جلی سپی بۆ پیاوان ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، شەیتان ڕەجمکردن: هێمایەکی نازمانیە و پێمان دەڵێت ئەوا من ڕوومکردە خوای گەورە فەرمانەکانی ئەوم بەجێهێنا و پشتم لەتۆکرد، هەروەها (سەفاو مەڕوە)، کەسەرکەوتن و هاتنە خوارەوەیە دیسان ئەم ئاماژانە کۆمەڵێك فۆڕمی نازمانی دەگەیەنن، هەروەها تەوافکردن بەدەوری کەعبەدا و سوڕانەوەی ئاماژەیەکی نازمانییە و داواکردنی لێخۆشبوون لەئاگرو گەیشتنە بەڕەزامەندی خوای گەورە.

### ٣/٢- ٢) کاریگەری سیاسی:

سیاسەت (یەکێکە لەلایەنەکانی ژیان، کەبۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی بەرادەیەکی یەکجار زۆر، پشت بەزمان دەبەستێت، بەجێهێنانی ئەم مەبەستانەش (لەئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانن)[١]، سیاسیەکان بەتەنها دەسەڵاتیان لەچوارچێوەی حکومڕانی وڵاتدا نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکەیان بەناو زمانیشدا شۆڕبۆتەوە، بەهۆی رووداوە سیاسیەکانەوە کۆمەڵێك وشەو زاراوە چالاکدەبنەوە وبەکارهێنانیان زۆر فراوان دەبێت بێگومان ئەم چالاکبونەوەیەش بەتەنها فۆرمی زمانی ناگرێتەوە، بەڵکو فۆرمە نازمانییەکانیش لەکاتی پرۆسە سیاسیەکاندا چالاك دەبنەوە، بەتایبەتی لەکاتی جەنگ و هەڵبژاردن، کۆمەڵێك وشە چالاکدەبنەوە، کەتایبەتن بەو بوارەو دەبنە هۆی هاندان، کە هاونیشتیمانیان بەسۆزەوە بەرەو پرۆسەکە هەنگاو بنێن. هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و شارەوانییەکاندا کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە و ڕستە دەبنە زمانی ڕۆژو ڕاگەیاندنەکان دەیانکەن بەسەر تۆپی هەواڵەکانیان. بۆ نمونە

٦٧ - مانگی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکات.

٦٨ - یاسای خانەنشینی لەپەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

ئەگەر ئێمە بەپێی بارو دۆخ و دەوروبەر لەخودی وشەی (پەرلەمان) بکۆڵینەوە دەبینین وەکو لینکێك بەردەوام درێژبونەوەی چالاکبونەوەکان بەردەوامی دەبێت. بۆ نمونە:

لە (٦٧)دا کات بەهۆی هاوەڵکاری کاتییەوە دیاریکراوە، کە مانگی داهاتووە، بەڵام لە (٦٨)دا کات ڕابردووە. هەروەها لە (٦٧)دا شوێن بەئاشکرایی دیاریکراوە (پەرلەمانی کوردستان) واتە کوردستانە، بەڵام لە (٦٨)دا شوێن دیارینەکراوە، بۆیە ئالۆزییەك لەلای وەرگر دروستبووە کەمەبەست کام پەرلەمانە و لەکوێ یە؟ واتە وەڵامی شوێن نادیارە، هەروەها هەردوو ڕستەکە هەواڵێك دەردەبڕن، کەڕووداوێکە بەجێهێنانی کردەکەیە خوێندنەوە یان پەسەندکردنی یاسا کەیە. هەروەها هەرچەندە، ((نێرەر))[٢] بەکورتی پەیام ئاڕاستەی وەرگر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکی پەیامی گەیاندووەتە (وەرگر)، پەیوەست بەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن، نێرەر پەیامەکەی بەکورتبڕی ئاڕاستەی وەرگر دەکات ئەوە سەبارەت بەڕستەی (٦٧)

---

١- هێمن عەبدولحەمید شەمس ( ٢٠٠٦: ١٣ )

٢- هەندێك جار مەرج نییە پەیامەکەی نێرەر ڕاست و دروست و لەشوێنی خۆیدا بێت، بەڵکو بۆ پەیداکردنی زۆرترین وەرگر، یان کڕیار، یان لایەنگر پەیامی نادروست بڵاودەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ناوەندەی پەیامەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت شوێنی متمانە بێت.

گونجاوە و پەیام ڕۆشنە، بەڵام وابەستە بەڕستەی (٦٨) پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاترە، کەکەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە؟ کەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت؟ کەی پەسەند دەکرێت؟ لەکوێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە؟ کەواتا لێرەدا پەیام نەیتوانیوە سود لەکورتبڕی وەرگرێت، چونکە بەکەموکورتی پەیامەکە شکاوەتەوە و وەرگری توشی لێڵی ڕێزمانی کردووەو لەناوەڕۆکی پەیامەکە تێناگات، هەروەها ئەو هێما نازمانییانەی لەم بۆنەیەدا چالاکدەبنەوە بریتین لە:

هەڵواسینی وێنەو پۆستەر: کەهەر کەسێك ئەم وێنەو پۆستەرانە ببینێت ڕاستەوخۆ تێدەگات، کەهەڵبژاردن بەم نزیکانە ئەنجام دەدرێت. ئەمە ڕەنگی (......)ەو کاندیدی ژمارە (.....) یەو لەلیستی (.....)ە.

### ٣/٢- ٣) کاریگەری ئابوری:

هەندێك دەستەی جیاوازی کۆمەڵایەتی هەیە، کەشێوازی تایبەت، بەقسەکردنی خۆیان هەیە، لایەنی ئابوری هۆکارێکی پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبەکارهێنانی زمانەوە هەیە، لێرەدا تایبەت بەبۆنەی ئابوری چەندین وشەو زاراوە بەکاردەهێنرێت، کەبەردەوام ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە و بوونەتە هۆکاری چالاککردنەوەی فۆڕمە زمانییەکان و لەگەڵ خۆیان هەموو ئەو وشانەی، کەپەیوەندییان پێوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە چالاکدەبنەوە.

بۆ نمونە: بەهۆی نەهاتنی بوجەوە وەبەرهێنان وەستاوە.

٧٠- گیرفانی خاڵی.

٧١- سێ مانگ جارێ موچە دێت.

٧٢- زۆربوونی هەژاری و نەدانی کرێی خانوو.

٧٣- مووچە خۆری بندیوار.

٧٤- ناردنی نەوت بەرامبەر بوجە.

٧٥- پەسەندکردنی پڕۆژە بوجە.

٧٦- بڕینی دوو مووچە.

٧٧- قەیرانی دارایی.

٧٨- وەزیری دارایی.

٧٩- تەنكەری نەوت.

٨٠- بۆرییە نەوتەكان.

٨١- پترۆ دۆلار.

٨٢- دابەزینی نرخی نەوت.

٨٣- ڕێكەوتنی نێوان هەولێر – بەغداد.

٨٤- كەمكردنەوەی خەرجییەكانی حكومەت.

٨٥- نەناردنی پارە لەلایەن بەغداوە.

٨٦- كەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری.

٨٧- خۆپیشاندان.

٨٨- گرتنی شەقام.

بۆ نمونە:

هەفتەی داهاتوو مووچەی ئەم وەزارەتانە دەدرێت.

لێرەدا فۆڕمی زمانی (مووچە) بەپێی ئەو دەوروبەرە نازمانییانەی تێدابەكاردێت، ژمارەیەك فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاكدەكاتەوە، كەبەردەوام دەبنە قسەی زاری خەڵك و سەرتۆپی گۆڤارو ڕۆژنامەكان و هەواڵی یەكەمی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن . بۆ نمونە كاتێك باسی (مووچە) دەكرێت، هەموو ئەو چەمكانەی، كەمووچە بەڕێوەیان دەبات و دەستی هەیە لەدروستبوون و بەرەو پێشچوونیان چالاك دەبنەوە، بەتایبەتی لە قەیرانی دارایی، كەزۆر جار بەرۆكی ئەم هەرێمە دەگرێت.

ئەگەر تێبینی ئەم ڕستەیە بكەین:-

لەڕووی كاتەوە، كاتی ڕوودانی كارەكە ئاشكرایە، كەهەفتەی داهاتووە و بابەتیش پێدانی مووچەی فەرمانبەرانە، ئەو شوێنەی، كەڕووداوەكەی تێدا بەرجەستە دەبێت (وەزارەت)ە، كەبەرپرسە لەپێدانی مووچەی سەرجەم دامودەزگاكانی وڵات.

ڕووداوی كارەكە پێدانی مووچەیە، كەڕاپەڕاندنی ئەركێكە لەپێدان یان وەرگرتنی مووچە، هەروەها پەیام ئاڕاستەی وەرگر كراوە بەناوەندێكی گواستنەوە، كەمەرجە جێگەی متمانە بێت، چونكە زۆر جار بەمەبەستی وروژاندنی باری دەروونی خەڵك نێرەر پەیامی نادروست ئاڕاستەی وەرگر دەكات لێرەشدا كاردانەوەی وەرگر بەدوای خۆیدا دێنێت، هەروەها پەیام

پەیوەستە بەپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، کەنێرەر پەیامی بەشێوازێکی کورتبڕی ئاڕاستەی وەرگر کردووە، کەناوەڕۆکەکەی لای وەرگر ڕوونە. هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی لەم بوارەدا چالاکدەبنەوە بریتین لە: دەرکەوتنی وێنەی پارە لەکاتی باسکردنی مووچە، کۆبوونەوەی خەڵك و خۆپیشاندان، چۆڵبوونی بازاڕ و مۆڵەکان، هەروەها دروستکردنی کاریکاتێر لەسەر مووچە و پارە.

# بەشی سێیەم

# چالاکبونەوەی فۆڕمەزمانی و نازمانییەکان لەبۆنەو پیشە کۆمەڵایەتییەکاندا :

### ١/٣) بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:

مەیلی کۆمەڵایەتی لەمرۆڤدا بونێکی سروشتییەو هانی دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی جێگەی خۆی بکاتەوەو پەیڕەوی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە بکات، کەکۆمەڵگا بۆی دیاریکردووە، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەژیان بدات ، پێویستە پابەندی یاساکانی بێت، چونکە دەرچوون لەیاسا کۆمەڵایەتییەکان ، مرۆڤ دەخاتە دەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆیە(دۆرکایم)، ((پێیوایە تاك هەر لەگەڵ لەدایکبوونییەوە، خۆی لەنێو چوارچێوەی چەند یاساو ئەحکامێکدا دەبینێتەوە، کەنەدەتوانێت بیگۆڕێت و نەلەگرنگیشی کەم بکاتەوە، هەروەها نەدەتوانێت، ڕەخنەی لێبگرێت و هێرش بکاتە سەری وەنەدەتوانێت لێی ڕابکات، بەڵکو تاکە شت، کەتاك دەتوانێت بیکات جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەو تەسلیم بوونییەتی بەفەرمانەکانی دەنا ئەو تاکە لەکۆمەڵەکەی قبوڵ ناکرێت)).[١] بێگومان ئەو یاساو دابونەریتانە بەپێی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردا دێت و جیاوازە، هەروەها لەناو کۆمەڵگەیەکیش بەپێی شوێن و کلتور جیاوازی دەبێت چونکە، هەرکەسێك بەپێی باری کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی، ئەم کارە دەکات و لەڕێیەوە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا دەکات، سەبارەت بەمە (( وافی )) دەڵێت: ((شێوازە کۆمەڵایەتییەکان، کەلەزمانێکدا سەرهەڵدەدەن بەهۆی ئەوەوەیە، کە لەنێوان توێژەکاندا جیاوازی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و لایەنەکانی بیرکردنەوەو ویژدان و ئاستی ژیان و خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی وخونەریت و پیشەو ... هتد هەیە))،[٢] دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لەسروشتی پەیوەندییەکان و دەکەونە ژێر کاریگەرییە سیاسی و ئابوری و ئایینییەکانەوە، هەروەها جۆری بەکارهێنانی زمان دیسان جیاوازە و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی، چونکە مرۆڤ بەهۆی ئەم بۆنانەوە دەربڕینەکانی چالاك دەکاتەوە و ئاڕاستەی وەرگری دەکات ئەمەش لەزۆر باردا

---

١- بەهار زایر محەمەد ( ٢٠٠٩ : ٧٠ )

٢- هۆگر مەحمود فەرەج ( ٢٠٠٠ : ١٤٢ – ١٤٣ )

( لەڕێیی ڕەفتاری گونجاوی زمانییەوە ئەنجامدەدرێت، ڕەفتاری زمانی گونجاویش مەبەست لە، بۆهەر بارێك دەربڕاوێکی تایبەت هەیە، بۆ نمونە: لەکاتی هاتنی میوان بەفۆڕمی ( بەخێربێن ) پێشوازیان لێدەکەین، کەڕەنگە ئەم فۆڕمە بۆ بۆنەیەکی تری وەك پرسە بەکارێکی نەشیاو بزانرێت)،[1] مرۆڤ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی گرێدراوە بەبۆنەو پیشە کۆمەڵایەتییەکانەوەو ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، چونکە ئەم بۆنانە ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە دووبارە دەبنەوەو بەردەوام پیشەکانیش کاری ڕۆژانەن، بۆیە مرۆڤ لەم بۆنانەدا چەندین دەربڕینی جۆراو جۆر بەکاردەهێنێت، کە سەرجەمیان هۆکاری چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمانن بەزمانی و نازمانییەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بەجوانترین شێوە ڕێکبخەین پێویستە پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن بین کەبریتین لە :

### ١-١/٣)پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن:

بەشێوەیەکی گشتی دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی، کەئاخاوتن بەڕێوەدەبەن کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەك پێوەری تایبەت بەقسەکردنی خۆی هەیە، کەتاکەکانی ناچار دەکات پەیڕەوی بکەن لەبەر ئەوەی(( ئاخاوتن یەکێکە لەکردە کۆمەڵایەتییەکان و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاست و کەسێتی نێرەر لەناو کۆمەڵدا دیاری بکات))،[2] کەواتا ئاخاوتن سەنگی مەحەکە بۆ هەڵسەنگاندنی و ناساندنی کەسایەتی نێرەر، چونکە لەکاتی ئاخاوتندا ( نێرەر ) دەبێت پابەندی ئەو نەریتانە بێت، کە ئاخاوتن هەڵیگرتووە ، بەپێچەوانەوە پابەند نەبوونی نێرەرو وەرگر بەڕێسا کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیانخاتە بەردەم ڕەخنەی کۆمەڵگاو بەکەسایەتی سەرنەکەوتووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، هەروەها یاساکانی ئاخاوتن بەکلتورو زمانەوانی کارەکییەوە بەندە بۆیە، ئەگەر لەناو کۆمەڵدا نەژی توشی کێشەی گەورە دەبێت لەکاتی ئاخاوتندا، چونکە مرۆڤ وابەستەیە بەڕێسا زمانییەکانی خۆی و

---

١- هۆگر مەحمود فەرەج ( ٢٠٠٠ : ١٤٣ )

٢- هدسن ( ١٩٨٧: ١٩٧ )

بەکاریاندەهێنێت.[1] پێویستە دەربڕاوەکانی زمان بەپێی کات و شوێن و دەوروبەری ئاخاوتن ئاڕاستە بکرێن، چونکە بەتەنها (( دابونەریتی قسەکردن بریتینییە، لە وشەو زاراوە و پێڕەوی ڕێزمانی، بەڵکو بریتییە لەپێرەوی گەیاندن و توانای بەکارهێنانی زمان وەك قسەکەرێکی زمانی دایك))،[2] چونکە زۆرجار، ئەگەر نێرەر و وەرگر پابەندی دەوروبەری ئاخاوتن نەبن کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی لێکتێگەیشتن دەبێت بۆیە(هەر کەسێك لەڕێگای ئاخاوتنەکانییەوە شڵەژانی لەدەوروبەر دروستکرد، ئەوا بەکەسێکی سەرنەکەوتووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێت، هەروەها بەم ڕەفتارەی زیان لەخۆی و دەوروبەری دەدات و کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر کردەی گەیاندن دروست دەکات ).[3]

### ٣/١-١- ١) زۆر گوتن / زۆر بلێیی :[4]

بەچەندێتی ئاخاوتنەوە پەیوەستە، یەکێکە لەپێوەرەکانی ئاخاوتن، کە بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بە ڕەفتارێکی ناپەسندو نەشیاو دادەنرێت، بەتایبەتیش کۆمەڵگەی کوردی بەیەکێك لەسیفەتە خراپەکانی مرۆڤی دەزانێت، چونکە هاوسەنگی دابەشکردنی کاتی ئاخاوتن لەناو دەبات واتە: نێرەر نۆرە بەدەوروبەرەکەی نادات کەبۆچوونی خۆیان لەسەر پەیامەکە بخەنە ڕوو،ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەرپرۆسەی گەیاندن و تێگەیشتن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دروست دەکات، کە زۆرجار پرۆسەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی دێت، هەروەها پێویستە ( نێرەر ) ئاگاداری کاتی ئاخاوتنەکانی بێت، بۆ ئەوەی بەکەسێکی ( چەنەباز) نەناسرێت، چونکە لەکۆمەڵدا بە :

١- بەڕووی لەدەمدا تەقیووە.

---

١- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ١٩٩٩ : ١٣ )

٢- سەرچاوەی پێشوو ( ١٩٩٩ : ١٤ )

٣- هدسن (١٩٨٧ : ١٩٩ )

٤- بەشێوەیەکی گشتی بەپێی لێکۆڵینەوەکان ژنان توانای قسەکردنیان لەپیاوان زیاترە ئەوەش پەیوەندی بەلایەنی بایەلۆژی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ژنان لەکاتی قسەکردندا هەردوو لای مێشکیان بەکاردێن، بەڵام پیاوان تەنها یەك لای مێشکیان بەکاردێنن. ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شیلان ڕەحیم : ٢٠٠٤ ) .

٢- دەم مەقەست هات.

٣- دەم هەراش

٤- دەم چیکەنە.

**١/٣- ١-٢) کەمدوویی:**

**پێوەرێکی ئاخاوتنە و پەیوەندی بەچەندێتی قسەکردنەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی تاك چالاك نییە، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمتر بەشداری لەبەڕێوەبردنی پرۆسەکانی گەیاندن و بەڕێوەچوونی کردەی ئاخاوتن دەکات، بۆیە بە کەسێکی (وشك و خۆبەزلزان و لەخۆبایی) دەناسرێت، هەرچەندە کەمدوویی هەندێك جار پەیوەندی بەدووری و ناسیاوی نێوان نێرەرو وەرگرەوە هەیە، یان هۆکارەکەی نەخۆشی دەروونییە، چونکە (( کەسی کەمدوو دەشێت نەخۆشی خەمۆکی و دڵتەنگی هەبێت یان کەسێکە خەفەت و ناخۆشی ناخی داگیر کردبێت)).[١] لەبەر ئەوەی ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆیە نێرەر ئامادە نییە لەگەڵیدا بەردەوام بێت .**

**١/٣-١ -٣ ) قسەپێبڕین:**

**ڕەفتارێکی ناپەسندەو پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکانەوە هەیە، لەبەرجەستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، (( قسەبڕینیش لەلایەن وەرگرەوە بۆ دوو مەبەستە : ناڕازیبوون و بەرپەرچدانەوەی نێرەر یان هاندان و ڕوونکردنەوەی زیاترو دەوڵەمەند کردنی وتەکانی))،[٢] هەندێك کاتیش پەیوەندی بەدەسەڵات و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە، چونکە زۆرجار لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەهۆی باڵا دەستی یان پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە، پیاوان قسە بەژنان دەبڕن و نایەڵن بگەنە کۆتای پەیام، یان زۆرجار قسە پێبڕین بەهۆی بریندارکردنی هەستی وەرگرەوە دروست دەبێت، لەبەر ناپەسندی**

---

١- هدسن ( ١٩٨٧ : ٢٠٠ )

٢- پێشکەوت مەجید محەمەد ( ٢٠١٣ : ٦٢ )

ئەم ڕەفتارەیە، کاتێك کەسێك قسە بەنێرەر دەبڕێ دەڵێت : قسەکە لەدەمتا بەشەکر بێت، هەرچەندە قسەش دەفەرموویت، قەوسێکم بەرێ ... هتد بەکاردێنن.

### ٣/١-١ -٤ ) دەنگ بەرزکردنەوە:

مەبەست لەدەنگ بەرزکردنەوە، ئەوەیە، کەلەکاتی ئاخاوتندا تۆنەکانی دەنگ لەڕێچکەی ئاسای خۆی لابدات و بەشێوەیەکی نائاسای دەنگ بەسەر بەرامبەرەکەتدا بەرز بکەیتەوە، ئەم ڕەفتارە پەیوەندی بە ( دەسەڵات و باری دەروونی و تەمەن و ڕەگەزو بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە، بەڵام هەندێك جار دەنگ بەرزکردنەوە بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ڕێگە پێنەدراوە، بۆ نمونە: ئەگەر کەسێك دەنگ بەرز بکاتەوە بەسەر کەسێکی تر، کەتەمەنی لەو گەورەترە/ زیاترە، دەبێتە هۆی بێڕێزی کردن).[١]

### ٣/١-١- ٥) گوێگرتن:

بریتییە لەگرنگیدانی وەرگر بەپەیامی نێرەر، چالاکبونی کردەی گەیاندن لەنێوان نێرەرو وەرگر پەیوەستە بەڕادەو چۆنییەتی ئامادەبوونی وەرگر، چونکە زۆربەی کلتورەکان گرنگی بەڕەفتاری (گوێگرتن) دەدەن، کەپێویستە کاتیك نێرەر قسە دەکات گرنگی پێبدرێت و کاردانەوە لەبەرامبەریدا هەبێت، ئەمەش تەنها بەکەرەستە زمانییەکان ناکرێت، بەڵکو پێویستە بۆ بەردەوامیدان بەکردەکە هەندێك جوڵەی جەستەیی و سەرلەقاندن، ئاماژەکانی دەست و چاو و ڕوو بەکاربهێنرێت، هەروەها هەندێك دەستەواژەی وەك (ڕاست دەکەی، وایە، فەرمایشتە، قسەکەت جوانە، تێدەگەم) بەکاربهێنرێت، ئەم گرنگیپێدانەش دەبێتە هۆی پتەوبوونی پەیوەندییەکە. لەبەر ئەوەی لەپیشەو بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، تاکەکان زۆرترین ئاخاوتن و دەربڕین دەگۆڕنەوە، لەم ئاخاوتن و دەربڕینانەشدا چەندین فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاکدەبێتەوە.

---

١- هێمن عەبدولحەمید شەمس ( ٢٠٠٦ : ٤٧ )

بۆڕوونكردنەوەی ئەم بارە چەند بۆنەو پیشەیەك دەخەینە ڕوو و ئاماژە بەو فۆڕمانەدەكەین، كەلەم بۆنەیەدا چالاكدەبنەوە:

### ٢-١/٣) بۆنەو پیشە كۆمەڵایەتییەكان و چالاكبونەوە:

### ١/٣- ٢-١) خوازبێنی:

بۆنەیەكی كۆمەڵایەتییەو پابەندە بەكۆمەڵێك یاساو ڕێسای ئایینی و كۆمەڵایەتی و كلتورییەوە، كەهەریەك لە (داواكارو داواكراو) پابەندن پێوەی، لەكۆمەڵگای كوردەواریدا، ئەم پرۆسەیە بەچەندین قۆناغی جیاجیادا گوزەردەكات، هەریەكێك لەم قۆناغانەش پۆلێك (لەوشەو دەستەواژەو ڕستە ) بەكاردەهێنرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەكە لەلایەنی كەسانی جیاواز لەڕووی ئاستی كۆمەڵایەتی، تەمەن، پلەو پایە، ڕەگەز) ئەم دەربڕینانە، كە لەئەنجامی بۆنەكەوە سەرهەڵدەدەن هۆكاری چالاكبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەكانن، چونكە كاتێك بەتەنها فۆڕمێكی وەكو (خوازبێنی) كۆد دەكرێت، بەلێشاو فۆڕمە پەیوەندیدارەكان، كەتایبەتمەندن بەو دەوروبەرو كلتورە لەبەكارهێناندا چالاكدەبنەوە، هەروەها ئەم چالاكبونەوەیە هەر لەسەرەتای پرۆسەكەوە بەردەوامی دەبێت تاكۆتای ئەنجامدانی كارەكە بۆ نمونە: كاتێك دایكێك بەدوای كچێكدا دەگەڕێت بۆ كوڕەكەی بەتایبەت ئەگەر دایكەكە بەتەمەن بێت و كوڕێكی هەبێت و كاتی ژنهێنانی بێت لەهەر كۆروكۆبونەوەیەكدا بێت كۆمەڵێك فۆڕم ڕووبەڕووی چالاكدەكرێتەوە، نمونە:

٥- ئەوە ئاودێری كوڕت ژنی نەهێنا ؟

لێرەوە بۆ بەردەوامیدان بەگفتوگۆو قسەكردن لەلایەن نێرەرو وەرگر چەندین فۆڕم ئاڵوگۆڕ دەكرێت، كەسەرجەمیان چالاكبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەكان دەنوێنن بۆیە وەڵامی ئەم ڕستەیە دەمانبات بۆ دەربڕینێكی تر كە:

٦- كەسی بەدڵ نییە، نازانم چی لەدڵدایە؟

بۆ وەڵامدانەوەی وەرگرو چارەسەرکردنی کێشەکە و دۆزینەوەی کەسێکی باش نێرەر پێشنیاری خۆی دەخاتە بەردەم وەرگر، نمونە:

٧- ماڵی حاجی ئاسکۆڵ کچێکی جوان و ڕێکوپێکیان هەیە.

لەم دەربڕینەدا نێرەر دەیەوێت زانیارییەك بگەیەنێتە وەرگر، بەهەبوونی (کچێکی باش)ی حاجی ئاسکۆڵ، کەلێرەدا ئەم فۆڕمە زمانییە چالاك بۆتەوەو بەدوای خۆیدا فۆڕمی زمانی تر چالاك دەکاتەوە نمونە:

٨- ماڵێکی باشن بۆ خزمایەتی دەبن .

هەروەها لێرەدا جارێکی تر فۆڕمی (ماڵێکی باش) چالاکبوەتەوەبە شێوەیەکی ئاسۆیی لەگەڵ وشەی (باش)دا دەتوانین لە هەموو کەتیگۆرییەکانی ئاخاوتن فۆڕمی زمانی چالاکبکەینەوە ، هەروەها وشە هاوشێوەکانیش فۆڕمی زمانی تر چالاك دەکاتەوە، نمونە:

٩- ماڵێکی خانەدانن.

بەهەمان واتای باشی و ڕێکو پێکی دێت، کە لە بۆنەیەکی داخوازیدا چالاکدەبێتەوە، هەروەها بە مەبەستی پیشاندانی ڕێز و گەورەیی ماڵی کچەکە و جۆرە پاڕانەوەیەك بەمەبەستی ڕازیبوونیان فۆڕمی:

١٠- بۆ کاری خێر هاتوینەتە سەر بەڕەکەتان.

چالاك دەبێتەوە، کەنێرەر بەشێوەیەکی میتافۆڕی زانیاری لەسەر دەدات، کە بۆ کارێك هاتووین بۆماڵتان، کە ئەویش خوازبێنی کچەکەتانە بۆکوڕەکەمان، کەبەفۆڕمی (بەڕە) دەربڕینی لە داواکەی کردووە. داواکارم لە بەڕێزتان (......) ی کوڕم بکەنە کوڕە بچووکی خۆتان، دیسان لەم ڕستەیەدا بەشێوازێکی بەڕێزانەو بە فۆڕمێکی زمانی هەست دەربڕینەوە داوای کچەکەیان دەکات .لە وەڵامدا وەرگر، فۆڕمێکی زمانی چالاك دەکات و دەڵێت: ئەگەر خوا بەقسمەتی کردبێت، هەر دەبێت، پاشان وەرگر بۆ دڵنیایی نێرەر بەدەربڕینێکی هەواڵی ڕازی بوونەوە وەڵامی نێرەر دەداتەوە :

١١- کچ ، کچی خۆتانە و پێشکەشتان بێت.

هەروەها فۆڕمێکی تری زمانی، کە بەردەوام لە بۆنەی داخوازیدا بەکاردێت چالاکدەبێتەوە کاتێك باوکی کچەکە ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر پێدانی کچەکەی ئەویش:

١٢- دەی کوڕم هەستە دەستی مامت ماچ بکە.

لە دوای پڕۆسەی داواکردن و ڕازیبوون، بەمەبەستی دابیین کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی داخوازی کردنەکە، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی چالاك دەبێتەوە لەوانەش:

١٣- بیست مسقاڵ ئاڵتوونی عەیارە بیست و یەکم دەوێت.

١٤- ماڵی جیا.

١٥- خانووی جیا.

١٦- شەکراو خواردنەوەی پیاوان.

١٧- ئاهەنگێکی گەورە لە هۆڵ.

١٨- ئارایشتگای (.....).

١٩- ڕازاندنەوەی ئوتومبێل.

٢٠- گوڵی سروشتی.

ئاشکرایە هەریەکێك لەم دەربڕاوانە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك خوازبێنییدا چالاك دەبنەوە، دەبینین وشەی (مسقاڵ)، کە جۆرێکە لە پێوانە بۆ کێشانی (ئاڵتون) بەکاردێت، لە ڕاستیدا (خوازبێنی و ئاڵتون و مسقاڵ) کۆمەڵە وشەیەکی چالاکی پەیوەست بەیەکن، چونکە مەرجی چەندێتی ئاڵتون و چۆنییەکەی تەنها لە بۆنەیەکی وەکو خوازبێنییدا چالاکدەبێتەوە بەدەر لەم بۆنەیە، بەکارهێنانی ئەوەندە چالاك نییە، هەروەها پەیوەست بە بۆنەی خوازبێنی ژمارەیەك لە ڕستە بەشێوەی (پرس و سەر سوڕمان) چالاك دەبێتەوە بەتایبەت فۆڕمەکانی:

٢١- مارەییەکەت چەند مسقاڵە؟

٢٢- کوڕەکە/کچەکە جوانە؟

٢٣- کوڕەکە/ کچەکە دەوڵەمەندە؟

٢٤- کچەکە/ کوڕەکە کاری چییە؟

٢٥- بیست مسقاڵ ئاڵتونی بۆکراوە!

٢٦- ئەزانی دەستگیرانەکەی کوڕی کاك (......)ە !

٢٧- چەند بەشانسە!

لەهەموو پڕۆسەیەکی (ژن هێنان و شوکردندا) ئەم دەربڕاوانە چالاك دەبنەوە، بە جۆرو شێوازی جیاواز، بەتایبەت جیاوازی ڕەگەزی، چونکەژنان بە تایبەتی لە بۆنەیەکی وەك خوازبێنیدا شێوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، جیاواز لە پیاوان، بۆیە زۆربەی ئەو دەربڕاوانەی لەم بۆنەیەدا چالاك دەبنەوە شێوازی تایبەت بە ژنانن، چونکە ژنان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر لە پیاوان چالاکترن بۆیە هەندێك ڕستەو دەستەواژە دەردەبڕن، کە تەنها تایبەتە بە خۆیان و پیاوان بەکاری ناهێنن. لەڕستەی ( ٢١–٢٤ )دا چەند فۆڕمێکی زمانی بەشێوەی پرسیارکردن چالاکبونەتەوە، کەئەمەش لەئەنجامی دەستخستنی زانیارییە لەسەر (کەس و ڕووداوەکانی) ناو پرۆسەکە بۆ نمونە: فۆڕمەکانی (مارەیی، مسقاڵ، جوانی، کار) پرسیاریان لێوەکراوە نێرەر دەیەوێت زانیارییان لەسەر کۆبکاتەوە، هەروەها لەنمونەکانی (٢٥ – ٢٧)دا بەشێوازێکی سەرسوڕمان هەست و دەربڕینی خۆی بەرامبەر ڕووداوەکە دەربڕیوە، کەلێرەدا بەدوو واتا فۆڕمەکان دەربراون، یەکەمییان لەوانەیە نێرەر شێوازێك لەپێناخۆشبوونی تێدا بێ بەرامبەر بە پرۆسەکە دووەمیان: ڕەنگە نێرەر (کچ/کوڕ)ەکە بەشایەنی ئەو کارە نەزانێت، هەروەها پەیوەست بەبۆنەی خوازبێنییەوە کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی وەك (بووك، زاوا، خەسوو، خەزوور، شوبرا، دش، ژنبرا، ژنخوشك ) چالاکدەبنەوە، کە هەریەکێك لەم فۆڕمانە ژمارەیەکی زۆر فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاکدەکاتەوە. هەروەها لەبۆنەی (خوازبێنیدا) فۆڕمە نازمانییەکانیش بەشێوازێکی بەرچاو چالاکدەبنەوە بەم شێوەیە:

- بێدەنگی لەوەڵامدانەوەی کچ بەواتای ڕازیبوون بەکارەکە دەگەیەنێت یان بەسەرلەقاندن پەیامی ڕازیبوونی دەگەیەنێتە بەرامبەر.
- بوونی خەڵکێکی زۆر بەجلوبەرگێکی تایبەتەوە ئاماژەیە بۆ بۆنەکە.
- وێنەگرتن.
- دەست ماچکردن.

- هێنانی مامۆستای ئایینی.
- هەڵپەڕکێ و خۆشی دەربڕین.
- هێنانی شیرینی.
- ڕازاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بووك.
- جلی سپی بووك.
- ئەڵقە گۆڕینەوە.

بەبینینی هەر یەك لەم هێما نازمانییانە ئەو پەیامە دەگاتە وەرگر، کەبۆنەیەکی خوازبێنییەو خۆشی و شادی لەڕوخسارییاندا پیشاندەدات.

**٢-٢-١/٣) پیرۆزبایی:**

لەبەر ئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەردەوام بۆ درێژەدان بەژیان و مانەوەی لەگرتنی پەیوەندیدایە، بەجۆرێك هەموو ئەو بۆنانەی، کەپەیوەندی کۆمەڵایەتیی ڕێکدەخات و پێویستی بەهاوکاری و یارمەتیدانە بەشداری تێیدا دەکات، یەکێك لەو بۆنە کۆمەڵایەتییانەش(پیرۆزبایکردن)ە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و پردی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، هۆکاری دروستبوونی خۆشەویستی و هاوکاری و تەباییە لەنێوان مرۆڤەکاندا، پیرۆزبایش لەکۆمەڵێك بۆنەدا دەکرێت لەوانە (ژنهێنان و شووکردن، منداڵبوون، جەژنەئایینییەکان، کڕینی پێداویستیەکانی وەکو خانو سەیارە، ..... هتد) لەبۆنەی پیرۆزبایدا ئەو دەربڕینانەی ئاڕاستەی یەکتردەکرێن چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان پیشان دەدەن، چونکە خودی بۆنەکە هۆکارە بۆ چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان، هەرچەندە ئەم فۆڕمانە لەئاوەزی مرۆڤدا هەیە و ئامادەیە، بەڵام کاتێك مرۆڤ هەڵدەستێت بە (کۆدکردنی) بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئاڕاستەکردووە چالاکتردەبێتەوە.

### ١- پیرۆزبایکردن لەژنهێنان و شووکردن:

ئەگەر پیرۆزبایی بۆنەیەکی وەکو ژنهێنان و شووکردن بوو، ئەوا کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی تایبەت بەبۆنەکە چالاکدەبێتەوە لەوانەش:

٢٨- یاخوا پیروخەڕۆبن.

فۆڕمێکی زمانییە تەنیا لەبۆنەی ژنهێنان و شووکردندا چالاك دەبێتەوە و تایبەتە بەبۆنەکە، کەهیوای تەمەندرێژی تاپیربوونیان بۆ دەخوازرێت.

٢٩-پەشیمانی لەدوا نەبێت.

دیسان بەمەبەستی پیرۆبایی کردن و بەردەوامی ژیانیان و ئاسودە یی و خێر بۆ یەکتری

٣٠- ببنە بەرەکەت و بەسەر یەکتردا بڕژێن.

٣١- پێو قەیەمی موبارەك بێت.

٣٢- پیرۆزتان بێت و بحەسێنەوە.

٣٣- بەدڵی خۆش و سەر بەڕسق بێت.

٣٤- بەدایك و باوکی کوڕو کچ بن.

٣٥- ببنە بەهەشت بۆ یەکتری.

٣٦- لەپەنای یەکتردا بحەسێنەوە.

بەگشتی ئەو فۆڕمانەی بۆ پیرۆزبایی ژنهێنان و شووکردن بەکاردێن شێوازێك لەدوعایان تێدایە، چونکە پیرۆزباییەکە بەشێوەی دوعاوپاڕانەوە لەخوا داوا دەکەن و دەخوازن، کە هەردووکیان بەختەوەربن ئەم بەختەوەریەش نەك تەنها لەدونیا دا، بەڵکو بۆ دواڕۆژیشە، هەروەها بەچالاککردنەوەی ئەم فۆڕمانە چەندین فۆڕمی تری زمانی چالاك دەبێتەوە نمونە:(بەرەکەت، پێوقەیەم، موبارەك، پیرۆزتان بێت، بەدڵی خۆش، سەربەڕسق) کۆمەڵە فۆڕمێکی چالاککراون لەبۆنەی پیرۆزبایکردندا ڕێژەی بەکارهێنانیشیان زیاتر لەلای ئافرەتان چالاکترە وەك لەپیاوان، هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی لەم بۆنەیەدا چالاك دەبنەوە وەك:

(خۆشحاڵی و دەمبەپێکەنین، یەکترلەئامێزگرتن، پێشکەشکردنی دیاری، چەپڵەو هەلهەلەکێشان ) .

## ٢- پیرۆزبایکردن لەبۆنەی منداڵبوون :

هەستێکی گەورەی دایکایەتی و باوکایەتییە، کەمرۆڤ دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆنەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵ بەگشتی بەشداری تێدادەکات، بەمەبەستی پیرۆزبایی و دەربڕینی خۆشحاڵی بەرامبەر هاتنە دنیای منالْ و ڕووناککردنەوەی ماڵی دایك وباوك، چونکە منداڵ بەشێکە لەخۆشی و جوانییەکانی دنیا، هۆکاری زیادبوونی ئەم خۆشییەش پەیوەستە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، کە لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە، کاتێك بەسەردان و بردنی دیاری دڵخۆشی و پیرۆزبایی خۆیان ئاڕاستە دەکەن، بەڵام بەگشتی بۆنەی منداڵبوون زیاتر پەیوەستە بەژنانەوە، چونکە ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندە بەژنان و لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا زیاتر ئەوان پێوەی سەرقاڵن، بۆیە ئەو فۆڕمانەی زیاتر لەم بوارەدا چالاك دەبنەوە پەیوەستن بەژنانەوە[١].

٣٧- بەنازی دایك و باوك گەورەبێت.

٣٨- خوالێتان نەسێنێت .

٣٩- یاخوا خوا بۆتان ساڵح کات .

٤٠- بەداری بەردار بێت بۆتان .

٤١- لەسایەیدا بحەوێنەوە .

٤٢- ببێتە مایەی خێر لەدنیاو دواڕۆژ .

٤٣- ببێتە گۆچانی پیریتان .

٤٤- خوا بیکاتە بەرەکەت بۆ ماڵەکەتان .

---

١- لەکۆمەڵگای کوردیدا پیاوان جاران بەچاوێکی کەم سەیری پرۆسەی منداڵبوونیان دەکرد، خۆیان زۆر لەوە بەگەورەتر دەزانی، کەسەردانی ژنێك بکەن لەکاتێکدا، کەمنداڵی بوبێت، بەڵام لەئێستادا ئەم بیرە بەرەو لاوازی یان نەمان چووە .

٤٥- سەر بەڕسق بێت.

هەر یەکێك لەم ڕستانە بۆ پیرۆزبایی لەدایك و باوکێك بەکارهاتووە، کەخوای گەورە منداڵێکی پێبەخشیوون، کە بۆنەی لەدایکبوونەکە هاوکارە بۆ چالاکبونەوەیان، هەروەها لەگەڵ خۆیاندا توانای چالاککردنەوەی چەندین فۆڕمی زمانی و نازمانییان هەیە بۆ نمونە: لەڕستەی (٣٧)دا (بەنازی دایك و باوك گەورە بێت) دوعاو هیوا خواستنی تێدایە، کە لەلایەن نێرەرەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، کەئاواتی ئەوە دەخوازێت خوای گەورە سێبەری ئەم دایك وباوکە لەسەر منداڵەکەیان هەڵنەگرێت و هەمیشە بەخۆشەویستی ئەوانەوە بژین، هەروەها لەڕستەی (٣٨)دا فۆڕمی زمانی(دوعاکردن) فۆڕمێکی پیرۆزبایی بەشێوەی دوعاکردن چالاکبوەتەوە، هەروەها لەهەندێ دەربڕینی تردا دوعا بۆ مانەوەی سەلامەتی و نەمری منداڵە کە دەکرێت .

٤٦- خوا لێتان نەسێنێت.

## ٣- پیرۆزبایکردن بۆ کڕینی پێداویستی و کەلوپەلی ناوماڵ:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری کلتوری و کۆمەڵایەتی وهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها کڕینی پێداویستییەکانی ژیانیش لەم پەیوەندییە بەدەر نییە، بەتایبەت ئەو پێداویستیانەی، کە گەورە و دیارن لەژیاندا وەك: (خانوو، ئۆتۆمبیل، دوکان، باخ، ....هتد)، ئەوەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکانی تایبەت بەو بۆنەیەوە بۆ نمونە:

٤٧- یاخوا بەخۆشیتان بێت .

دەستەواژەی ( بەخۆشیتان بێت ) هیواو ئاوات خواستنە بۆ خێرداری ئەو شتەی، کەکڕاوە بۆیە فۆڕمێکی زمانی وەك

٤٨- خانووتان کڕیووە ؟

چالاك دەکاتەوە، هەموو کاتێك، کە دەربڕینێکی لەم شێوەیە کۆد دەکەین هەموو ئەو فۆڕمانەی پەیوەست بەدەوروبەری خانووکڕینە چالاك دەبێتەوە. بۆ نمونە:

٤٩- لەچ گەڕەکێك خانووتان کڕیووە؟

٥٠- لەگەڕەکی کوردسات خانوومان کڕیووە .

هەروەها فۆڕمەکانی

٥١- دەفتەر دۆلار.

٥٢- نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو .

٥٣- خانووی ڕووکن .

٥٤- کۆڵانی لێژ .

٥٥- کۆڵانی بیستی .

٥٦- زەوییەکەمان کڕی .

٥٧- دووقات .

٥٨- ڕوو ڕۆژهەڵات .

چالاك دەبنەوە، کە هەموویان پەیوەندییان بەکڕین و فرۆشتنی خانووەوە هەیە، هەروەها فۆڕمەکانی(شارەوانی، تاپۆ، سورەت قەید، ئیقرار (بریاردان)، نەخشە،.... هتد) چالاك دەکاتەوە . هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی، کەلەم بۆنەیەدا چالاك دەبنەوە بریتین لە:

- دەرکەوتنی خۆشی لەڕووخساری خاوەن ماڵدا .
- گواستنەوەی ماڵ و کەلوپەلەکانی .
- پێشکەشکردنی دیاری .

٣-١/٣-٢) میوانی :

سەردان/ میوانداری یەکێکە لەو سیما کۆمەڵایەتییانەی، کەتاکی کورد پابەندە پێوەی و گرنگی خۆی هەیە، هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو یەکێکە لەئەرکە گرنگەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کەجەختی لەسەر بەجێهێنانی ئەم پەیوەندییە کردووەتەوە، هەرچەندە بەهۆی دنیای تەکنەلۆژیاو بەرەوپێشچوونەکانی و سەرقاڵی خەڵك بەبارگرانییەکانی ژیانەوە

تاڕادەیەك ساردی تێكەوتووە، بەڵام نەبۆتە هۆی لەدەستدانی گرنگییەكەی، لەڕاستیدا میوانی بۆنەیەكە، كەتاكەكانی كۆمەڵ لەدەوری یەكتر كۆدەكاتەوە ئەم كۆبونەوەیەش هۆكارە بۆ قسەكردن لەسەر خواستەكان و ڕووداوەكانی ڕۆژو هەواڵپرسینی یەكتر، لەئەنجامی گفتوگۆكانی نێوانیان و ئاڵوگۆڕكردنی بیرو بۆچوونەكانی یەكتر كۆمەڵێك فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاك دەبێتەوە بۆ نمونە:

٥٩- بەخێر بێن سەر سەرو سەر چاو .

٦٠- ماڵەكەتان ڕووناككردینەوە .

٦١- چاومان ڕوونبووەوە .

٦٢- سەر هەردوو چاوەكانم هاتن .

٦٣- گەورەتان كردین .

٦٤- باقسەتان بكردایە بۆ ئەوەی مەڕێكم سەرببڕییایە .

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەكانی (٥٩ بۆ ٦٤ ) دەبینین كۆمەڵێك فۆڕمی زمانی بەمەبەستی بەخێرهاتن و دەربڕینی خۆشحاڵی خاوەن ماڵ و پیشاندانی ڕێزو خۆشەویستی بۆ میوانەكان، كە هەندێك لەفۆڕمەكان بەشێوەی میتافۆری دەربڕاون لەناو هەندێك لەدەربڕینەكاندا شێوەیەك لەگلەیی تێدایە لەسەر درەنگ دەركەوتنی میوانەكەو ساردبونەوەی خزمایەتی بۆ نمونە:فۆڕمەكانی(سەرسەروسەرچاو، ڕووناككردنەوە، ڕوونبووەوە)، بەچالاكبونەوەیان لەتوانایاندا هەیە كۆمەڵێك فۆڕمی زمانی تر چالاك بكەنەوە بۆ نمونە: (ڕووناككردنەوە) فۆڕمێكی زمانییە كاتێك كۆد دەكرێت لە لایەن نێرەرەوە فۆڕمەكانی ( تاریك، ئاوەدان، خۆشی، كارەبا، گڵۆپ، ڕۆژ، خۆر .... هتد ) لەلای نێرەر و وەرگر چالاك دەبێتەوە، هەروها لەدووتوێی گفتوگۆی نێوان میوان و خاوەن ماڵ تایبەت بە بارودۆخ وباری سیاسی و ئابوری و كێشەكانی خێزان ئەم فۆڕمە زمانییانە چالاك دەبنەوە بۆ نمونە:

٦٥- بەڕاستی ئیش و كارمان وەستاوە .

٦٦- ڕۆژگارێكی خراپ تێكەوتووین .

٦٧- ئەمەش ژیان و مووچەمان .

٦٨- ڤاریای کچم لەتاقیکردنەوەی کۆتای دەرنەچوو .

٦٩- ئەزانی کاك ( ... ) لەنەخۆشخانە کەوتووە .

لەنمونەکانی (٦٥ – ٦٩) هەوالگەیاندن و نارەزایی و گلەیی هەست دەربرین بە شێوەی فۆرمی زمانی چالاك بونەتەوە، کەتێیدا زانیاری لەسەر رووداوی ( دەرنەچوون ، کەوتن لەنەخۆشخان، هەستێکی پر لەخەم لەئاستی ژیان و گوزەران و بارودۆخی دارایی و نەبوونی کارو کاسبی) چالاك بووەتەوە، هەروەها جگە لەچالاکبونەوەی فۆرمی زمانی، لەبۆنەیەکی میوانیدا فۆرمە نازمانییەکانیش چالاك دەبنەوە و دەبنە پالپشت بۆ دەربرینە زمانییەکان بۆ نمونە:

بەهۆی دەربرینی ئاوازی تایبەت لەکاتی فۆرمە زمانییەکاندا میوان تێدەگات، کەتاچەند خاوەن مالّ خۆشحالّە بەهاتنی، بۆنمونە لەدەربرینێکی وەکو :

٧٠- دیار نەبوون .

بەهۆی ( ئاوازە ) وە بەرزی و نزمی تۆنی دەنگ و شێوازی رووخسار تێدەگەین، کەخاوەن مالّ بەمەبەستی توانج هەوالّی دیارنەبوونی دەپرسێت، کەلەبنەرەتدا واتای نەهاتن نییە، بەلّکو بەواتای تازە ئێوە لێرە بوون ئەوە بۆ وازوو هاتنەوە.

هەروەها کاتێك خاوەن مالّ خۆی بەخزمەتکردن و هێنان و بردنی خواردن و دەربرینی(یاخوا بەخێر بێن)، پێکەنین و دلّخۆشی فۆرمێکی نازمانین لەبۆنەی میوانیدا چالاك دەبنەوە کەواتای خۆشحالّی خاوەن مالّ پیشان دەدات، هاوکات بەکارهێنانی جولّەکانی جەستە وەکو: (دەم، دەست، چاو، لێو) لەم بۆنەیەدا چالاك دەبێتەوە بەتایبەت کاتێك خاوەن مالّ قسەیەك ئاراستەی میوان دەکات لەگەلّیدا جولّە جەستەییەکانیش بەکاردێنێت بۆ جەختکردنەوە لەدەربرینە زمانییەکان، هەروەها کاتێك خاوەن مالّ دەربرینی.

٧١- دەمێکە دیارنین بیرمان دەکردن .

ئاراستە دەکات و لەگەلّیدا چاو دابگرێت، کەئەمە فۆرمێکی نازمانییە چالاك دەبێتەوە و بەواتای پێچەوانەی دەربرینە زمانییەکە دێت.

**٤-٢-١/٣) نارەزایی:**

**لەئەنجامی ڕوودان یان ڕوونەدانی کارێك یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیدا پەیدا دەبێت، کەنێرەر بەگوێرەی ئەو بارو دۆخ و دەوروبەرەی، کە دەربڕینەکەی تێدا ئاراستە دەکات، کۆمەڵە فۆڕمێکی زمانی و نازمانی چالاك دەکاتەوە بۆ نمونە:**

**کاتێك شوفێرێك لەسەر شەقام شوفێری دەکات بەهۆی خراپی ڕێگەوبانەکان و جۆری خراپی بەنزین نارەزایی دەردەبڕێت، بەتایبەت ئەگەر شوفێری تەکسی بێت. ئەوا لە ئە نجامدا ئەم فۆڕمانە چالاکدەبنەوە:**

**٧٢- خوا لەناوتان بەرێت بۆ خۆتان و جادە و بانتان .**

**٧٣- بۆکوێیی دەبەن خوا تۆڵەی ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووتەتان لێدەکاتەوە .**

**٧٤- وڵاتمان دەریایە لەنەوت، ئەمەش حاڵی بەنزینەکەمان .**

**٧٥- لەوەتەی کورد هەیە لەسەرەدایە .**

**ڕستەکانی ( ٧٢ - ٧٥ ) بەمەبەستی پیشاندانی نارەزایی بەرامبەر بەخراپییەکانی هەندێك لەهۆکارەکانی ژیانی مرۆڤ، فۆڕمە زمانی و نازمانییەکانی چالاککردووەتەوە لەڕستەی (٧٢)دا نارەزایی بەرامبەر جادەو کۆڵانەکانی شار دەردەبڕێت، کەفۆڕمی زمانی ( جادەوبان )ە، کە بەدوای خۆیدا هەموو ئەو فۆڕمانەی پەیوەندییان پێوە هەیە چالاك دەبێتەوە، کە پەیوەندی بەچاککردنی جادەوە هەیە ئەویش ( حکومەت و دەسەڵات )ە، کە بەرپرسی یەکەمە، هەروەها نێرەر لەشێوەی نارەزاییدا لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە، کەمافی کەس بەسەرتاندا تێپەڕ نابێت پێویستە هەر کەسێك بەزیادەوە مافی خۆی پێبدرێت، ئەگەر وانەکەن، ئەوا ڕۆژگارێك دێت تۆڵەتان لێبسەندرێتەوە. بەدەستەواژەی ( بۆ کوێی دەبەن )لەشێوەی پرس و(خەڵکی ڕەش و ڕووت ) فۆڕمی زمانین لەگەڵ خۆیاندافۆڕمەکانی (هەژاری، داماوی، بێدەسەڵاتی، زوڵم و زۆر، خواردنی مافی خەڵك، دەوڵەمەندبوونی کەسانێك )، چالاك دەکەنەوە.**

هەروەها لەڕستەی ( ٧٤)دا فۆڕمەکانی ( دەریا، نەوت، بەنزین ) چالاکبووەتەوە و لەگەڵ خۆیدا ئەو فۆڕمانەی پەیوەندیدارن بەبواری نەوت و بەنزین چالاکی کردوونەتەوە نمونە:( بۆری نەوت، کۆمپانییای نەوت، تانکەری نەوت، بەنزینخانە، گاز، غاز ... هتد )، هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی تایبەت بەبۆنەی ناڕەزایی، کەچالاکدەبنەوە بریتین لە:

لەکاتی ناڕەزایی دەربڕیندا بەگشتی شێوەی ڕووخسار جۆرێك ئاڵۆزی تێدەکەوێت و توڕەبوون و جوڵاندنی لێو و دەم برۆکان و دەرکردنی ئاوازێکی تایبەت، کەواتای ناڕەزایی دەگەیەنێت، سوربوونەوەو توندبوونی هەناسە، لەفۆڕمە نازمانییەکانن ولەکاتی ناڕەزاییدا چالاکدەبنەوە .

### ٣/١-٢-٥) گلەییکردن :

گلەییکردن و ناڕەزایی دەربڕین لەزۆر باردا لەیەکەوە نزیکن، چونکە لەهەردووبارەکەدا، نێرەر هەستی نیگەرانی و بێزاری خۆی بەرامبەر بەکردەیەك دەردەبڕێت، بەڵام گلەییکردن بەوە لەناڕەزایی جیادەکرێتەوە، کە لەگلەییدا ناڕەزای دەکەوێتە سەر وەرگر، چونکە توانای جێبەجێکردنی کارەکەی هەبووە، بەڵام کەمتەرخەمی تێدا کردووە .[١]

هەروەها ژنان زیاتر لەپیاوان سیفەتی گلەییکردنیان تێدایەو گلەیی لەیەکتر دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە پتەوە کۆمەڵایەتییەیە، کەلەنێوان ژناندا هەیە، ئەو فۆڕمانەی لەبۆنەی گلەییکردندا چالاکدەبنەوە بریتین لە :

٧٦- ئاواش هەواڵمان بپرسیت هەرباشە .

٧٧- ئەوە بۆ دیارنین ؟

٧٨- کەس لەپیاوی فەقیر ناپرسێت .

٧٩- هێشتا تۆ دڵت شکاوە ؟

٨٠- پێم نەوتی پەشیمان ئەبیتەوە .

٨١- هەر لەسەر قسەی خۆت سووری .

---

١- قەیس کاکل توفیق ( ١٩٩٥ : ٩٦ )

٨٢- هەر دەڵێی لەگەڵ ئەویشم نییە .

٨٣- کەی ئەمە خواردن بوو.

٨٤- بەپیاومان نازانی وا ....... .[١]

ئەگەر لەنمونەکان(٧٦-٨٤) وردبینەوە کۆمەڵێك فۆڕمی ڕستەی لەشێوەی سەرسوڕمان و پرسیاری، هەواڵی چالاکبووەتەوە، کەلەبۆنەیەکی (گلەییدا) نێرەر هەست و گلەییەکانی ئاڕاستەی وەرگر دەکات، دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت، کەگلەیی لەکەسانێك دەکرێت، کەنزیك و خۆشەویست بن، چونکە مرۆڤ هەرگیز گلەیی لەکەسانێك ناکات، کاتێ خۆشی نەوێت بۆیە لەم نمونانە و لەڕستەی (٧٦) دا نێرەر بەشێوازێکی گاڵتە ئامێز ئەو پەیامە ئاڕاستەی وەرگر دەکات، کەبەم درەنگییە هەواڵمان دەپرسیت درەنگ سەردانمان دەکەیت بۆیە لەم دەربڕینانە دا فۆڕمەکانی ( هەواڵپرسین، بۆ دیارنیت؟، پیاوی فەقیر، دڵشکاندن، قسەی خۆت، .. هتد) فۆڕمێکی زمانین و پەیوەست بەدەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە دەربڕاون، دیارە لێرەدا نێرەرو وەرگر دۆستایەتی و نزیکایەتییەك بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، بۆیە بۆنەیەکی وەکو گلەیی چالاك دەبێتەوە، هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی لەم بۆنەیەدا چالاکدەبێتەوە وەك (سەرلەقاندن و چاوبرۆ جوڵاندن ) لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکاندا بەمەبەستی جەختکردنەوە یان پێچەوانەکردن یان بۆزیاتر گەیاندنی بیرەکەیە وەرگر بەکاریدەهێنێت .

هەروەها ئاماژەی دەستەکان، بەتایبەت کاتێك، کە کەسێك توشی گرفت و ناخۆشی دەبێت نێرەر بیری دەخاتەوە، کە من لەئاکامی خراپی ئەو کارە ئاگادارم کردبوویتەوە، بەڵام تۆگوێت نەگرت و هەتا ئێستا بەردەوامیت لەسەری .

### ٣/١-٢-٦) هەڕەشەکردن :

هەڕەشە لەپێگەو دەسەڵاتی گشتییەوە سەرهەڵدەدات، لەو دەوروبەرانەدا چالاکە، کە پەیڕەوی جیاوازی چینایەتی مرۆڤی تێدا چالاك بێت، کەدەسەڵاتدار بەسەر بێدەسەڵاتدا دەیسەپێنێت و

---

١- پێشکەوت مەجید ( ٢٠١٣ : ١١٦ )

ئینجا ئەو دەسەڵاتە (سەرۆکی وڵات، وەزیر  بەڕێوبەری فەرمانگە، مامۆستا، دایك و باوك، ئاغاو دەرەبەگ) بێت، خودی هەڕەشەکردن بۆنەیەکە، کە هەڵچوون و ڕەقی و توڕەبوون و هاوارو دەنگبەرزکردنەوەی تێدایە، هەڕەشەکردن لەزۆربەی کاتدا لەبارێکی دەروونی نائارامەوە سەرهەڵدەدات، لەم بۆنەیەدا ئەو فۆڕمە زمانییە چالاکدەبێتەوە، کە نێرەربەتوڕەیی و دڵپرییەوە ئاڕاستەی وەرگری دەکات و جۆرێك لەشەڕو ناخۆشی نێوان تاکەکاندا پیشاندەدات .

لەهەڕەشەکردنی دایك لەمنداڵەکەی ئەم فۆڕمانە چالاك دەبێتەوە نمونە:

٨٥- شەرت بێت وەك مار پێتەوە بەم .

٨٦- دەتۆ بڕۆ بزانە چاو دەرناهێنم .

٨٧- یاخوا بیڕێژیت وەڵڵا سەرەو خوار هەڵتەواسم .

٨٨- بەقوربانبم بابێمە دەرەوە .

ئەگەر هەریەکێك لەم نمونانە وەرگرین دەبینین ژمارەیەك فۆڕمی زمانی تێدا چالاکبووەتەوە، کەدەسەڵات و توانای نێرەر بەسەر لاوازی و بێدەسەڵانی وەرگردا چالاکە، دەستەواژەکانی ( وەك مار پێتەوە بەم ) لەشێوەی ڕستەی هەواڵگەیاندندا، نێرەر هەڕەشە لەوەرگر دەکات و سوێند دەخوات، کەئەو کارە بکات، کەمەبەستی پێوەدان بەشێوەی مار نییە، بەڵکو لێدانی باش بۆ ئەوەی ئاقڵ بێت، هەروەها لەدەربڕاوی ( بەقوربانبم ) ڕستەیەکی هەواڵییە و بەشێوەی ( توانج لێدان ) ئاڕاستەکراوە، کەمەرجی بۆ ڕوودانی کارەکە داناوە ئەویش (بابێمە دەرەوە )، کەئەمەش بەمەبەستی پاڕانەوە نەهاتووە، بەڵکو مەبەستی پەیام ڕوونە، کەهاتمە دەرەوە ئەوکارە جێبەجێ دەکەم، هەروەها هەندێك جار هەڕەشە لەبەرپرسێکی حکومی بۆ فەرمانبەرەکانێتی نمونە:

٨٩- جارێکی تر دوابکەویت نایەڵم بێیتە ژورەوە .

٩٠- ئەوە کەی ئیشە ئەگەر وابڕوات سزاتە یەم .

بەهەمان شێوە لەم بارەشدا فۆڕمەکانی ( ئیش، سزا، دوامەکەوە ) چالاکبونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی تری ناوڕستەکان دروستکردووە .

هەروەها هەندێك جار هەڕەشەی مامۆستایانی ئایینی، کەهەڕەشە لەخەڵکی خراپ و دوور لەخوا دەکەن بەدەربڕینە هەڕەشەئامێزەکانیان خەڵکی لەکارەخراپەکان و سزاکانیان ئاگادار دەکەنەوە بۆ ئەمەش چەندین فۆڕمی زمانی و نازمانی چالاك دەکەنەوە، نمونە:

(باشترین و ئاقڵترین کەس ئەو کەسەیە، کەزۆر بیری مردنی هەیە، وانازانێت، کەدنیا کۆتای نایەت دەست بۆ حەرام نابات، بۆیە خۆشەویستان پێویستە لەسەرمان یادی مردن زۆر بکەین، چونکە باشترین کەس ئەو کەسەیە، کەئامادەکاری بۆ مردن کردووە وەبەدەستی بەتاڵ ناڕواتە دەرەوە بازۆرت پێبێ، چونکە سەفەری درێژت لەبەرە .. ! پێغەمبەر (د.خ) بەلای گۆڕێکدا تێپەڕی، کە هەڵیان دەکەند ڕۆشت و سەیریکرد لێی نزیکبوەوە سەری بەسەردا شۆڕکردەوە و پاشان سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە ... بەچاوی فرمێسکەوە فەرمووی ( براکانم بۆ ڕۆژی چوونە ناو ئەم چاڵە خۆتان ئامادە بکەن، تێشوی زۆری بۆ هەڵگرن) بەڕاستی ئێمە دڵمان ڕەقبووە، من خەڵکم بینیووە لەسەرچاڵەکە پێدەکەنێ قاقا لێدەدات و مامەڵە دەکات، بزانە براکەم ئەم چاڵە ئەمڕۆ بۆ ئەوە سبەینێ تۆ دەچیتە ناوییەوە! دڵنیابە لەهیچ قەسرێك جێگات نابێتەوە ).[١]

| | فۆڕمەزمانییەکان | جۆری کەتێگۆڕی فۆڕمەکە | هێزی چالاکبونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | باشترین و ئاقڵترین کەس | فرێزە | وەسف و پیشاندانی ئازایی کەسی سەرکەوتوو . |
| ٢ | مردن | ناوی ڕووداو مۆڕفێمی سەربەخۆ | ئاگادارکردنەوە، ترساند ، بیرخستنەوەی وەرگر بۆ ڕووداوێکی دیارو کاتی نەزانراو |

١- http:/www.facebook.com/wtarakani.M.fatih sharstene

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | یادی مردن زۆر بکەنەوە | هاوەڵکار | بیرخستنەوە، ترساندن، جەختکردنەوە، هەوڵدان . |
| ٤ | بۆ ڕۆژی چوونە ناو ئەم چاڵە خۆتان ئامادەبکەن . | ناوە – فرێزی ناوی | چاڵ - تاریك – ناخۆش – تەنگ – قوڵ – ڕەق . |
| ٥ | دڵنیابە لەهیچ قەسرێك جێگات نابێتەوە . | ناوی شوێن | خۆشی – شادی – گەورەیی – دڵنییای – کۆتای . |

بابەتی هەڕەشەکردنی ئەم پەیامە باسی(مردنە)، کە هەڵگری پەیامێکی نێگەتیڤە بۆ دەروونی وەرگر، کەبەچەندین دەستەواژەو ڕستەی هەڕەشە ئامێز ئاگادارمان دەکاتەوە لەڕاستیەکی فەرامۆشکراو، کە نامانەوێت تەنانەت بیریشی لێبکەینەوە .

**٣/١-٢-٧) توانجلێدان:**

جۆرێکی ئاخاوتنە بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ یان پێچەوانە ئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێت، بۆ ئاگادارکردنەوە یان چاککردنی هەڵەیەك نێرەر بەشێوەی پلار چەند فۆڕمێك بەوشەو ڕستە ڕێکدەخات و چالاکییان دەکاتەوەو ئاڕاستەی وەرگری دەکات نمونە:

٩١- لەسایەی سەری تۆوە هەموو شتێك باشە.

لەم نمونەیەدا بەچالاککردنی فرێزی ( سەری تۆ )، کە فرێزێکی ناوییە واتاکانی :

٩٢- بەهۆی کارەکانی تۆوە.

٩٣- بەهۆی کەمتەرخەمی تۆوە.

٩٤- بەهۆی هاوکارینەکردنی تۆوە.

٩٥- بەهۆی کارە باشەکانی تۆوە.

چالاكدەبێتەوە، كەنێرەر بەشێوازی پلار ناڕەزاییەكانی دەگەیەنێتە وەرگر، كەتۆ نەتویست یارمەتیمان بدەی بۆیە ئاكامەكەی ئەوە بوو، هەروەها بەهۆی ئاوازی ڕستەكەوە دەتوانرێت ئەم دەربڕینە وەكو شێوازێكی ستایشكردن بەكاربهێنرێت بەتایبەت لەكاتی ( چاكوچۆنی )دا هەروەها هەر پەیوەست بەم بۆنەیەوە:

٩٦- لەهەزار ئاوی یا ( دا) وە.

٩٧- ئەگەر نەمبینییایە باوكت ئەمردم لەئەزرەت دایكت.

٩٨- بەكاكڵان تێرم خوارد، ئینجا نۆرەی توێكڵانە.

٩٩- بەكەر ناوێرێ بەكورتان دەوێرێ.

١٠٠- دۆستی وەكو تۆم هەبێ دوژمنم بۆ چییە ؟

١٠١- بەتەمای تۆ بم !

١٠٢- جاوەرە ببیت بەوەزیر ئەبێت بەحەوت پرسگە بگەمە لات.

١٠٣- سەد ڕەحمەت لەكفن دز.

لەڕاستیدا زۆر جار لەم بۆنەیەدا سود لەچالاككردنەوەی پەندی پێشینان وەردەگیرێت. هەروەها زۆرجار مامۆستایانی ئایینی هەندێك لەوتارەكانیان بەشێوەی توانج و پلار ئاڕاستە دەكەن بەئامانجی گەیاندن و كاریگەر بوونی لەسەر وەرگر نمونە:

( من و تۆیەك چیمان لەعەولەمەو مۆدێرنە وەرگرتوە ... ! گەنجانمان، كەدەچنە دەرەوە (چی) دەهێننەوە ( لەزانست و تەكنەلۆژیاو زانیاری )، خۆزگە زانستی فیزیا یان كیمیا، یان ئەلیكترۆن و تەیارە، یان بۆ بێنایینایەتەوە، خۆزگە فێریان بكردینایە چۆن ساروخ دروست بكەین؟ چۆن پێشبكەوین؟ بۆچی بیست و ئەوەندە ساڵە كێشەی كارەبامان بۆ چارەسەر نەبووە ؟ خۆزگە بڵێن ها ئەوە زانست و زانیاری ئێوەش فێربن، بەڵام بەداخەوە نا ... شتی وانابێت، ئەگەر كەسێكیش بەو شێوەیە بێت ئەوا كەس ناڵێت كەرەت بەچەند؟ تۆ ئەم عیلمەت هێناوە بویتە پرۆفیسۆر ... ! بەڵكو ئەوەندە پشتگوێی دەخەن، كابرا سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوات ، بەڵام ئەگەر هات و كەسێك فێری ڕەقسكردن و گۆرانی گوتن بووبوو پەنجا كەناڵ شەڕیەتی لەسەری بچن میوانداری بكەن و بڵێن باشە جەنابت چۆن توانیت ئەم

هونەرە بەدەست بێنیت ؟، تۆ چۆن توانیت لەم هونەرەدا ئەسپی خۆت تاوبدەی، ئەویش خۆی لێدەبێتە کەسێکی زۆر موهیم ).[١]

ئەگەر لەم نمونەیە وردبینەوە دەبینین ،کەچالاکبونەوە بەشێوەی زنجیرەیی فۆڕمەکان دەبێت.




٨-٢-١/٣) سەردانکردنی نەخۆش:

بارێکی قورسی سەرشانی مرۆڤەکانە، بەبەردەوامی توشی بێتاقەتی و بێزاری و تەنیایی دەبن، بۆیە سەردانکردنی نەخۆش کارێکی پیرۆزە و پێویستە، چونکە بەتەنها هەواڵپرسینی نەخۆش کەمێك لەئازارەکانی کەمدەکاتەوە ،هەروەها جگە لەسودە کۆمەڵایەتییەکەی سودێکی گەورەی ئاییینیشی هەیە، چونکە پاداشتی سەردانکردنی بەگەورە دیاریکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زۆر لای نەخۆش نەمێنینەوە و قسەزۆرکردن ڕەوشتێکی ناپەسندە و پێویستە لێی

---

١- م، هاوڕێی قیامەت www.facebook.com/RegaeiHaQ

دوربکەوینەوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەم سەردانکردنەدا کۆمەڵێك فۆڕمی تایبەت بەبواری تەندروستی چالاك دەبێتەوە بۆ نمونە:

١٠٤- ئەوە خێرە چیتە؟

لێرەدا نێرەر وەرگر بەشپرزەیی و بێتاقەتی دەبینێت بۆیە پرسیاری لێدەکات تاکو تەندروستی و کێشەو گرفتی بزانێت، لەوەڵامدا وەرگر دەڵێت :

١٠٥- هیچ نییە کەمێك باری تەندروستیم تێکچووە ،

ئەم دەستەواژەیە سەر دەکێشێت بۆ چالاکبونەوەی دەربڕینێکی تری وەکو:

١٠٦- خوای گەورە شیفای بەخێرت بۆ بنێرێت.

لێرەدا نێرەر هیوای سەلامەتی و تەندروستیەکی باش لەخوا بۆ وەرگر داوا دەکات پاشان لەشێوەی دوعاکردندا دەوترێت.

١٠٧- ببێتە پاداشت بۆ قییامەتت.

١٠٨- سەلامەتییە.

ئەمە وەکو دوعاو هیوای چاکبونەوە، هەروەها ئەو فۆڕمە زمانییانەی بەهۆی نەخۆشییەوە چالاکدەبنەوە نمونە:

١٠٩- چویت بۆ لای پزیشك.

١١٠- پزیشکی چی و شتی چی؟

١١١-هەرپارە کێشانەوەیە.

١١٢- بلیتەکەی بیست و پێنج هەزار دینارە.

وەڵامی وەرگر بۆ نێرەر پەیوەست بەدەوروبەرەوە دەردەکەوێت، کەنەخۆشەکە کەسێکی هەژارو دەستکورتە.

١١٣- بەکۆمەڵ نەخۆش دەکاتە ژورەوە.

١١٤- کەس نازانێت چۆن بەڕێیان دەکات.

١١٥- هەندێك فەحس و سۆنەرو ئەشیعەی بۆ نوسیم.

١١٦- پزیشکەکە گوتی هیچت نییە خەفەت مەخۆ، بەڵام یەك دنیا حەب و دەرزییان بۆ نوسیم.

جگە لەمانە لەبواری تەندروستیدا فۆرمێکی زۆری زمانی و نازمانی چالاکدەبێتەوە پەیوەستە بەنەخۆش و پزیشك نمونە: (نەخۆش، نەخۆشخانە، فریاکەتن، ئاو هەڵواسین، کانۆلادانان، حەب، دەرزی، خوێن)، هەروەها فۆرمی خوێن ڕاماندەکێشێت بۆ چالاکبونەوەی فۆرمەکانی تری زمان .

١١٧- بتلێك خوێنم بەنەخۆشانی تالاسیما بەخشی.

١١٨- خوێنەکەی $A^+$دە.

١١٩- کەم خوێنە.

١٢٠- پێویستی بەخوێنە.

هەروەها ئەو فۆرمە نازمانییانەی، کەلەبۆنەیەکی سەردانکردنی نەخۆشدا چالاك دەبێتەوە، کە پەیوەستە بەنەخۆش و پزیشك و بابەتەکانی نەخۆشخانە و تەندروستی مرۆڤەوە بۆ نمونە:

بەنەخۆشکەوتنی کەسێك و چوونمان بۆ نەخۆشخانە ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن دەبینین ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ نەخۆش و گواستنەوەی بۆ شوێنی تایبەت دەچێت، ئەو جلە تایبەتییەی پزیشك و کارمەندان لەبەریدەکەن ئەو پەیامە دەگەیەنن، کە لەکاردان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، هەروەها ئەو جلەی پزیشك لەکاتی نەشتەرگەریدا لەبەریدەکات ئاماژەیە بۆ بوونی نەخۆش و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی. هەروەها دەرکردنی هەندێك دەنگی وەکو (ئاخ، ئۆف، وای، ....هتد) نیشانەیە بۆ بوونی ئازار لەنەخۆشەکەدا و گۆڕانی ڕەنگی نەخۆش و زەردو لاوازبوونی کۆمەڵێك فۆرمی نازمانین بەبێدەنگ پێمان دەڵێت ئێرە نەخۆشخانەیە و خەڵکی بۆ چارەسەر پەنای بۆ دەبەن .

### ٩-٢-١/٣) پاڕانەوە:

بریتییە لەپاڕانەوەی نێرەر لەوەرگر، بەجۆرێك وەرگر کەسێکی باڵا دەستە، لەسەرو نێرەرەوە بەرێژەیەکی زۆر توانای جێبەجێکردنی داواکانی نێرەری هەیە، پاڕانەوەش (جۆرێکی داواکردنە)، بەڵام سنوری نێوان پایەی کۆمەڵایەتی نێرەرو وەرگر جیاواز دەبن و دوورییەکی زۆرتر دەکەوێتە نێوان پایە بچوکەکەی نێرەرو پایە کۆمەڵایەتییە گەورەکەی وەرگر)،[١] لێرەدا پایە کۆمەڵایەتییەکە جیاوازی گەورەی هەیە، چونکە نێرەر کەسێکی بێدەسەڵات و لاوازە، بەڵام وەرگر دەسەڵاتدارو بەهێزە، هەر ئەمەش وایکردوە نێرەر ئەوپەڕی بێهێزی و لاوازی خۆی بەرامبەر وەرگر پیشانبدات بە جۆرێك بچووکی خۆی بۆ وروژاندنی هەستی وەرگر و دروستکردنی کاردانەوە تێیدا دەردەخات بۆ ئەوەی داواکەی بۆ جێبەجێ بکات، هەروەها لەپاڕانەوەدا ڕێزێکی زۆر دەبینرێت، بەڵام تاك لایەنەیە، واتە نێرەر ڕێزێکی زۆرلەوەرگر دەگرێت و داواکەی بەشێوازی بەرێزانەوە دەخاتە بەردەم وەرگر، بەڵام وەرگر بەپێچەوانەوە، ڕەنگە بێڕێزیشی بەرامبەر بکات ئەوە لەکاتێکدا ڕوو دەدات، ئەگەر پاڕانەوە لەنێوان مرۆڤەکاندا بێت لەیەکتری، پاڕانەوەش جۆری جیاوازی هەیە، بەڵام زۆربەی پاڕانەوەکان لەنێوان مرۆڤ و ( خودایە )، چونکە لەڕووی بەرزی و گەورەیی و هێزەوە لە هەموو کەس گەورەترە و توانای جێبەجێکردنی هەموو خواستێکی مرۆڤی هەیە بەبێ سنورو بەبێ جیاوازی لەنێوان دیندارو بێدیندا. ئەو دەربڕینانەی لەم بۆنەیەدا بەکاردێن هۆکاری چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکانن. چونکە هەندێ فۆڕمی زمانی جگە لەنێوان مرۆڤ و خوای گەورە دا لەهیچ کاتێکی تردا چالاکنابێتەوە بۆ نمونە :

١٢١- خوایەگیان لەگوناهەکانم خۆشبە .

١٢٢-ئەی خوای گەورە لەگوناهی دایك و باوکم خۆشبە .

١٢٣- خوایە گیان بەڕسقی حەڵاڵت ناچاری حەرامىمان نەکەیت .

١٢٤- خوایەگیان کوردستانمان بپارێزە .

---

١- قەیس کاکل توفیق ( ١٩٩٥ : ٦٧ )

١٢٥- خوایەگیان بمانپارێزە لەبەڵای ناگەها، لەشەڕی شەیتان، لەفیتنەی ئاخر زەمان .

١٢٦- یاڕەبی ڕووڕەشی دنیاو قیامەتمان نەکەیت .

١٢٧- خوایەگیان جەرگی پیریم نەسوتێنی .

١٢٨- خوایەگیان مەرگی خۆشەویستانم نەبینم .

ئەگەر سەرنج لەڕستەکانی ( ١٢١- ١٢٨ ) بدەین فۆڕمی ( خوایەگیان ) وەك لایەنی داوالێکراو لەهەموو ڕستەکاندا چالاکبۆتەوە، کەفرێزێکی ناوییەو مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی داواکەی دووبارەی دەکاتەوە بەتەنیا کۆدکردنی خوایەگیان، هەموو فۆڕمە پەیوەندیدارەکان بەدەسەڵاتی خواوە چالاکدەبێتەوە نمونە :

(گوناه، لێخۆشبون، دایك وباوك، ڕزق، حەڵاڵ، حەرام، جەرگ، پیری، مەرگی خۆشەویستان، شەڕی شەیتان، دنیاو قیامەت، بەهەشت، جەهەنەم .... هتد )، بەڵام هەندێك جار پاڕانەوە لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات وەك پاڕانەوەی ژێردەستەیەك لەگەورەکەی نمونە :

١٢٩- گەورەم توخوا بمبورە .

لێرەدا دەردەکەوێت، کەنێرەر کەسێکی لاوازو لەخوار پایەی کۆمەڵایەتی وەرگرەوەیە بۆیە بەشێوازێکی داماوی داوای لێدەکات، هەروەها هەندێ جار پاڕانەوە لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا ڕوودەدات بۆ نمونە :

١٣٠- مامۆستا توخوا ئەمجارە نمرەم لێ مەشکێنە، بەڵێن دەدەم جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە.

لێرەدا پاڕانەوەکە لەنێوان دووکەس، کە وەرگر لەپلەی کۆمەڵایەتی و تەمەن لەنێرەر بچووکترە.

١٣١- توخوا مامۆستاگیان تەنها سێ نمرەم پێویستە بۆ داخڵبوون ( بۆ چوونە ناو تاقیکردنەوە )

هەندێ جار پاڕانەوە لە ( شێخ و مەرقەدو مەلاو سەید ) دەکرێت، بەجۆرێك زیاتر ئەم شێوازە لەلای ژنان چالاکترە، کاتێك دەچنە گۆڕستان یان بۆ زیارەتی قەبرێك، کە بەپیاو چاك ناسراوە

بۆ چارەسەری نەخۆشی، خراپی مێردو منداڵ، ڕزق، منداڵ، کوڕ، بۆ پێدانی ماڵی دنیا )، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی دینیەوە ئەم شێوازە دروست نییە، چونکە تەنیا خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەر شتەکاندا هەیە، ئەوانیش وەك ئێوە مرۆڤن و توانایان بەقەدەر ئێوەیە.

هەروەها چالاکبونەوەی فۆڕمە نازمانییەکانیش، کەلەم بۆنەیەدا چالاکدەبنەوە بریتیە لە:

دەست بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان و سەرخوارکردنەوەو هەندێك جوڵەی جەستەیی وەك جوڵاندنی سەرو هەموو جەستە بەشێوەیەك بچووکی مرۆڤ بەرامبەر بەخوا نیشان بدات و هەندێك دەنگی تایبەتی گریان و ڕشتنی فرمێسك ... هتد ).

### ٣/١-٢-١٠) سوێند خواردن :

دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەو کۆمەڵانەدا چالاکە، کەبیرو باوەڕی ئایینیان هەیە، هۆکاری سوێند خواردن هەمە چەشنەیە هەندێك جار لەبەر نەبوونی یان کەمبوونی متمانە لەنێوان تاکەکاندا بەکاردێت یان بۆ زیاتر متمانەدان و دڵنیایی بەرامبەر ناوەڕۆکی پەیام بۆ نێرەر بەکاردێت، هەروەها سوێند خواردنیش زیاتر بەو شتانە دەبێت، کە پیرۆزو گەورەن لەلای مرۆڤ و ئاستەمە پیرۆزییەکان بشکێنن، چونکە بەتوندی پێوەی پەیوەستن، هەروەها ئەو کەس و شوێنەو شتانەی سوێندی پێدەخورێت جیاوازە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر تەنانەت لەناوچەیەکیشدا جیاوازی دروست دەبێت، هەروەها شێوەی سوێند خواردن بەپێی ڕەگەزیش جیاوازە، واتە ژنان فۆڕمی تایبەت بەسوێند خواردنی خۆیان هەیە، هەروەها سوێند خواردنیش بەگوێرەی بیروباوەڕی کەسەکان جیاوازە، لەبەر ئەوەی کەسانی زۆر ئیماندارو پابەند بەدینەوە تەنیا سوێند بەتاك و تەنیای خوای گەورە دەخۆن بۆ نمونە:

١٣٢-بەخوای گەورە.

١٣٣- بەسیفەتە بەرزو پیرۆزەکانی.

١٣٤- بەناوە جوانەکانی خوا.

١٣٥- بەوكەسەی، کەسپاردە زایەناکات .

لەدەربڕینەکانی (١٣٢ - ١٣٥ ) فۆڕمەکانی (خوای گەورە، ناوە پیرۆزەکانی، ناوەجوانەکانی، سیفەتی بەرز ... هتد) چالاك دەبێتەوە، چونکە هەمووشتێ بەویستی خوای گەورەیە، بۆیە کاتێك ناوی دەبرێت هەموو سیفەتە جوانەکانی چالاك دەبێتەوە، هەرشتێك، کەلەدەست نایەت و جوانی و گەورەیی تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، ئەم شێوازانەش کاریگەرییان لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمەزمانییەکان دەبێت بۆ نمونە : ( بەڕەحم، میهرەبان، لێخۆشبوو، شیفادەر، ڕۆزیدەر، گەورەیی، جوانی، زانایی، ئاشتی، دروستکەر، تۆڵە سێنەر، بەرز، بینەر، دادپەروەر).

هەروەها ژنانیش شێوازی تایبەتی سوێندخواردنیان هەیە، کەکۆمەڵێك فۆڕمی زمانی لەگەڵدا چالاك دەبێتەوە .

١٣٦- بەو خوایەیی لەڕەنگی نییە .

١٣٧- بەو قورئانەی، کە لەمزگەوتە .

١٣٨- بەو نمەکەیماڵتان .

١٣٩- بەکاك ئەحمەدی شێخ .

١٤٠- بەپیر مەنسور .

١٤١- بەکەعبەی پیرۆز .

١٤٢- بەغەوسی گەیلانی .

١٤٣- بەسەید عارەب .

١٤٤- بەپیر ئەلیاس .

هەروەها پیاوانیش لەسوێند خواردنەکانیاندا جیاواز لەژنان کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی چالاك دەکەنەوە بۆ نمونە :

١٤٥- وەڵڵا وەبیلا وەتەڵڵا .

١٤٦- بەلا ئیلاها ئیلەڵڵا .

١٤٧- بەفەخری کائینات .

دەبینین لەسوێندخواردنی پیاوانیشدا فۆڕمەکانی(کەلام، فەخری کائینات، وەڵلا) چالاکبونەتەوە، کە پەیوەستن بەبۆنەی سوێند خواردنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم فۆڕمانە زۆربەکەمی لەشوێن و بۆنەی تر بەکارهێنانیان چالاکە، بەڵام لەبۆنەی سوێند خواردندا نەك تەنیا خۆیان، بەڵکو فۆڕمی تریش چالاك دەکەنەوە .

بۆ نمونە: فۆڕمەکانی ( قورئان، مزگەوت، کاك ئەحمەدی شێخ، پیرمەنسور، کەعبە، غەوس، سەید عارەب، پیر ئەلیاس، ئەڵلاْ، کەلامی خوا) چالاکبونەتەوە، هەروەها لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی پەیوەست بەدەوروبەری سوێند خواردن چالاکدەبێتەوە. هەروەها هەندێ فۆڕمی زمانی تایبەت بەپیاوان، کەسوێندی پێدەخۆن چالاکدەبێتەوە، بەڵام لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەرزی ڕەوشت و گەورەیی بەچاوێکی نزم لێیان دەڕوانێت، چونکە لەکۆمەڵگای کوردیدا ئەم فۆڕمانە وەك ( تابۆ سەیردەکرێن و بە جوڵاندنیان کێشەی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدات ) بۆ نمونە: ( بەتەڵاقم، بەناموسم، بەشەرەف، بەغیرەتم، بەشەرەفی خوشك و دایکم)، هەروەها جگە لەفۆڕمەزمانییەکان لەبۆنەی سوێند خواردندا فۆڕمە نازمانییەکانیش چالاکدەبنەوە بۆ نمونە:

ئەو ئاوازەی، کە لەکاتی کۆدکردنی فۆڕمە زمانییەکاندا دەردەکەوێت، هەروەها دەنگە پاڕازمانییەکان وەك(گریان، هاوار، دەستدانان لەسەر قورئان، بەدەست ئاماژەکردن بۆ ئاسمان، یان بۆ شوێنی سوێندەکە، وەك نمەك و قورئان یا بۆ ئاڕاستەی گۆڕەکە یان شێخ و ئەسحابە.

٣/١-٢-١١) دوعاکردن:

دەرگای چوونە ژورەوەی مرۆڤە بۆ ناو ویستەکانی، نەریتێکی کۆمەڵایەتی ئایینییە، دوعاکردن بەگشتی زۆربەی بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە هۆکاری پتەوکردنی خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، چونکە کاتێك مرۆڤ کارێك بۆ کەسێك ئەنجام دەدات لەبەرامبەردا دوعای خێری بۆ دەکات وەك پاداشتێك، ئەمە لەنێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دوعا

پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودای گەورەیە، چونکە لەچارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیانی پەنای بۆ دەبات، بەتایبەت کاتێك دەزانێت توانای کردنی کارێکی نییە، تەنها کەسێك توانای یارمەتی و جێبەجێکردنی هەیە، کە ( خوای گەورەیە ) بۆیە هەندێك جار ئەم فۆرمانە بەشێوەی ئاشکرا دەردەکەون، هەندێك جاریش شاراوەن و دەرناکەون، بەڵام بەئاوازی ڕستەکەدا دەزانرێت داواکە لەخوای گەورە کراوە، یەکێك لەجیاوازییەکانی دوعاکردن ئەمەیە، کە ( وەرگر بوونی نییە و نێرەر ڕوو دەکاتە هێزێکی لەخۆی گەورەتر، وەك ( خوای گەورە)، هەروەها سنوری پایەی کۆمەڵایەتی نێرەرو وەرگر بەتەواوەتی لەیەکتر دادەبڕێت و لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێت نێرەر پێشبینی کاردانەوەی ڕاستەوخۆ لەوەرگر ناکات، بەڵام وەڵامەکەی لەداهاتوودا وەردەگرێت).[1] هەروەها دوعاکردنیش دوو جۆرە:

یەکەم: دوعابۆکردن:

دووەم: دوعا لێکردن:

یەکەم : دوعابۆکردن: شێوازێکی پۆزەتیڤە تێیدا دوعای چاکە بۆ خەڵکی دەکرێت بۆ نمونە:

١٤٨- خوالەدایك و باوکت نەسێنێت.

١٤٩-یاخوا تەمەن درێژ بیت.

١٥٠-یاخوا ڕۆڵە گەردنت ئازادبێت.

١٥١-سەرفرازی هەردوو دنیا ببیت.

١٥٢- ڕەحمەت لەدایك و باوکت.

١٥٣-خوایە گیان ڕۆژووەکانم لێ قبوڵ کە.

١٥٤-لەپردی سیڕات ڕزگارمان کەی.

١٥٥-بەبەهەشتی بەرین شادمان کەیت.

١٥٦-بەدیداری پێغەمبەر شاد مان بکەیت.

---

١- قەیس کاکل توفیق ( ١٩٩٥ : ٦٧ : ٦٨ )

١٥٧-ماندووبوونمان بەفیڕۆ نەدەیت.

فۆڕمەکانی دوعاکردن بەگشتی چالاکن بەڵام بەردەوام ڕۆژانە چالاکدەبنەوە بەتایبەتی لەکاتی نوێژەکاندا یان ئەوکاتانەی کارێکی باش یان کار ئاسانییەك بۆ کەسێك دەکرێت.

دووەم: ئەو دوعایانەی نێگەتیڤن لەکەسێك دەکرێت واتە دوعالێکردن.

بریتییە لەدوعای خراپ و ناخۆش لەلایەن نێرەر ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، کەزۆرجار وەرگر ئامادەیە، بەڵام هەندێك جار وەرگر دیارنییە ئەم شێوازە لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕوودەدات بەتایبەتیش لەناو ژناندا زۆرچالاکە نمونە:

١٥٨-یاخوا ڕۆڵە گەردنت ئازا نەبێت.

١٥٩- یاخوا نەحەسێیتەوە.

١٦٠- هەر ڕۆژەو گۆڕێك ببینیت.

١٦١- ڕەبی ئەولاترچیت.

١٦٢- یاخوا هەڵنەسیتەوە.

١٦٣- یاخوا کرمە ڕێژبیت.

١٦٤- ڕەبی سندانی لێدات.

١٦٥- یاخوا بەژەهری مارت بێت.

١٦٦- پرچی سپی بهۆنیتەوە.

١٦٧- یاخوا بیدەیتە هەنارو لە پشت سەرتا دایبنێیت.[١]

١٦٨- یاخوا ناو سکت بەئاو بێت.

١٦٩- خەجاڵەت بیت.

---

١- جۆرە دوعایەکە لەکەسێك دەکرێت، کەماڵی کەسێکی خواردبێت، بەواتای ئەوەی ئەو پارەیە بدەیتە دەرزی و دەرمان لەسەر جێگە بکەویت و لەپشتی سەرتەوە دابنرێت.

لێرەدا دەبینین لەهەردەربڕینێکدا ژمارەیەك فۆڕمی زمانی چالاکبووەتەوە، کەڕەنگە مەبەست دوعاکردن نەبێت، بەڵام کاتێك دەچنە دەوروبەری بەکارهێنانەوە بەپێی کلتوری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی کەسی و ناسراوی، فۆڕمەکان لەئاستی جیاجیادا چالاکدەبنەوەو بەگوێرەی زانیاری پێشینەی نێوان قسەکەران فۆڕمی تری سەربەهەمان کێڵگە چالاکدەبنەوە.

هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی لەم بۆنەیەدا چالاکدەبنەوە بریتیین لە: دەستبەرزکردنەوە، ئاهوناڵە، جوڵەکانی جەستە، وەکو سەرلەقاندن، ئاماژەکانی دەست، سووربونەوەی دەموچاو، پیشاندانی زەلیلی و داماوی خۆی بەرامبەر بەهێزێکی گەورە کەخوای گەورەیە.

لەڕاستیدا بۆنەی ( دوعاکردن ) فەرهەنگێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە بۆیە ناتوانرێت هەمووی بخرێتە ڕوو، چونکە بەردەوام وەکو زنجیرەیەك بەدوای یەکدا دێن و لەناو هەریەکێکیاندا چەندین فۆڕمی تر چالاکدەبێتەوە.

۳/۱-۲-۱۲) جنێودان:

دیاردەیەکی ناشیرینی کۆمەڵایەتییە، لەکاتی شەڕو ناخۆشی و تێکچوونی نێوان دوو کەس یان زیاتر، ڕوودەدات، کەشێوازی بەکارهێنانی بەپێی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری و تەمەن و ڕەگەز جیاوازە، هەروەها ئەو شێوازانەی کە پیاو بەکاریدەهێنێت جیاوازە لە شێوازی ژن، هەروەها تەمەن کاریگەری لەسەر جۆرو شێوازی فۆڕمی جنێوهەیە، بەجۆرێك ئەو فۆڕمە زمانییانەی، کەسێکی بەتەمەن بەکاریدەهێنێت جیاوازە لەوفۆڕمانەی کەکەسێکی تازە پێگەیشتوو بەکاری دەهێنێت، هەروەها لەجنێودانیشدا ئافرەت کەمتر خۆی بۆ دەگیرێ، هەر لەبەر ئەوەشە لەم لایەنەوە فەرهەنگی ئافرەت تەواو دەوڵەمەندترەو زۆر زاراوە هەیە تەنیا ئافرەت بەکاریان دێنێت،[١] هەروەها جنێو سوکایەتی و بێڕێزی زۆری تێدایە بۆیە کەسی جنێودەر لەکۆمەڵدا بەچاوێکی کەم سەیری دەکرێت، هەروەها لەم بۆنەیەدا هەموو ئەو دەربڕینانەی بەکاردێت دەبێتە هۆی چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان، چونکە لەکاتی ئاسایدا

---

١- محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ٩٨ )

فۆڕمی جنێو بوونی لاوازە یان هەر نییە، فۆڕمی جنێودان لەکاتی ناخۆشیدا چالاکدەبێتەوە، هەروەکو دەڵێن لەکاتی شەڕدا شیرینی دابەشناکرێت ئەو فۆڕمانەی لەبۆنەی جنێودانداچالاکدەبنەوە بریتین لە:

١٧٠- سەرسواڵکەری هیچ نەدیوو.

١٧١- بەرماوەی هەموو کەسی دەم ناخەمە دەمی تۆوە هەی والێکراوی واپێکراو.[1]

١٧٢- بێ شەرمی بێ حەیا.

١٧٣- کەوڵە کۆن.[2]

١٧٤- چەتیوی سەر بەقوڕە.

١٧٥-ماڵانگەڕی سەر بەدەر.

١٧٦- هەی نامەرد.

١٧٧- بێی غیرەت.

١٧٨- گێلە ژن.

دەبینین لەنمونەکانی ( ١٧٠ - ١٧٨ ) دا کۆمەڵێك وشە چالاکبووەتەوە و پەلی کێشاوە بۆ چالاککردنەوەی کۆمەڵێك وشە و ڕستەی تر، کە لەئاوەزی مرۆڤدا بوونی هەیە، بۆ نمونە: کاتێك دەوترێت (سەرسواڵکەری هیچ نەدیوو) ڕاستەوخۆ ئەو بیرەی لەشێوەی فۆڕمی زمانیدا چالاکدەبێتەوە بریتییە لە: (ڕەزیلی، چرووکی، کەسی تازە دەوڵەمەندبوو، تازە پیاکەوتوو، چاوبرسی، چاولەماڵی خەڵك، حەسود، قۆڵبڕ، سوێندخۆر ..... هتد )، *هەروەها* لەگەڵ دەستەواژەی (بێ شەرمی بێ حەیا)، کە زیاتر بۆ ژنان بەکادێت بەتایبەتیش لەلایەن ژنی بەتەمەنەوە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ کەسێکی ( بێ ئابڕۆ، کارێکی خراپی کردووە، زماندرێژە، ڕێزی لەخۆی گەورەتر ناگرێت، کەسێك پێچەوانەی کلتورو داب و نەریت هەڵسوکەوت بکات ) .

---

١- محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ٩٨ )

٢- فاروق عومەر سدیق ( وانەی خوێندنی باڵا : ٢٠١٢ )

هەروەها لەدەربڕینی ( گێلە ژن ) دا ئەو فۆڕمانەی چالاکدەبنەوە بریتییە لە : ( نەزان، دەست و پێ سپی، کەسێکە بیر ناکاتەوە، ئەوکارەی بۆی دیاریدەکرێت نایکات، .... هتد )، هەروەها دەربڕینی ( کەوڵە کۆن ) فۆڕمەکانی ( پیاوێکی پیری پەککەوتە، پیاوێکی بێ خێر، کارنەکەر، نەزان، کەسێکی ڕێگر لەژیان، کەسێکی نزیك لەمردن ... هتد ) چالاکدەبێتەوە.

۱۳-۲-۱/۳) پۆزشهێنانەوە:

جۆرێکی داواکردنە بەشێوازی پەشیمانی، لەدوای گلەیکردن، یان بەهۆی کردنی کارێکی نەشیاو/ بەهۆی ئازاردانی کەسێك بەقسەیەك/ بەهۆی لەبیرچوونەوەی شتێك/ کارێك/ کەمتەرخەمییەك لەکارێکدا نێرەر داوای بەخشین و لێخۆشبوون لەوەرگر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەمە لەلایەن وەرگرەوە قبوڵ بێت، هەروەها لەپۆزشهێنانەوەدا ئاوازێکی تایبەت لەگەڵ فۆڕمەزمانییەکاندا دەردەبڕێت، کە جیاوازە لە بۆنەکانی تر، چونکە ((هەستکردن بەهەڵەو کەمتەرخەمی تێیدا ڕەنگدەداتەوە، پرسیارکردن بەئاوازی سەرسوڕمان وپرس بەیەکەوە دەردەبڕێن هەواڵگەیاندنیش، جگە لەئەرکی خۆی هەست دەربڕینیش دەگەیەنێت هەندێك جار پاڕانەوەشی تێدەکەوێت، جگە لەوەش داواکردنە، هەروەها هەندێ جار ماستاوکردن و تکاو پاڕانەوەشی تێدەکەوێت )).[١]

ئەو فۆڕمە زمانییانەی لەبۆنەی پۆزشهێنانەوەدا چالاك دەبنەوە بریتین لە:

۱۷۹- توخوا دڵت نەیەشێت، بەخوا مەبەستێکم نەبوو.

لێرەدا نێرەر لەکاتی گفتوگۆدا بەدەربڕینێك دڵی وەرگری ئازارداوە، یان هەستی بەوە نەکردبێت، کەقسەکەی بەلای وەرگرەوە ڕەقبووە، هەروەها زۆر جار لە پۆزشهێنانەوە دا داواکاریشی تێدایە بۆ نمونە:

۱۸۰- داوای لێبوردن دەکەم.

۱۸۱- گەردنم ئازاد کە توخوا، نەدەبوو ئەو قسەیەم بکردایە، بەڵام تازە بووە.

---

١- هێمن عەبدولحەمید شەمس ( ٢٠٠٦ : ١٢٢ )

هەروەها هەندێك جار دووكردەی قسەیی لەیەك فۆڕمدا چالاكدەبێتەوە نمونە:

١٨٢- توخوا بمبورە ئەزیزم.

١٨٣- بەخوا ناتوانم داوای لێبوردن دەكەم.

لەڕستەی(١٨٢) دا بەشێوازی فەرمانكردن و هەستدەربڕین پۆزش بۆ بەرامبەر دەهێنێتەوە بەشێوازی پەشیمانی زۆرو هەستێكی قوڵەوە، تاكو وەرگر بتوانێت لێی خۆش ببێت.

هەروەها لەنمونەی (١٨٣ ) دا هەستدەربڕین و داواكردن بەیەكەوە چالاكدەكاتەوە بۆ ئەوەی وەرگر لێی خۆش ببێت.

١٨٤- بەمیهرەبانی خۆت لێم ببورە.

لێرەدا نێرەر بەمەبەستی ڕەزامەندی وەرگر فۆڕمێكی زمانی بۆ پۆزشهێنانەوە بەشێوەی (پاڕانەوەو ماستاوكردن) چالاكدەكاتەوە و خۆی لەئاستی وەرگر بەبچوكتر پیشان دەدات و ئەوپەڕی ڕێزو جوانی دەربڕین بۆ ڕاكێشانی هەستی بەرامبەر بەكار دەهێنێت بۆ ئەوەی پۆزشەكەی وەربگیرێت، هەروەها هەندێك جار فۆڕمێكی زمانی لەشێوەی فەرمانكردن و سوێند خواردن و هەواڵگەیاندن بەمەبەستی پۆزشهێنانەوە چالاكدەبێتەوە نمونە:

١٨٥- دەبێت لێم خۆشبیت، بەخوا نەمبینی.

١٨٦- توخوا گەردنم ئازاد كە، بەخوا كاتم نییە.

١٨٧- لێمببورە، باوەڕكە نەمبیستووە.

هەروەها هەندێ جار (دەربڕینەكانی پۆزشهێنانەوە، هیچ ئاماژەیەكیان بۆ پۆزشهێنانەوە تێدا نییە، تەنها ئاوازی دەربڕینەكە نەبێت، كە پۆزش و هەستكردن بەكەمتەرخەمی یان هەڵەی نێرەر دەگەیەنێت).[١] بۆ نمونە:

١٨٨- دەزانیت ئێستا بیرم دەكەوێتەوە.

١٨٩- بەخوا هەر خەیاڵم نەبوو.

---

١- هێمن عەبدولحەمید شەمس ( ٢٠٠٦ : ١٢٣ )

١٩٠- بەچاوی خوشکی و برایەتیمان ئاگام لێی نییە.

١٩١- قەرزارت بم من نەمگوتووە.

١٩٢- جەرگم بسوتێ من نەمکردووە.

١٤-٢-١/٣) ڕەتکردنەوە:

ڕازینەبوون و قبوڵنەکردنی داوا و خواست و پێشنیارو بیروبۆچوونەکانی مرۆڤە لەنێوان خۆیاندا، کەبەیەکێك لەئەرکەکانی زمان دادەنرێت، هەندێ جار ڕەتکردنەوە بەڕاستەوخۆیی دەکرێت، بەڵام هەندێ جاریش بەناڕاستەوخۆی دەردەبڕێت، لەڕاستیدا ڕەتکردەنەوە هەموو کاتێك ڕەق و ناخۆشە، چونکە خەسڵەتی مرۆڤ وایە حەز بەجێبەجێکردنی داخوازییەکانی دەکات، نمونە:

١٩٣- کراسێکم بۆ ناکڕی ؟

- بۆت ناکڕم .                    ڕا
- کراست زۆرە بۆچیتە.        ناڕا

لەم نمونەیەدا نێرەر لەشێوەی ڕستەی پرسدا داواکارییەك دەخاتە بەردەم وەرگر، بەڵام وەرگر فۆڕمێکی زمانی ناڕاستەوخۆ چالاکدەکات و بەوەڵامی (بۆت ناکڕم) ڕەتکردنەوەی کڕین پیشان دەدات. هەروەها زۆرجار وەرگر بەمەبەستی نەوروژاندنی هەستی بەرامبەر فۆڕمێکی ناڕاستەوخۆ چالاکدەکاتەوە وەڵام بە (کراست زۆرە بۆچیتە). دەداتەوە، کەجۆرێکە لەڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆ.

١٩٤- باران کتێبەکەت بۆ هێنام ؟

- نەخێر             ڕا
- ئیشم پێیەتی       ناڕا

هەروەها ڕەتکردنەوە تەنیا بەفۆڕمی زمانی دەرنابڕێت، بەڵکو فۆڕمە نازمانییەکانیش دەتوانن واتای ڕەتکردنەوە بگەیەنن بۆ نمونە: لەکاتی درەنگکەوتنی خوێندکار بۆ پۆل داوای مۆڵەتی هاتنە ژورەوە بۆ پۆل دەکات:

١٩٥- مامۆستا بێمە ژورەوە ؟

مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدایە بەبێ ئەوەی قسەکانیی خۆی ببڕێت بەئاماژەکانی دەست و پەنجەکانی ڕەتی دەکاتەوە بێتە ژورەوە و پێی دەڵێت مەیە ژورەوە و بڕۆ. هەروەها لەم دەقە ئاینییەدا ڕەتکردنەوەی نازمانی دەبینرێت (ئەنەسی کوڕی مالك)، دەڵێت: لەماڵی (ئەبوتەڵعە) ئاڕەقم دەگێڕا، لەپڕ گوێم لەدەنگی بانگبێژ بوو هاواری دەکرد ئەی خەڵکینا ئاڕەق حەرام کرا (ئەنەس) دەڵێت: لەو کاتەدا یەکێك قوتیدابوو ، یەکێك لەدەمیدابوو، یەکێك بەدەستیەوە بوو، ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان بەرامبەر ڕەتکردنەوەی ئەو ئارەقەی چەندین ساڵە پێوەی خەریك بوون هەموو ڕشتیان ئەوەی قوتیدابوو هێنایەوە و ئەوەی لەدەمیدا بو فڕێیدایەوە).[١]

لەم دەقەدا فۆڕمەکانی ڕشتنی ئارەق و ڕشانەوەو جوڵە جەستەییەکان فۆڕمێکی نازمانییە و چالاکبووەتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی کارێك یان شتێك.

١٥-٢-١/٣) وەسفکردن:

خۆی لەوەسفکردنی کەسێك یان شتێك یان ڕووداوێکدا دەبینێتەوە بەلایەنی چاکە یاخود لایەنی خرپە، لەهەندێ باردا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەبۆنەیەکی گونجاو سەیر ناکرێت، بەتایبەت کە کەسێك وەسفی خۆی یان کارێکی خۆی بکات، بۆیە لەم بارەیەوە پێشینان وتوویانە: ئەو کچەی دایکی خۆی وەسفی بکات، مەگەر ماڵە خاڵوان بیخوازێ، هەندێ جار وەسفکردنی بابەتێك گونجاوە، بەڵام هەندێ جار بۆ ماستاوکردن و مەرایکردنە.

١- ( د. عبدوالواحید حەمە ساڵح ) https://www.youtube.com

لەبۆنەی وەسفکردندا نێرەر کۆمەڵە فۆڕمێکی زمانی چالاکدەکاتەوە و ئاڕاستەی وەرگری دەکات، وەسفکردنیش بەپێی ڕەگەز جیاوازی هەیە، چونکە ئەو فۆڕمانەی ژنان بەکاریان دەهێنن جیاوازە لەوفۆڕمانەی، کە پیاوان بەکاریدەهێنن. نمونە:

١٩٦- لەسەر بەردی ڕەق خۆی دەژێنێت.

١٩٧- سوار لەئەسپ دێنێتە خوار.

١٩٨- دەرس بەشەیتان دەڵێت.

١٩٩- بەرماڵی بەسەر ئاوەوە دەڕوات.

٢٠٠-بێچاوڕوو.

٢٠١- ئەڵێی مەلایکەتە.

٢٠٢-بەڕاستی پیاوە.

٢٠٣-ڕەزیلە.

٢٠٤- بەقوزەڵقورتەوە ئەخوری.

٢٠٥-ئەڵێی شەکرە.

هەریەکێك لەم فۆڕمانە بۆ بۆنەیەکی وەسفکردن چالاککراونەتەوە لەناو هەریەکێکیاندا کۆمەڵێك چەمکی تر چالاکدەبێتەوە بۆ بۆنەو ڕووداوێکی تر، بۆ نمونە ( لەسەر بەردی ڕەق خۆی دەژێنێ )، لەم نمونەیەدا بەرد وەك ناوێکی گشتی یان ( گشت )هەموو جۆرەکانی بەرد چالاکدەکاتەوە.

مەڕمەڕ ⟵ بەرد ⟶ بەردە پێ

↓

حەلان

هەروەها جگە لەفۆڕمی زمانی فۆڕمە نازمانییەکانیش لەم بۆنەیەدا چالاکدەبنەوە، بەتایبەت لەلای ژنان لەکاتی وەسفکردندا جوڵەی دەموچاو لێو دەست و سەر لەگەڵ فۆڕمە زمانییەکە چالاکدەبێتەوە یان لەگەڵ هەندێ دەنگی پاڕازمانی وەك.

- ئوه .... ئوه .... ئوه لەباران چ کوڕێکە.
- وەی، وەی لەو ژنە.

١٦-٢-١/٣) زەڕەنگەری:

یەکێکە لەپیشە کۆنەکان لەژیانی مرۆڤدا، لەبەر گرنگی ئاڵتون لەکۆنەوە وەك خشڵێکی بەنرخ و بەرز سەیرکراوە، لەسەردەمە کۆنەکاندا وەکو پارە بەکارهاتووە لەکڕین و فرۆشتن و مامەڵەکاندا، بەڵام ئێستا وەك خشڵی ڕازاندنەوە و جوانکاری بەکاردێت لەلایەن ژنانەوە، لەڕاستیدا ئاڵتون لەلای ژنان زۆر بەنرخە و گرنگی گەورەی هەیە لایان، هەروەها فرۆشتنی ئاڵتون بەپێی ئۆنسی جیهانییە، کەڕێژەیەکی نەگۆڕە بە ( ٣٢,١٥٤ ) کغم ئۆنسی جیهانی دەبێت، هەروەها کڕین و فرۆشتنی بەپێی بۆرسەی جیهانی دەبێت، کە ڕۆژانە گۆڕانی بەسەردا دێت ، لەپیشەی زەڕەنگەریدا و بەتایبەت لەکاتی کڕین وفرۆشتندا، کۆمەڵێك دەربڕین و ڕستەی ڕۆژانە بەکاردێت یان لەکاتی دروستکردنیدا پەیوەست بەپیشەکە، واتە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵتون فۆڕم و زاراوەی تایبەت بەکاردێت، کە هۆکارن بۆ چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانییەکان بۆ نمونە:

- ئەمڕۆ نرخی ئاڵتون چەندە ؟
- مسقاڵی بە (دوسەدو بیست هەزار دینارە).
- عەیارە چەند؟
- عەیارە (٢١) بیست و یەك.
- بۆچی گران بووە.
- بڵێم چی بەردەوام بەرزو نزم دەکات.

ئەگەر لە نمونەکان بڕوانین دەبینین، لەمامەڵەکردنی ڕۆژانەی کڕین و فرۆشتی ئاڵتون کۆمەڵێك فۆڕمی زمانی چالاکدەبێتەوە بەشێوەیەك ئەم فۆڕمانە پەیوەستن بەدەوروبەری پیشەکە بۆ نمونە:

(ئاڵتون، مسقاڵ، عەیار، گران، نرخ، هەرزان، شکاوە) هەروەها لەگەڵ ناوهێنانی ئاڵتون بەخێرای چالاکی هزرمان بۆ هاوشێوەکانی دەچێت و هەموو ئەو فۆڕمانەی، کە پەیوەندی پێوەی هەیە چالاکدەبێتەوە بۆ نمونە:

٢٠٦-زنجیری عەیارە بیست و یەکم کڕی .

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەی زنجیر ڕاستەوخۆ وشە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەکێڵگەی زنجیرو ملوانکە چالاکدەبیتەوە وەکو (زنجیرو لولە، ئەڵقە، ملوانکە، بازن، گۆبەرۆك، حیڵ و مێخەك، موستیلە، پاوانە، دوگمەو دۆلاب، گەردنلخ، ملە شیلان). هەروەها بەهۆی ئەوەی، کە ئاڵتون لەدەرەوە هاوردەدەکرێت لەگەڵ باسکردن لەئاڵتون ئەو وڵاتانەی، کە کوردستان ئاڵتونی لێدەکرێت چالاکدەبێتەوە بۆ نمونە:

٢٠٧- بیست و یەکی خلیجیە.

٢٠٨- ئاڵتونی دوبەیە.

٢٠٩- دەستکردی تورکیایە.

هەروەها هەندێك لەناوی ئەو ئامێرو دەزگایانەی، لەدروستکردن و چاککردنی ئاڵتوندا بەکاردەهێنرێت جارێکی تر چالاکدەبێتەوە نمونە:

٢١٠- بۆتە [١]

٢١١- هەتیتە [٢]

٢١٢- بەردی مەحەك [٣]

---

١- ئەو گیراوە کولاوەیە، کە بۆ پاککردنەوەی ئاڵتون بەکاردێت.

٢- هەتیتە ئەو دەزگایەیە، کە دوای تواندنەوەی ئاڵتونەکە پێی ڕادەکێشرێت.

٣- (بەردی مەحەك) و تێزاب: ئەو بەردەیە، کەئاڵتونی پێدەناسرێتەوە کاتێك ئاڵتون و تێزابەکە لەسەر بەردەکە بەریەك دەکەون بوونی ئاڵتون و عەیارەکەی دیاری دەکات.

٢١٣- زاخاو.

هەر لەگەڵ پیشەی زەرەنگەریدا ناوی هەموو ئەو بەردە بەنرخانەش چالاکدەبێتەوە، کە لەدروستکردنی خشڵەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە:( نقێم، زرگۆن، پیرۆزە، مرواری، یاقوت، ئەڵماس، زیو... هتد).

**٣/١-٢-١٧) قەسابی:**

پیشەیەکی کۆنە لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیان و دروستبوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان سەریهەڵداوە، بەڵام بەشێوازی جیاو تایبەتمەندی خۆی، قەساب مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی گرنگی تایبەت بەژیانی مرۆڤ دەکات ئەویش (گۆشتە)، گۆشت بەشێکی گەورە لەپێداویستیە خۆراکییەکانی مرۆڤ دابیندەکات و ڕۆژانە مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ ئەم پیشەیەدا چالاکە، بەجۆرێك خودی پیشەکەو بەکارهێنانی دەربڕینەکانی تایبەت بەبوارەکە کاریگەری گەورەی لەسەر چالاکبونەوەی فۆرمە زمانی و نازمانییەکان هەیە، نمونە:

٢١٤- کیلۆیەك گۆشتی ناسکم بۆ بکێشە بۆ برژاندن.

٢١٥-ڕانێکی بێ چەوریم بۆ دانێ.

دەبینین پیشەی قەسابی فۆڕمەکانی (گۆشت، چەوری، گۆشتی بەرخ) ی چالاککردووەتەوە، بێگومان هەریەکێك لەم فۆڕمانە چالاکبونەوەی چەندین فۆڕمی تر بەدوای خۆیدا دێنێت. بۆ نمونە کاتێك باسی (گۆشت) دەکرێت، فۆڕمی زمانی هەموجۆرەکانی ئاژەڵ چالاکدەبێتەوە، نمونە:( گا، مانگا، مەڕ، بزن، بەرخ، گیسك، گوێرەکە ..... هتد ). هەروەها لەنمونەی:

٢١٦-ڕانێکی بێ چەوریم بۆ دابنێ.

وشەی (ڕان) چەند فۆڕمێکی وەکو (ڕانی مەڕ، ڕانی مرۆڤ، ڕانی مرشیك، .... هتد)، چالاکدەکاتەوە، هەروەها لەگەڵ وشەی (ڕان) هەموو بەشەکانی جەستەی ئاژەڵەکە چالاکدەبێتەوە، نمونە:

٢١٧-پشته مەغزە.

٢١٨-گەردەمل.

٢١٩-ماینچە.

٢٢٠-لەبە.

٢٢١-سەروپێ.

٢٢٢-جگەر + دڵ + گورچیلە.

٢٢٣-پەراسوو.

٢٢٤-سپڵ

هەروەها هەندێك ئامێر، كە لەكاتی سەربڕینی ئاژەڵەكە بەكاردێت جارێكی تر چالاكدەبێتەوە وەكو(قولاپ، چەقۆ، كێرد، تور، ( مەسە )[1]، كۆتە، بەڕاد ). هەروەها ئەو فۆڕمە نازمانییانەی لەپیشەی قەسابیدا چالاكدەبێتەوە بریتییە لە:

هەڵواسینی گۆشت هێمایەكی نازمانییە، كەئەم شوێنە قەسابخانەیە، حەیوانێك سەربڕاوە، هەروەها بوونی خوێنێ ئاژەڵ و چەقۆی گەورە بوونی مۆر لەسەر گۆشت ئاماژەیە بۆ گونجاوی و خواردنی گۆشتەكە و دووربوونی لەخراپی و نەخۆشی.

٣/ ١-٢-١٨) فرۆشتنی ئامێرە تەكنەلۆژییەكان:

- سڵاوت لێبێت كاكە.

+ سەرچاو یاخوا بەخێر بێیت.

- موبایلێكی ئایفۆن شەشم دەوێت، بەڵام ئەسڵی ئەورووپی بێت.

---

١- بۆ تیژكردنی چەقۆ بكاردێت .

+ بەسەر چاو چەند گێگا بێت.

- شەست و چوار گێگا بێت.

- کاکە نرخەکەی چەندە؟

+ بە (     ) دۆلارە.

- ئەی بۆ خۆمان بەچەندە.

+ بڕوا بکە کەمی نییە زەرەر دەکەم.

ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا هێناویەتی شۆڕشێکی گەورەیە لەژیانی مرۆڤدا، کەئێستا لەماڵ و قوتابخانەو دامەودەزگاو تەنانەت لەناوگیرفانەکانیشدا جێگەی خۆی گرتووە، بەهاتنی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان کار ئاسانی گەورەیان لەژیانی مرۆڤدا کردووە و ڕێگەی دوورو چەند ڕۆژەیان بۆ نزیك کردوینەتەوە، هەروەها ئەم ئامێرانە جگە لەکارئاسانییەکانی ژیان، چەندین زاراوەیان هێنایە ناو زمانی کوردی و بوون بەبەشێك لەزمانەکەو لەناو کۆمەڵدا ڕۆشتووە، هەرچەندە ئەم زاراوەو وشانە زۆربەیان لەکوردیدا نەتوانراوە وشەو زاراوەی پێویستیان لەبەرامبەر دابنرێت، بەڵام بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ جۆرەکانی بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمە زمانییەکانی چالاککردووەتەوە، هەروەکو لەدەقەکەدا دیارە، کە کڕیارو فرۆشیاری ئامێری مۆبایل گفتۆ دەکەن، لەئەنجامی ئەو بەریەککەوتن و مامەڵەیەدا کەبەدانە زمانییەکانی پەیام دەکرێت، ڕێگە خۆشکەرە بۆ چالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان بۆ نمونە: وەرگر داوای ئامێرێکی تەلەفۆن دەکات، کە ناوی (ئایفۆن شەشە)ە ئەم دەربڕینە دەمانبات بۆ چالاککردنەوەی فۆڕمە هاوشێوەکانی وەك: (ئایفۆن پێنج، ئایپاد، گالاکسی پێنج، ئینتەرنێت، تۆڕی کۆمەڵایەتی، چات، فەیس بووك، ڤایبەر، تانگۆ، فرێند، ئەدد، لایك، کۆمێنت، شێر پەیج، ئەکاونت .... هتد).لەڕاستیدا ئەم زاراوانەلەئێستادا زۆر چالاکن بەشێوەیەك کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەش کردووە، کەجگە لە بواری ئینتەرنێت زۆر جار لەدەربڕینە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا زاراوەکانی بواری ئینتەرتنێت بەکار دەهێنرێت، هەروەها ئەم فۆڕمانە لەلای منداڵانیش بەشێوەیەکی بەرچاو

چالاکبونەتەوە.بەجۆرێك، منداڵانیش بەهۆی ناڕۆشنبیری دایك و باوكان بەزیانی ئامێرەكان، چاولێكەری منداڵان لەناوخۆیانداو نەبوونی چاودێری لەلایەن لایەنی پەیوەندیداری ئەم بوارە، بۆیە منداڵانیش ڕێژەیەكی گەورەی بەكار بەری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانن، گەشتووەتە ئەوەی، كەهەر لەسەرەتای دەوامی قوتابخانە مەرجی سەركەوتنیان كڕینی ئایپاد و مۆبایلە. هەروەها ئامێرەكانی پەیوەندی تاڕادەیەك فۆڕمە نازمانییەكانیشی چالاككردووەتەوە، چونكە زۆرجار لەماڵێكدا چوار بۆ پێنج كەس دانیشتوون بەڵام بەبێ گفتوگۆو قسەكردن، هەر یەكێكیان خەریكی ئامێرەكەی دەستییەتی بەنامەو چاد قسە لەگەڵ دەرەوەی خێزانەكەیدا دەكات، بەڵام ئەوە تەنیا لەشێوەی جوڵە و ئاماژەكانی دەموچاوی تێدەگەین، كەخەریكی قسەكردنە، یان هەندێ جار بەهۆی بینینی نوكتەو بابەتی سەمەرە زەردە خەنەو پێكەنین لەڕووخساریدا بەدیدەكرێت، یان بەهۆی بینینی بابەتێكی ناخۆش یان خەفەتاوی هەندێ دەنگی وەك (ئای، وای، ئۆ، چچ، چچ، ... هتد) دەردەكات.

٣/١-٢-١٩) بەرگدروو: خەیاتی:[١]

پیشەیەكی كۆنە و مێژوویەكی درێژی هەیە، پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانەی خەڵك، وەكو هەموو لایەنەكانی تری ژیان گرێدراوە بەلایەنی ئابوری تاك، چونكە چەندێك باری ئابوری تاك سەقامگیر بێت، ئەوەندەش كاریگەری لەسەر خواستی كڕینی جلوبەرگ دروست دەكات، مامەڵەی ڕۆژانەی خەیات لەگەڵ قوماش و مەكینەو دەرزی و بەكرە (دەزوو)وە، بۆیە لێرەوە كۆمەڵێك فۆڕمی زمانی لەم پیشەیەدا چالاكتردەبێتەوە، كە پەیوەستن پێوەی، بەتایبەت لەكاتی سەردانیكردنی كڕیار و پێوانەكردن و دروونی جلووبەرگ، بۆ نمونە:

٢٢٥-جلە كوردییەكانی جوان درووە.

---

١- هەرچەندە وشەكە كوردی نییە، بەڵام توانیویەتی جێگەی خۆی لەبەكارهێناندا بكاتەوە، بەجۆرێك، كەلەوشەی بەرگدروو چالاكترە و بەكارهێنانی زیاتر ڕۆشتووە.

ئەگەر سەیری ئەم دەربڕینە بکەین دەبینین فۆڕمی (جل، کوردی، درووو) بەکارهاتووە، کە پەیوەندیدارە بەپیشەی خەیاتی و دەمانبات بۆ بەکارهێنانی فۆڕمەکانی تری پەیوەندیدار بۆ نمونە:

٢٢٦- دەرزییەکەی پساند .

٢٢٧-بەکرەکەی پچڕاند.

٢٢٨-باجلەکانم تەسك نەبیٚ.

٢٢٩-بادرێژ نەبێت.

٢٣٠-کەی بۆم تەواو دەکەیت؟

٢٣١-ئاخر زۆر بەپەلەم.

٢٣٢-شایمان بەدەستەوەیە.

٢٣٣-ئاهەنگی دەرچوونم هەیە.

٢٣٤-خراپکردنی جل و بەرگ.

٢٣٥-بەهەڵە دانەوەی جل بەخاوەنەکەی.

٢٣٦-بێبەڵێنی خەیاتەکان.

٢٣٧-گرانبوون.

دەبینین لەهەر یەکێك لەدەربڕاوەکاندا بەفۆڕمێکی زمانی پەیامێك گەیەنراوەتە وەرگر لەو پەیامەشدا بەردەوام چەندین فۆڕم لەچالاکبونەوەدان، ئەگەر بەدوایدا بچین درێژ دەبێتەوە تاکۆتایی هەروەها ئەو هۆکارانەی بۆ درووونی جلوبەرگەکان بەکاردێت لەگەڵ درکاندنی ناوی خەیات چالاکدەبێتەوە نمونە:(مەکینە، بەکرە، دەرزی، مەکۆ، ڕۆن، قاچ، کارەبایی، مەقەست،

مەترە، ئۆڤەر، قۆپچە، ئوتو، نقێم، نەخش، سەتەن، لاستێك، ئۆیە، بزمە، ... هتد)، هەروەها جگە لەفۆڕمی زمانی فۆڕمی نازمانیش لەم پیشەیەدا چالاکدەبێتەوە لەوانەش کاتی گرتنی پێوانە بالا لەلایەن خەیاتەوە شێوازێکە لەجولە جەستەییەکان و هەروەها بینینی چاوەکان لای خەیات زۆر کاریگەرە، چونکە بەتەنیا بەبینینی بالا دەزانێت ئەو پێوانەیە چەندە، کە پێویستە بۆ جلوبەرگەکەی، هەروەها زۆربەی مامەڵەکانی خەیات لەگەڵ شێوەو وێنەکێشانی ئەو مۆدێلەیە، کەخواستی کەسەکانە ئەوەش جۆرێك لەفۆڕمی نازمانییە، کە هەمیشە چالاکدەبێتەوە.

**٢٠-٢-١/٣) بازرگانی:**

پیشەیەکی کۆمەلایەتییە بۆ ڕازیکردنی دڵی کڕیارەکان بازرگان هەموو جۆرە قوماش و مۆدێلێکی جوان دەهێنێتە بازاڕەوە، کڕیاریش بەخواستی خۆی بەپێی باوی ڕۆژ و جۆرو شێوەی قوماشەکە بەپێی وەرزەکان دیاریدەکات، لەئەنجامی کڕین وفرۆشتنی قوماش لەنێوان فرۆشیارو کڕیار گفتوگۆو پەیوەندی دروست دەبێت بێگومان دانە زمانییەکانی ئاخاوتنی نێوانیان دەربارەی لایەنە پەیوەندیارەکانی پیشەی بازرگانییە، لێرەدا ئەنجامی ئاخاوتنەکە ژمارەیەك فۆڕمی زمانی چالاکدەبێتە بۆ نمونە: لەجۆری ناوی قوماشەکاندا (حەریر، کشمیر، ئاوریشم، مەلمەل، سورمە، پوولەکە، قەیفە، برنجۆك، جورجیات، کرێم، سرکەیی، کودەری، فیزۆ، کەتان، لۆکە، خوری، مەتاتی، شیفۆنی هیندی)، هەروەها پەیوەست بەنێوان بازرگانەکان خۆیانەوە بەتایبەت شوێنی هێنانی قوماش و ناوی کۆمپانیاو شوێنەکانی دروستکردنی فۆڕمەکانی (قوماشی سینی، هیندی، تورکی) چالاکدەبێتەوە، هەروەها لەجۆری نرخی قوماشدا فۆڕمەکانی:

٢٣٨- کاری دەستەو جوانە، بەلام گرانە.

٢٣٩- کاوییە بۆ لێدانی نقێم لەقوماش.

٢٤٠- قوماشی شوشە بۆ گەنجان لەدوبەی بەدروستکردنی دەدەین.

٢٤١- قوماشی یاقوت.

٢٤٢- کراسی بەچەندە؟

# ئەنجام

**ئەنجامی نامەکە :**

١. بوونی کۆدی هاوبەش لە نێوان نێرەر و وەرگر، کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر دروستبوونی کردەی گەیاندنی سەرکەوتوو هەیە .
٢. تەمومژی واتایی و خراپی باری دەروونی نێرەر و وەرگر، کەرت کردنی پەیام، بیرکردنەوەی پێشینەی وەرگر بەرامبەر بە نێرەر، گرفتە فیزیکیەکان، خراپی کەناڵەکانی گەیاندن، بنەما کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، نەخۆشیەکانی ئەندامانی ئاخاوتن گرفتی گەورەن لەبەردەم پرۆسەی گەیاندن و تێگەیشتن .
٣. دەوروبەری نازمانی، کە زانیارییە پێشینەییەکان دەگرێتەوە هاوبەشە لە نێوان نێرەر و وەرگر، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە ڕوونکردنەوەی واتای دەربڕاوەکان و چالاککردنەوەی فۆڕمەکانی زمان هەیە.
٤. دەوروبەری زمانی، کە پەیوەستە بەناوەوەی زمان، کە ئاستەکانی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) دەگرێتەوە کاریگەری گەورەیان لەسەر چالاکبونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان هەیە .
٥. زۆرجار دەنگە جیاوازەکانی فۆنێمێك دەکەونە ژێرکاریگەری دەوروبەرەزمانییەکەو چەندین فۆڕمی جیاواز چالاکدەکەنەوە .
٦. مۆرفێمە بەندەکان ، وەك دەوروبەرێکی زمانی کاریگەری پۆزەتیڤیان لەسەرچالاکبونەوی واتای دەربڕاوەکان هەیە ، بە جۆرێك بەهۆی ئەم مۆرفێمانەوە واتای فۆڕمە جیاواز و چالاکەکانی دەربڕاوەکە چالاکدەبنەوە .
٧. هاوەڵناوەکان لە دەوری دەرخەریدا چەندین فۆڕمی زمانی بەپێی گۆڕانی جێکەوتەکانیان چالاك دەکەنەوە.
٨. لەئاستی سینتاکسدا کردارە بنەڕەتییەکان چەندین فۆڕمی زمانی ونازمانی بۆ واتاو گەیاندنی نوێ چالاکدەکەنەوە .
٩. هەریەك لە لایەنە کۆمەڵایەتییەکان (سیاسی، ئاینی، ئابوری، ڕۆشنبیری) کاریگەرییان لەسەر چالاکبونی فۆڕمە زمانیی و نازمانییەکان دروست دەکەن، کەهێزو توانای چالاکبونەوەو ڕێژەی چالاکییان بەهۆی دەوروبەرە جیاوازەکانەوە فراوانتر دەکات.
١٠. کات و شوێن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری گەورەن بۆچالاکبونەوەی فۆڕمەکانی زمان، بەجۆرێك بەپێی تایبەتمەندی کات و شوێن چەندین فۆڕمی جیاواز لەبۆنەی جیاوازدا چالاکدەبێتەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### ١) بەزمانی کوردی

#### أ) کتێب:


١. ئارام عەبدولواحید حەمە ڕەشید (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتی چاپوبلاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢. ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٩)، بنەمازمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لەڕۆژنامە کوردییەکاندا لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣. ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار وفەرمان لەزمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤. ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٢) پرۆسەسایکۆلۆژییەکان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی.

٥. الن پییز، و:دانا نادر محەمەد (٢٠١٣)، زمانی جەستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٦. پۆل هێنلەر، و: ڕەحیم سورخی (٢٠٠٦)، زمان هزر کلتور، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧. جەلال مەحمودعەلی (١٩٨٢)، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٨. چۆلی ئەسعەد جراد (٢٠١٣ )، زمان لەڕاگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کەمال، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، سلێمانی.

٩. ڕێبین ڕەسوڵ، وریا عەزیز (٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆجیا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

١٠. ساجیدە عەبدولا فەرهادی (٢٠١٣)، چەندلێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١. ساجدە عەبدولا فەرهادی (٢٠٠٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٢. سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لەسازکردنی وشەی نوێدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٣. سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

١٤. شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣)، تابۆ وەك نمونەیەكی پەیوەندی نێوان زمانوكلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
١٥. عادل شاسواری (٢٠١٣)، بەكۆمەڵایەتیبوون لەنێوئەركەكانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
١٦. عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لەزمانی كوردیدا، لەبڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.
١٧. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠٠٩)، ڕەهەندی دەرونی لەبواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
١٨. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١ )، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
١٩. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، پراگماتیكی دەق و گوتار، چاپی یەكەم، هەولێر.
٢٠. عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، هێزو ئاوازە لەدیالێكتی كرمانجی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢١. عەبدە الراجعی، و: عەبدوڵا گەرمیانی (٢٠١٣)، زمانو زانستەكانی كۆمەڵگا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٢. غازی فاتح وەیس (١٩٨٤)، فۆنەتیك، چاپخانەی ئەدیب، بەغدا.
٢٣. فاروق عمر سدیق (٢٠١١)، لەدایكبوونی وشە، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٢٤. كلۆدجێرمانو ریمۆن لۆبلان، و: د.یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٦)، واتاسازی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هە ولێر.
٢٥. كۆمەڵێك زمانەوان، و: محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، مۆدێلومۆدێلەكانی ڕێزمان، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی.
٢٦. محەمەد ئەمین حسەین (٢٠٠٤)، زمانی جەستە (پەیوەندییەگۆنەكراوەكان)، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان.
٢٧. محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێكدانەوە، بەرگی یەكەم، زانكۆی سلێمانی، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
٢٨. محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٤)، زمانەوانی، كۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی كوردی، چاپی یەكەم، (دار الحكمة للطباعة والنشر)، هەولێر.
٢٩. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٣٠. محەمـەد مـەعروف فـەتاح (٢٠١١)، زمانـەوانی، چـاپی سـێیەم، چـاپخانەی حـاجی هاشـم، هەولێر.
٣١. محەمـەد مـەعروف فـەتاح، سـەباح ڕەشـید (٢٠٠٦)، چـەندلایەنێکی مۆرفۆلـۆجیی کـوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
٣٢. محەمـەد تـەها حوسـێن (٢٠١٣)، سـایکۆلۆژیەتی پەیوەنـدیکردن، چـاپخانەی ڕۆژهـەڵات، هەولێر.
٣٣. وریـا عومـەر ئـەمین (٢٠٠٤)، ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی، بـەرگی یەکـەم، چـاپی یەکـەم، هەولێر.

ب) گۆڤار:

١.بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمـارە (٤٢)، سلێمانی.
٢. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول (٢٠٠٨)، هەندێك لایەنی زمانەوانی دەرونی، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (١٣٩)، هەولێر.
٣. زەیتۆشێخانی (٢٠٠٢)، لایەنەکۆمەڵایەتییەکانی زمان و چـەند تێبینییـەك لـەبارەی زمـانی کوردییەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧٢)، هەولێر.
٤. سەمیرە ئەحمەد (٢٠٠٨)، گەیاندن و ڕاگەیانـدن لەکۆمـەڵگا هاوچەرخەکاندا، گۆڤـاری بـیری نوێ، ژمارە (٤٣)، ناوەندی ڕۆشنبیری نوێ، هەولێر.
٥. سیروان جەبار زەندی (٢٠٠٣)، پێناسەیەك بۆ زمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٨٠)، هەولێر.
٦. شاخەوان جەلال، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوەو چالاککردنەوەی فۆڕمـە زمانییـەکان لەنێوان پرۆسـەکانی بـەکارهێنانی زمـانی یەکـەمو دووەم، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژمـارە (٤٣)، سلێمانی.
٧. کـاوە عەبدولکـەریم (٢٠٠٧)، زمـانو پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (١١٨)، هەولێر.
٨. وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤)، هێزو ئاوازە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤)، بەغدا.

**پ) نامەی زانکۆیی:**


١. ئاوات ئەحمەد محەمەد ساڵح (٢٠٠٩)، شێوازی گوتنی فەرماندان لەزمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٢. ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردی وفارسی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣. بەهار زایر محەمەد (٢٠٠٩)، زمانو یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤. پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠١٣)، ڕەگەزلەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٥. تالیب حوسێن عەلی (١٩٩٨)، هەندێ لایەن لەپەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦. ڕەحیم قادر سورخی (٢٠٠٥)، ڕۆڵی واتا لەپرۆسێسی پەیوەندییە گشتییەکاندا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧. سازان ڕەزا (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨. سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژیو فرەواتایی لەگێرەك دا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٩. سۆران عەبدولڕەحمان (٢٠١٤)، ڕۆڵی ئاوازە لەگەیاندنی واتادا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٠. شنە ئەبوبەکر ئەحمەد (٢٠٠٨)، زمانی جەستە، نامەی ماجستێر کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١١. شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان (٢٠٠٨)، کارابونی زمان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٢. شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤)، شێوازی قسەکردنی ژن لەزمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٣. عەبدوڵڵا عـەزیز محەمـەد بابـان (١٩٩٠)، گۆڕانی واتـای وشـە لەکوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٤. عەبدولواحید موشیر دزەیی (١٩٩٩)، پێکهاتنی ئاخاوتن لەزاری هەولێردا، نامـەی ماجسـتێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥. قەیس کاکل تۆفیق (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستەو تیـۆری کـردە قسـەییەکان، نامـەی ماجسـتێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٦. نـاز ئـەکرەم سـەعید (٢٠١٣)، کـردە قسـەییەکانو هێورکردنـەوە لەدەربڕینـدا، نامـەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٧. هۆگرمەحمود فەرەج (٢٠٠٠)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتـۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٨. هێـرۆ ئەحمـەد حمـە غریـب (٢٠١٤)، یاسـاو پرەنسـیپەکانی زمـانی نوسـین لەڕاگەیانـدنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٩. هێمن عەبدولحەمید شـەمس (٢٠٠٨)، شـێوازو دەربـڕین لەبۆنـە کۆمەڵایەتییەکانـدا، نامـەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

ج) وانەی خوێندنی باڵا:-

١. فاروق عومەر سدیق، وانەکانی خوێندنی باڵا- ماستەر، ٢٠١٢.

٢) بەزمانی عەرەبی:

١- ابراهيم ابو عرقـوب (١٩٩٣)، الاتصـال الانسـاني و دورة في التعامـل الاجتمـاعي، دار مجـدلاوي للنشر والتوزيع، عمان.

٢- أحمد محمد موسى (٢٠٠٩)، المدخل الى الاتصال الجماهيري، المكتبة العصرية للنشـر والتوزيـع، مصر.

٣- أحمد مختار عمر (١٩٨٢)، علم الدلالة، دار العروبة للنشر والتوزيع، جامعة الكويت، الكويت.

٤- أف. ار.بالمر، ترجمـة: مجيـد عبـدالحليم الماشـطة، (١٩٨٥)، علـم الدلالـة، كليـة الاداب، الجامعـة المستنصرية، بغداد، العراق.

٥- جمال مجاهد، شدوار شبه، طارق الخليفي (٢٠٠٦)، مدخل الى الاتصال الجمـاهيري، دار المعرفـة الجامعية.

٦- جمعة سيد يوسف (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، المجلس الوطني للثقافة والفنـون الادب، الكويت.

٧- جون لاينز (١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، دار الشؤون الثقافية، بغداد، العراق.
٨- سالم شاكر، ترجمة بيجاتن (١٩٩٢)، مدخل الى علم الدلالة، ديوان مطبوعات جامعية، الجزائر.
٩- سعاد جبر سعيد (٢٠٠٨)، سيكولوجية الاتصال الجماهيري، جدارا للكتاب العالمي، عمان، الاردن.
١٠- صالح خليل ابو أصبح (١٩٩٩)، الاتصال الجماهيري، الطبعة الاولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
١١- صالح خليل ابو أصبح (٢٠٠٤)، الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة، دار أرام للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١٢- عبدالله الطويرقي (١٩٩٧)، علم الاتصال المعاصر، الطبعة الثانية، مكتبة العبيكان، الرياض، السعودية.
١٣- عبدالسلام مسدى (١٩٨٦)، اللسانيات من خلال النصوص، الطبعة الثانية، الدار التونسية للنشر، تونس.
١٤- علاء هاشم مناف (٢٠١١)، فلسفة الاعلام والاتصال، الطبعة الاولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
١٥- على زوين (١٩٨٦)، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، الطبعة الاولى، افاق سلسلة كتب شهرية، دار شوؤن.
١٦- فاروق ناجى محمود (٢٠٠٧)، البرنامج التلفزيوني كتابته و مقومات نجاحه، اصدارات مركز البصيرة للبحوث والتطوير الاعلامي، بغداد، العراق.
١٧- فاروق ناجى محمود (٢٠٠٩) استراتيجية الاتصال مع الاخر، الطبعة الاولى، دار النفائس للنشر والتوزيع، الاردن.
١٨- فرديناند دى سوسور، ت: يوئيل يوسف عزيز (١٩٨٨)، علم اللغة العام، مطبعة بيت الموصل، العراق.
١٩- فلاح كاظم المعنة (٢٠٠١)، علم الاتصال بالجماهير، الافكار - النظريات - الانماط، الطبعة الاولى، مؤسسة الوراق، عمان، الاردن.
٢٠- مصطفى عبدالعزيز البنداري (٢٠١٣)، وسائل الاتصال الجماهيري و علاقاتها بالتنمية لدى المرأة والشباب، الطبعة الاولى، المكتبة العصرية للنشر والتوزيع، القاهرة.
٢١- محمد على البدوي (٢٠٠٦)، سوسيو- اعلامية، مطبعة البحيرة، مصر.

٢٢- مجد هاشم الهاشمي (٢٠٠١)، الاتصال التربوي و تكنولوجيا التعليم، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.

٢٣- نايف خرما (١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة كتب ثقافية، يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون الادب، الكويت.

٢٤- نور الهدى لوشن (١٩٩٥)، علم الدلالة دراسة وتطبيقا، الطبعة الاولى، ليبيا.

٢٥- هدسن، ت: محمود عبدالغني عياد (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق.

٣) بەزمانی فارسی:

١. حسن أنوری، یوسف عالی عباد اباد (١٣٨٩) ڕاهنمای دستور زبان فارسی (١ و ٢)، چاپ اول، چاپخانەگلرنگ یکتا، ایران.

٤) بەزمانی ئینگلیزی:

١. AKmajian,A.etall. (١٩٩٧), Linguistics An Introduction to language and communication, ٤th edition, Massachusetts, Institute of technology, London.
٢. Berelson, and Steiner. (١٩٦٤), Human behavior i An In vertory of scientific finding (new York) Harcourt Byace of work.
٣. Littlejohn,Stephan w.(١٩٧٨),Theories of human communication, New York , the Babbs – Merril co.
٤. Leech, G. (١٩٨٣) principles of pragmatics, London: Longman.
٥. Leslie Moeller (١٩٧٩) The big four Mass Media: Actualitties and Expectations, Rochelle park.
٦. Mark Knapp (١٩٧٨), nonverbal communication In Human Interaction (new York) Hol a. Rinehart and Winston.
٧. Ray, Brwhixtell (١٩٧٠), Kinesics and content t. Philadelphia, PA: university of Pennsylvania press.

٥) پێگەی ئەلکترۆنی:

١. http://srokrlibblog stop.com/٢٠٠٨.
٢. http://www.ssto.com/read article aspk.
٣. http://www.fasbook.com/wtarakani. M.fatih sharstene.
٤. http://www.fasbook.com/regaei HAQ.
٥. http://www.youtube.com/wtarakani. abdwl wahed.

# ملخص البحث

# خلاصة البحث

هذه الرِّسالة بعنوان: ((عملية التواصل و تنشيط الأشكال اللغوية و غير اللغوية في اللغة الكوردية))

بحث تحليلي وصفي، لعرض و تحليل عمليات التواصل وتنشيط الأشكال اللغوية وغير اللغوية في اللغة الكوردية، تتكون الرسالة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة بأهم النتائج.

الفصل الأول: بعنوان ((اللغة و المقدمات الأولية لعملية التواصل عرف فيه باللغة و عملية التواصل)) ثم عرض فيه للأسباب المؤدية لتحقيق التواصل، والتي تتمثل في عناصر التواصل بصورة عامة، كما عرض في هذا الفصل أنماط عملية التواصل وأشكالها اللغوية، مع بيان أهداف وأغراض عملية التواصل و وظائفها و الصعوبات و المعوقات المتعلقة بتلك العملية.

الفصل الثاني: بعنوان ((تأثير السياق في تنشيط الأشكال اللغوية و غير اللغوية)) حدد فيه: السياق اللغوي و غير اللغوي لأسباب التنشيط كما عرض فيه لتأثير السياق اللغوي و غير اللغوي على تنشيط أشكال اللغة بصورة عامة.

الفصل الثالث والأخير: بعنوان ((تنشيط الأشكال اللغوية و غيراللغوية في المناسبات الإجتماعية )) عرض فيه كافة الأشكال التي يتم تنشيطها و تفعيلها في المناسبات والتي لها صلة بالمستوى الثقافي و العمر و الجنس و المكانة الإجتماعية و المرسل والمتلقي.

وفي الخاتمة: تم ذكر أهم النتائج التي توصل إليها البحث، كما ذيلت الرسالة بقائمة المصادر و المراجع، و خلاصة الرسالة باللغتين العربية و الإنگليزية.

# Abstract

**Abstract**

This study under the title of (communication process and activate linguistic and non-linguistic in Kurdish forms). It refers to language of sociolinguistics.

The present study consists of three chapters:

Chapter one entails language and primary communication process. It includes some definition of language and the communication process and existing of reasons of communication in generally. It also shows models and figures of communication process that describes the types of interaction such as characteristics and objectives. Obstacle relating to delivery becomes clear.

Chapter two: deals with the impact of context on linguistic and non-linguistic activation and the reasons of linguistic and non-linguistic activation forms. It is clear that linguistic context impactson the activation language forms and non-linguistic forms.

Chapter three which is the last part of the study under the title of the activation linguistic and non- linguistic forms in social contexts. Those forms refers to age, gender and level of education of sender and receiver are activated by the types of events.

Finally, conclusion from the study is drawn and the reader will be given a summary of the most important findings of the study with a list of references which the study is based on them.